# ئەفریقییەك لە كۆڵن

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ئەفریقییەك لە كۆڵن

كۆچیرۆك

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە

**ئەنوەر محەمەد ئەحمەد**

ناوی کتێب: ئەفریقییەك لە كۆڵن - کۆچیرۆك
وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەنوەر محەمەد ئەحمەد
بڵاوکراوەی ئاراس - ژمارە: ٦٦٣
پیت لێدان: ئاکۆ ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر - ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١٢٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# ئەفریقییەك لە كۆڵن

گێرهارد تزوێرێنس

لە (كۆڵن)ەوە بەرەو (هامبۆرگ) بەڕێ كەوتین. مانگی ڕەشەمێ بوو. تەمی ڕووباری (ڕاین) زەوی وماڵەكانی داپۆشیبوو و لە بەرگی سپی ئاڵابوون. درەختەكانیش بەرگێكی ئەفسووناوییان گرتبووە خۆ. ئەو ساتەی بەسەر پردی (ڕاین)دا دەڕۆیشتین، كەشتییە خۆڵەمێشییەكانی ژێرمانەوە، خۆیان دەكشاند و تێ دەپەڕین. لەسەر (ئۆتۆبان – هایوای!) تەمەكە وەها چڕبوو كە بەدژواری دەمانتوانی، نیشانەكانی هاتوچۆ ببینین. خێراییم هێنایە خوارەوە و بەئاگاییەوە دەڕۆیشتین. سێ چوار تارماییمان بەدی كرد. یەكێك لە تارماییەكانی كە لە تەمەكەدا وەستابوو و بزەیش بەسەر لێوەكانییەوە بوو، ڕەشێك بوو. ئەو ساتەی وەستام و ڕەشەكە لە سەركەوتندا بوو، بیرم كردەوە: «ئەمەیش ناحەقییە. هاونیشتمانییەكانت واز لێ دێنیت و لێ دەگەڕێیت ڕەشێك سەركەوێت. ئەویش لەبەرئەوەی كە تەنیا ڕەشە..»

ژنەكەم وتی:

– لەتەك خۆماندا دەیبەین.. لەم تەمەدا ڕەق دەبێتەوە.

دەی وا ڕەشێكمان بۆ پەیدا بوو. سەرەتا گرژ و سەرمابردەڵە دەبینرا. بێ دەنگ و جووڵە دانیشتبوو، وتەی لە دەم نەدەهاتە دەرەوە. كە لە (لێڤەركوزن)ەوە بەرەو (هانۆڤەر) لامان دا، ڕۆژ وەدەر كەوت و میوانە هاوسەفەرەكەیشمان كرایەوە! باسی هەندێك شتی لاوەكیمان دەكرد كە لەپڕێكدا وتی:

– ئەگەر دوو پیاو دۆست و هاوەڵی چاكی یەكتر بن، یەكێكیان لەگەڵ

ژنەکەی ئەوی تردا ڕێك کەوێت و بڕوات، نابێت هەردووکیان ئەمەیان لا زۆر دژوار بێت..

ئەمەمان بەقسەیەکی نەستەقی ئەفریقی هاتە بەر هەست. جا چونکە قسەکەمان بەلاوە خۆش بوو و گرنگیمان پێ دا، بۆیە هاوسەفەرەکەم کەوتە گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە:

– ئاشکرایە کە لەو بووکەشووشانەی ناو کۆگاکان بەئاگان. بچووك، گەورە، قەڵەو، لەڕ، هەرزان و گران. هەندێکیشیان ڕووت و تەنیا پارچەیەکیان پێوەیە. ئەوانی دیش هەر تەواو ئەورووپی، پۆشتە و نوێژەن. ئەوەی ڕاستی بێت لە سەرەتای سالآنی ئێرەمدا، تەنیاییەکەم هێندە زۆر بوو کە نەمدەزانی چی بکەم. لە خەمباریدا دەکەوتمە پیاسەی درێژ. کە زۆر جاران بەنێزیکبوونەوەم لە بووکەشووشە ڕەشەکانی نێو کۆگاکان، کۆتایی پێ دەهات. لەوێدا دەوەستام هەتا مشتەرییەك بووکەشووشەیەکی دەکڕی. ئیدی هەتا بەر جێی ژمێریار و پارەدانەکە وەدوای دەکەوتم. کە ساختمانەکەیشی بەجێ دەهێشت، هەر تۆزێك دوای دەکەوتم. ئەوەش بۆ من هەستێکی ئارامبەخش بوو، چونکە بیرم دەکردەوە کە ئەو پیاو یاخود ژنە، دەچێتەوە ماڵەوە و بووکەشووشەیەکی ڕەش بەمنداڵەکەی دەدات. ڕۆژێك بووکەشووشەکان نەمان. سەرەتا بیرم کردەوە کە دەبێت کۆیان کردبنەوە. بەڵام وەها بۆچوونێکم بۆ قبووڵ نەدەکرا. بیرم کردەوە کە دەبێت فرۆشیارەکە ئاگەدار بکەمەوە. لەو کاتەدا ئافرەتێکی قژ زەرد کە کیژۆڵەیەکی، تا ڕادەیەك پێنج سالآنی بەدەستەوە بوو، هات و داوای بووکەشووشەیەکی ڕەشی کرد. فرۆشیارە ئافرەتەکە بەناو ڕەفەکاندا گەڕا و پەیدای نەکرد. چەند جاریش تەلەفۆنی کرد. پاشان بەشڵەژاوییەوە دەستی بەقژە بژەکەیدا هێنا و بەمانای بێ توانایییەوە هەردوو شانەکانی هەڵتەکاند، وای دەردەخست کە هەموویان فرۆشرا بن. نەشدەکرا داوا بکرێت. فرۆشیارەکە لەتەك ژنەکەدا دەدوا، ژنەکەش بۆ منداڵەکەی شی

دەکردەوە کە بووکەشووشەی ڕەش نییە. بەزەییم بەکیژەکەدا دەهاتەوە، چونکە بەحەسرەتەوە لە ڕەفەکانی هەڵدەڕوانی. مرۆڤ دەیتوانی زۆرتریش بگەڕێت، بەڵام تەنیا بووکەشووشەی سپی لێ بوو. لە ناکاو سەرنجی کیژۆڵەکە کەوتە سەر ڕوخساری من. ئەو پێکەنی و منیش بۆی پێکەنیم. ژنەکە و فرۆشیارەکەش بەسەرسوڕمانەوە سەیریان کردم. منیش کەمێك خۆم چەماندەوە. کیژۆڵەکە ئەنگوستی بەرەو من درێژ کرد، خەڵکیش گوێیان لێ بوو کە چۆن بەرز وتی:

– تکایە ئەوەم بۆ بکڕە..!

ئیدی لەو ڕۆژەوە ئەو کۆگا و بووکەشووشانەشم تەرك کرد. ڕۆژێکیان لەو نێزیکانەوە، کەوچك و چەقۆ و چنگاڵی نایلۆنم دەکڕی، کە سەرنج دەدەم وا هەمەدیسان کەلوپەلیان بۆ هاتووەتەوە و ڕەفەکە پڕ لە بووکەشووشەی بریقەدار بوو. بیرم کردەوە کە دەبێت ئێستاکە منداڵەکە، بووکەشووشەی ڕەشی وەرگرتبێت؟ وام بەباش زانی کە دەست لە خوێندن هەڵبگرم بگەڕێمەوە بۆ وڵات. چونکە هەستم دەکرد تەواو ڕۆچوومەتە خوارەوە. واتە (داون)، وەك چۆن بەئینگلیزی وەها دەوترێت. بەتاسەوە بیرم لێ دەکردەوە کە لە کن ئێمە، هیچ وەك ئەم هەندەرانە تاریك نییە. بەتاسە و حەسرەتی ژن و منداڵەکانەوە کەلوپەلم پێچایەوە. پاش ئەوەی کە ماوەیەکی تەواو لێکم دایەوە نەگەیشتمە ئاکامێك. ئاشکرایە کە (میلۆدیا) خۆشحاڵ دەبوو ئەگەر لە بەردەمیدا قووت بووبوومایەتەوە. بۆ ژنێك هێندە ئاسان نییە، دەمێکی درێژ بەتەنیا بێت لەسەرێکی دیشەوە ئەگەر بەبێ تەواوکردنی خوێندنێك و بێ بڕوانامە بگەڕێمەوە، باش ناچمە بەر سەرنج. هاوسەرەکەم و هاوەڵەکانیشم بێ ڕێز لێم دەڕوانن. بۆیە گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە مێشکی پڕ و ئاڵۆزەوە بچمە نێو شار. چونکە لە دۆزینەوەی دەرئەنجامێك ماندوو بووم. جا بۆ ئەوەی کە گۆڕانێك لە خۆمدا بکەم، چوومە سینەما. لە پشووەکەدا ڕووناك بووەوە و کەسێك

چلورەی جۆراوجۆری دەفرۆشت. بەدژواری توانیم باوەڕ بکەم، ژنەکەی ئەوجاری کۆگاکەم لە تەنیشت خۆمەوە دی. کە ئەویش منی ناسییەوە پێکەنی. منیش وتم:

– ئەگەر کیژەکەت بووکەشووشەی ڕەشی دەوێت، بۆیان هاتووە و هەیە..

– هیوادارم کە نیگەران نەبووبیت. چونکە منداڵ چی بزانن، ئازادانە دەری دەبڕن. ئەوجا ئەو کیژۆڵەیەش کچم نییە و خوشکەزامە..

– نیگەران نەبووم. تەنانەت ئەوە بۆ من، پێدا هەڵدان بوو.. وا نییە..؟! مرۆڤ بەشتی تر نیگەران دەبێت. هەندێك پێمان دەڵێن؛ مەیموونی ڕەش. یانیش دەپرسن؛ بۆچی لە دارستانە دێرینەکاندا نەماوینەتەوە..؟

– لێرەش.. لە ئەڵمانیا..؟

– بەڵێ لێرەش.. لە کۆڵن. بێ مێشکی نێونەتەوەییە..

کە یەکترناسین تەواو بوو بەئاگاییەوە چوومە لایەوە. پاشان بەبەر ڕووناکیدا کەوتینە پیاسە. ئینجا کە بەشەقامێکی تاریکدا دەڕۆیشتین، ئەو لە بەرانبەرمەوە دەڕۆیشت. بۆیە هەستم پێ کرد کە نایەوێت لە تەك مندا ببینرێت. لێ دەستیشی پێوە نەدەنام. بۆیە دڵخۆش بووم و لەسەرخۆ دەستم بۆ دەستی برد. ئەویش دەستمی گرت. بەڵام کە تەکم پێوە دا کەمێك سڵەمییەوە. وتم:

– جار جارە لە (تراموای)دا خەڵك هەن، پێیان خۆشترە بەپێوە بن وەك لە تەنیشت ڕەشێکەوە دابنیشن. تەنانەت هەندێکیش هەڵدەستن، ئەگەر ڕەشێکی وەك من بیەوێت لە تەنیشتییەوە دابنیشێت...

– من هیچ دژایەتییەکم لە تەك ڕەشدا نییە..

– منیش هیچ دژی سپی نیم. جا بۆ چ دژ بم..؟ پێم خۆشە لێرە بمێنمەوە و لەگەڵ ئافرەتێکی سپیدا زەماوەند بکەم.

پێکەنی. بەمیهرەبانییەوە دەستمی گوشی و وتی:

– ئیدی دەڵێین شەوباش و من بەتەنیا دەڕۆم.

هیچم بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێت، بەتەنیای جێ بێڵم. ئەگەرچی لە داخاندا خەریکبوو دەتەرەکام. ماوەیەك چاوەڕێم کرد، پاشان بەتاریکایی خانووەکاندا دوای کەوتم، هەتا خۆی بەدەرگای خانووەکدا کرد. کەواتە هیچ نەبێت، ئێستاکە دەزانم لە کوێ دەژی. هەر ئەو شەوەش بڕیارم دا کە نەگەڕێمەوە. بێ شك لەو شەش ساڵەی کە من و میلۆدیا، دوور لەیەك دەژیاین و من لە ئەورووپا بەسەرم دەبرد. هیچ شتێکیش لە کن خۆمان نەگۆڕدراوە. نە گۆڕانێك لە میلۆدیادا بووە و نە لەو گوندەشی کە لێی دەژی. ئەو ئافرەت و دایکێکی چاك و ڕێکوپێك بوو. بەڵام چۆن دەمانتوانی لە پاڵ یەکتریدا بژین کە ئیدی لە من نەدەگەیشت و نەیدەکاری لەگەڵمدا هەڵ بکات؟ دوو ساڵ لەمەوبەر و کە بۆ کۆتایی جار لە ماڵ بووم، کە پێم وت؛ با بگوێزینەوە و لە شارێکی تردا بژین. ترسی لێ نیشت و وتی؛ ئەو دەبێت لەو جێگەیە بمێنێتەوە کە هەموو خزمەکانی لەوێن و منداڵەکانیشی تێیدا لە دایکبوون. بۆیە بۆ من باشتر بوو، لێرە و لە ئەڵمانیادا بمێنمەوە. دڵ بە(ئیلیزابس)دا چووبوو. سەرەتا زۆر جاران دەچوومە کن ماڵەکایەنەوە. بارێکی بچکۆلە لە بەرانبەر ماڵەکەیاندا بوو. لەسەر مێزی بەر پەنجەرەکە دادەنیشتم و دەمڕوانییە دەرەوە. بەو جۆرە دەمتوانی چاودێری خانووەکە بکەم. ئەو کاتانەی کە دەچووە شت کڕین و یان پیاسە، بیبینم. جا بۆ ئەوەی کە بەسەر خۆمدا زاڵ بم، خۆم بەسەر پەڕتووکێکدا دەچەماندەوە و دەمخوێندەوە. بەڵام تاسەیشم بۆ ئارام نەدەکرایەوە و بەپێویستم دەزانی (ئیلیزابێس) ببینم. ئەگینا بەهیچ جۆرێك نەمدەتوانی حەواسم بۆ کارەکەم، کۆوە بێت. خراپم لێ بەسەر هاتبوو. لە وڵاتی ئێمە خەڵکی بەکەسی شەیدا دەڵێن: ″ئەگەر هەموو دڵت بەئافرەتێك دا دەتکوژێت″ ئایە دەبوو هەموو دڵم بەئێلیزابێس بدایە؟! هەر لەوێدا و لەو دوورەوە دادەنیشتم

و سەرنجم دەدا. زۆر جار بەتەنیا دەهات. جار جارەش کیژۆڵەیەکی لەگەڵدا بوو. ئەگەرچی ئەنگوستیلەی لە پەنجەدا بوو، بەڵام هەرگیز لەتەك پیاوێکدا نەم دەدی. بیرم لێ دەکردەوە و پێشبینیم دەکرد کە هاوسەرییەکەی تەواو نەبێت. وەلێ هیچ نیگەرانییەکیشم لەو بارەوە نەبوو. بێ سەرئەنجامیش ئافرەتێکم خۆش نەدەویست، ئەنگوستیلەی لە پەنجەدا بێت و مێردیشی نەبێت.. ڕێك کەوتن لە تەکیدا هەر وا ئاسان نەبوو. کە بەرەو ڕووی دەبوومەوە، بە میهرەبانییەوە سوپاسی سڵاوەکەمی دەکرد. بەڵام بەخۆمدا ڕانەدەپەڕموو بیدوێنم. بیریشم دەکردەوە کە لەوە دەچێت، لە دراوسێکانی بسڵەمێتەوە. هەوڵم دەدا کە ئێواران بیبینم، بەڵام ئەو لە ماڵ دەرنەدەچوو. بۆیە مات و خەمبار لە بارە بچکۆلانەکەدا دادەنیشتم. ئەو بارەی کە بەڕووخۆشی و بەڵام سەرسووڕمانەوە، بەخێرهاتنیان لێ دەکردم. ئێوارەیەکیان دەوری کاتژمێری چارەك بۆ دە بوو. سەرنجم دا نامەیەك دەخاتە سندووقی پۆستەکەی مەیدانی (باربارۆزە)وە. ئەو سندووقەی کە بۆ کۆتایی جار بەتاڵ دەکرێت. کە لە پاڵیدا قووت بوومەوە، غیرەتم دایە بەر خۆم و سڵاوم لێ کرد. بەڵام کە خۆی کەمێك لادا و نەناسیش پیشان دا، بیرم کردەوە دەبێت شتێکی دژی ڕەش هەبێت. سەری داخست، گەش پێکەنی و وتی:

– (جۆمبە)، تۆ تووڕە دیاریت...

– نێوم (جۆمبە) نییە و پێم باشترە کە نێوم (لۆمۆبا) بێت. بەڵام نە نێوم جۆمبەیە و نە لۆمۆبایش. ئێمەی ڕەشیش وەك ئێوە ناوی زۆرمان هەیە..

– تووڕەیت. لێت دەترسێم... لێوەکانت هێندە سپین، وەك ددانەکانت وان..

– نێوم (یۆسێڤ)ە. یۆسێڤ تۆگومبۆتا. بسمیل کراوم و کاتۆلیکێکی مەسیحی بووم. بەڵام ئێستا نیم و ناشچمە هیچ کەنیسەیەك. بەڵام ئەگەر تۆ بخوازیت، لە تەکتدا دێمە کەنیسە و دەتوانین زەماوەند بکەین. نهاکە

خوێندکارێکی بێ دەرەتانم. بەڵام بەو نێزیکانە تاقیکردنەوەکانم تەواو دەکەم و ئیدی وەك خەڵکانی دی، مرۆڤێکی ئاساییم.

لە پاڵ یەکدا دەڕۆیشتین. خۆ ئەگەر لە پاڵ ئەو ئافرەتە سپی پێستەدا، هەستم بەخۆشەویستی نەکردبایە. ئەوە دەبا لە شەرمەزاریدا هەڵبهاتمایە. ئەمجارە گوێی بەهەڵوێستی دراوسێکان نەدا، کە دەبێت چی لە بارەی ئەوەوە بیر بکەنەوە. منیش هەتا بەر دەرگای ماڵەکە بەرێم کرد. کە گەیشتین وتی:

– یۆسێڤ، بەو جۆرە کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە، نابێت و ناگونجێت. من مێردم هەیە..

– بەڵام خۆ پیاوەکەت لێرە نییە..؟

– وا نییە. ئەو لە دوورە. بەڵام من دەچمە لای..

– ئەی کەنگێ دەتەوێت سەفەر بکەیت..؟

– دووشەممە.

ئەو ڕۆژە پێنجشەممە بوو. ئەم هەواڵە بۆ من زۆر ناخۆش بوو. دوو ڕۆژی داهاتوو لە جێگەکەم هەڵنەسام و هەتا ئێوارە مامەوە. تەنیا دەچووم شتێکم بۆ خواردن دەهێنا و ئیتر پاڵ دەکەوتمەوە.. بەڵام چاوەکانم نەدەنووقاند. پاش نیوەڕۆی یەکشەممە چوومە بارەکە. بیرەیەکم داوا کرد و لە پەنجەرەکەوە کەوتمە سەرنجدانی خانووەکەی بەرامبەر. دەمویست بەر لەوەی سەفەر بکات، جارێکی دی بیبینم و لەگەڵیدا بدوێم. کە ڕوانیم، وا ئیلیزابێس لە ماڵەکە هاتە دەرەوە. نیوەی بیرەکەی ناو لێوانەکەم خواردەوە و دەرپەڕیمە سەر شەقام.. لە دەنگە ئازایانەکەی سڵەمیمەوە کە وتی:

– یۆسێڤ..!

– چییە..!

ئینجا وتی:

– یۆسێڤی ڕەشم، ئەم ئێوارەیە دێیتە کن من..! دەمژمێری هەشت. نهۆمی سێیەم بەلای دەستە چەپدا. دوو جار لە زەنگەکە بدە..

ئیدی یەك ساڵ وەك ژن و مێرد پێکەوە ژیاین. بێ گلەیی لە حاڵی خۆم زستانم بەسەر برد. پێم وایە ئەگەر مرۆڤ بەختی خۆی دۆزییەوە، هەڵدەکشێت و گەورەتر دەبێت، ئیتر با تەمەنیش بەسەر چووبێت. لەو ساڵەدا چوار سانتیمەتر هەڵکشام. لەو سەردەمەشدا کە بوومە سی و هەشت ساڵان، کەم بیرم لە وڵات دەکردەوە. بەختیش هیچی لە نەگبەتی کەمتر نییە و نێونەتەوەیییە. خۆ ئەگەر نەگبەتی پێست ڕەشبوونم نەبایە، ئەوا بەختم زۆرتر دەبوو کە لە ساڵیش زیاتر لە پاڵ ژنێکی سپی پێستدا بژیم... بەڵام نەء.. بەو جۆرەی کە وتم هەڵەیە. من خۆشحاڵ بووم، چونکە (ئێلیزابێس)م خۆش دەویست و دەمتوانی لەگەڵیدا بژیم. خۆشم دەویست. بەڵام نەك هەر لەبەرئەوەی کە ئەو سپی پێست بوو. دەزانن لە کن مە، ئاسمانی پاش باران چۆنە؟ کە ڕۆژ لە نێوان هەورەکانەوە خۆ دەردەخات و دەردەکەوێتەوە، دنیا دەبێتە دەشتە خەرمانێکی ئاڵتوونی. هەموو شت دەبێتە ئاڵتوونی. تەنانەت، ڕوخسارەکان، درەختەکان، مەزرا و ڕێگەکان، سنگی کچ و ژنەکان و تەنانەت دەنگی باڵندەکانیش. ئەگەریش خەفەت لە شتێك بخۆیت، ئەو کاتەی خۆر دەردەکەوێتەوە، ئاڵۆزییەکان لە بیر دەکرێن و وەك سەرخۆشێکت لێ دێت. منیش ئاوەها بووم. وەك سەرخۆشێك یاخود مرۆڤێکی لە ئاسمان گەڕۆکدا، جار جارە بەرەو دۆڵابی جلەکان دەڕۆیشتم و وێنەی ئەو پیاوەم دەردەهانی کە مێردیەتی. نەمدەتوانی بڕیار بدەم، ئەرێ ئەو شۆخ و بۆشناخە؟ ئەگەرچی ئەمەش زۆر ئاسان نییە، بەڵام دەتوانم هەمان بڕیار باشتر لە هەمبەر ئافرەتەکە بدەم. لە کن مە مرۆڤ گەرەکییە، ژنی تەنیا بۆ هەڵگوشین و دادۆشێن هەبێت. (ئێلیزابێس) لە لای ئێمە و لە گوند بەنیو برسی ناوزەد دەکرا.

بەڵام منیش لە هەمبەر ئافرەتدا هەمان حەز و زەوقی ئەورووپیم هەیە. تەنیا ناتوانم پیاوان بەشۆخ و بۆشناخ، یان ناشیرین بقەبڵێنم. ئەگەرچی مێردەکەی لە پیاوێکی خۆش قیافە دەچوو، بەڵام بەدڵمدا نەدەچوو. لووتی زۆر بچووك و چاوەکانی زەق. قژی کەم و زەرد. هەروەك زۆربەی ئەندازیارەکانی مرۆڤ لەسەر کارەکان دەیانبینێت. بە(ئێلیزابێس)م وت:

"سەرم سوور دەمێنێت.. چۆن لە تەکیدا هەڵدەکەیت..؟" ئینجا وتیشم: "لە سەرەتاوە چەندە دەترسایت. لە ترساندا نەتدەویست بۆ بینینی ئاشناکەت، تەنانەت هەتا پێچی جادەکەیش لەگەڵمدا بێیت. ئەی ئێستە؟! نها کە وا لای تۆ دەژیم. دراوسێکانیش پێ دەزانن و پێشی ڕاهاتوون. خۆشیان دەوێم. وایش دەزانم کە داخ لە مێردەکەت ناخۆن و لە خەمیدا نین... بەهەرحاڵ، ئەگەرچی دەمێکی درێژ نییە کە دەیانناسم، بەڵام وا هەست دەکەم کە لەگەڵمدا میهرەبانن. جا بۆچی میهرەبان نەبن؟! دەزانم کە ئەوانیش وەك من بیر دەکەنەوە و دەشڵێن: دەبێت چی ڕوو بدات ئەگەر ئەو پیاوە بگەڕێتەوە..؟! منیش هەر وەسا بیر دەکەمەوە و ترسم لێت هەیە.." تەنیا بەبێباکی و گاڵتەجاڕییەوە لچێکی هەڵقورچاند. ئەو هیچی لە من نەدەشاردەوە. تەنیا حەزی نەدەکرد لە هەمبەر پیاوەکەیەوە بدوێت. نامەکانی مێردەکەشی کە بۆ دەهات، لە بەرچاوی من تووڕی دەدانەوە لاوە. ئەو وتی: "من دەزانم کە چیم دەوێت.." ئەوجا پەندێکی هێنایەوە کە فێری بووبوو. "ئەوەی نەتوانێت شڵەژان تەحەممول بکات، ژن ناگرێتە خۆی و بەڵکو تەنیا دۆستێکە..!" پێکەنیم و وتم: "من دەتوانم تەحەمولی شڵەژان بکەم. جا نازانم بۆ مێردەکەت. ئەگەر بۆی ئاشکرا ببێت کە چی ڕووی داوە..؟!" ئەویش تەنیا بزەیەکی کرد. ڕۆژێك پێڵاوەکانم هەڵگرت چوومە لای کاکی (فیلێکس)ی پینەچی، کە لە سووچەکەدا بوو. کابرایەکی پشت کۆماوەی چەنەبازی زمان نەسرەوتە. ناوم لێ ناوە پزیشکی پێڵاو، کە خۆیشی ئەمەی بەدڵە. پێکەوە کەوتینە چەلەحانێ کە کوڕی خاوەن

ژوورەکەم پەیدا بوو. ئەو ئاگەداری کردم کە پێویستە بگەڕێمەوە ماڵێ. چونکە کەسێك لەوێکاندا چاوەڕێم دەکات. زەلامەکە لە ژوورەکەدا و لەسەر قەنەفە بێ هێزە کۆنەکەم دانیشتبوو. من مرۆڤێکی سادەم و کۆڵیتەکەم ڕێك نییە و نەڕازێنراوەتەوە. پێخەفێك. مێزێك. کورسییەك. کە پێیان ڕازیم. ئەو لەسەر قەنەفەکە دانیشتبوو، دەستەکانی لەسەر ئەژنۆی دانابوو و تێی دەڕوانیم. نەمدەزانی چی بکەم. تەنانەت بەمیهرەبان دەهاتە پێش چاوانم. ئەو جۆرێکی تر بوو. وەك لە وێنەکەی ئێلیزابێس، لە چاوی دۆلابەکەدا هەڵی گرتبوو. پیاوێکی گەورە و تۆکمە. هەر دەتوت لە ژێر خۆری ولاتەکەمدا قاوەیی بووە. کە سەرنجیم دا، هەستم کرد ڕێك کەوتن لە تەکیدا دژوارە. هەستا و لە گیرفانی چاکەتەکەی وێنەیەکی دەرهانی. بەپەنجە ئاماژەی بۆ کرد و پرسی:

– ئا ئامە، تۆ بوویت..؟!

ئەو بەمەبەستی لە (یۆهانێس)ی کوڕمان بوو. تەمەنی سێ مانگان بوو. من باوکی بووم و ئینکاریشی لێ نەدەکرا. هەر زۆرم خۆش دەویێت. لە وەتەی لە دایك بووە، بۆم ئاشکرا بووە کە دووڕەگ (تێکەڵ!)، زۆر جوانترە لە سپی یانیش ڕەش بەتەنیا. لە ساتی سەرنجدانی وێنەکەدا، هیچ وشەیەکم بۆ نەدەهات. کە پرسیارەکەی دووپاتە کردەوە، ئەوجا وتم:

– بەڵێ. ئەی تۆ کێیت..؟!

بەپەستییەوە بۆلاندی:

– سەگبەراز.. نەفرەتی.. دەبێت هەموو ئێسقانەکانت لەو لەشە ڕەشەتدا بشکێنم...

بۆ ئەوە هاتبوو کە وەها بکات، بەلام شتێکی تری بەمێشکدا هات:

– ئەی ئێستەکە پێوەندیتان چۆنە..؟

– وازمان لەیەك هێناوە. دوو هەفتە لەمەوبەر ئێلیزابێس کردمیە

دەرەوە، چونکە لە لایەن تۆوە نامەیەکی بۆ هات. بۆیە دەبوایە بەتەواوەتی بگوێزمەوە...

بەنیگەرانییەوە پێکەنی و وتی:

– ئەها.. کە پیاوەکەی نێزیك بووەوە، ئیتر کۆتایی بەهاوڕێیەتی ڕەش و سپی هات..

چاوێکی گێڕا و پرسی:

– شتێك بۆ خواردنەوە نییە..؟

هەندێك وێسکی لە ژێر پێخەفەکەمدا بوو کە بۆ مێوانم دانابوو. لێوانێکم هانی و هەندێکم پێ دا. بەڵام خۆم نەموێرا بخۆمەوە. لێوانەکەی هەڵدا و ئامادەی تێکردنی کردەوە. پێ دەچوو کە ئەویش حاڵی هێندە باش نەبێت. دووەم لێوانیشی خواردەوە. هێشتا لە لای مێزەکەوە دانیشتبووین کە وتی:

– حەیف و خەسارە کە دەبێت لە یەکتر بدەین! ئەگەرچی لە ڕاستیشدا (ئێلیزابێس) تاوانبارە کە نەیتوانیوە، بەتەنیا هەڵبکات. بەو جۆرەی لە ولاتی ئێوە دەڵێن: ژن هەیە وەك شانەی هەنگوینە کە تاوێك لەو دار و تاوێکیش لە دارێکی دییە. هیچ چارێکم نەما و پێکەنیم. بەمۆنییەوە سەیری کردم و کەوتە هەڕەشە:

– پێمەکەنە.. پێمەکەنە. ئەگینا ئەو ددانە سپییە جوانانەت دەشکێنم..

بەجەناب دەیدواندم و لێیشم تووڕە دەبوو. منیش وەك هەر ڕەشێکی تر، چۆن لە خۆ خیشکردن زیاتر هیچی دی بۆ نامێنێتەوە، خیشم کرد. بەلایشمەوە سەرسووڕمان بوو کە ئەم پیاوە، پەندی ولاتەکەم دەڵێتەوە. تەنانەت (ئێلیزابێس)یش منی بەگێڕانەوەی پەند و ئامۆژگارییەکانی ولاتەکەم خۆشحاڵ دەکرد. کەچی وا ئێستە مێردەکەی خەریکە. کاکی ئەندازیار کەوتە جنێوپێدان (شایەد پاشان لێ دانیشم) و وتی:

– ئەم ئافرەتە هێشتا شانازی بەو شەرمەزارییەوە دەکات. نهاکە چی

بکەم؟ خەڵکی گاڵتەم پێ دەکەن و پێم پێدەکەنن... چونکە ڕەشێك لە خێزانەکەم دایە. کە بۆ ئەمەش دەبێت سوپاسی جەنابت بکەم..!

منیش بۆیم ڕاست کردەوە:

– یان نیو ڕەش و یانیش نیو سپی...

– پێنج ساڵە زەماوەندمان کردووە و لە من منداڵی نییە. کەچی هۆ لەو لایەوە ئەفریقییەك پەیدا بوو...

– من لەو لایەوە پەیدا نەبووم.. پاشانیش (ئێلیزابێس)خۆی دەیخواست کە منداڵێکی هەبێت. تەنانەت لە سەرەتادا من دژ بووم... چونکە چوار منداڵم لە وڵات هەیە...

بەرز هاواری کرد:

– ئێستەکە کوڕێکیشت لە (کۆڵن) هەیە. لە ڕاستیدا خێزانێکی نێونەتەوەیی...

– لەو باوەڕەی دام کە ئەو ماوەیەی کە جەنابیشت لە ئەفریقا بوویت، ئافرەتت ناسیبێت. پێم وایە ئافرەتی ڕەشیش...

– ئێی.. ئینجا..؟

– تەنیا ویستم بزانم. لە (ئێلیزابێس) دەدەی، چەندە هەوڵی دەدا بۆ لای جەنابتان بێت. پێتان وایە ئەوە خۆشە: ژنێك مێردی کردبێت و مێرد نەبوویش بێت. ژن لێرە و پیاویش لە ئەفریقا.. ئەمە هاوسەرییە..؟! با وای دابنێین پارەیەکی زۆرت پەیدا کردووە. دەوڵەمەندیت و خانووەکیشت کرد. بەڵام لە یادت چووە کە (ئیلیزابێس) ژنیکی زیندووە...

– ئەرێ هەر وایە. سەلماندی کە زۆر زیندووە! تەنانەت بەپێی حەز و ئارەزووی من هەر زۆر زیندووە..

– ئەگەریش ئەو کوڕەتان ناوێت، ئەوها لەگەڵ خۆمدا دەیبەم بۆ ئەفریقا..

بەنیگەرانییەوە سەری لەقاند:

– ئێلیزابێس منداڵەکە نادات. دەشبێت تەلاقی بدەم... بەڵام ناشمەوێت لێی جویێ ببمەوە. تەنانەت بیریشی لێ ناکەمەوە. بەلامەوە شتێکی کتوپڕی و چاوەڕواننەکراو بوو، دوای ساڵ و نیوێك کە دێمەوە ماڵەوە، ژنەکەم بەرەو ژووری نووستن دەمبات و دەڵێت: "کە تۆ لە ئەفریقا بوویت، منیش لێرەکانە مەلۆتکەیەکی ڕەشی جوانم بوو.." ئایا ئەمە پێشوازیکردنە؟!

– بەڵام (ئێلیزابێس) حەزی لە ڕاستییە..

هاواری لە وێسکی کرد. منیش خێرا پاشماوە و دوا چۆڕم بۆ تێ کرد. ئینجا بەپەلە و لە دووکانەکەی تەنیشتمەوە، شووشەیەکی ترم هانی. جا چونکە هەر لە سەرەتاوە، ئەم مێردەی (ئێلیزابێس)م کەوتبووە بەر دڵان و بەمیهرەبانم دەزانی، پەرداخێکی ترم هێنا و پێکەوە کەوتینە خواردنەوە. هەتا ئاو زایە چاوەکانمان خواردمانەوە. وتم:

– خۆ دەزانیت کە من ڕەشێکم. هەر ئەمەش خۆی لە وڵاتەکەتاندا گیروگرفتێکە. سەرزارەکیش خەڵك ڕقی لێمان نییە، یاخود پیشانی نادەن دواشمان ناکەون. کە ئەگەر لە وڵاتە خوارووەکاندا بوایە، لەمێژ بوو کە بەدار تەلدا هەڵواسرا بووم و ئێستەکە کەسێکی مردوو بووم...

لە دەرگا درا. ئێلیزابێس هاتە ژوورەوە و منداڵیش بەباوەشەوە. من هێندە سەرخۆش بووم کە بەبینینی کوڕەکەم، فرمێسك لە چاوەکانمەوە دەخزایە خوارەوە. بەباوکبوون هەستێکی خۆشە. جا من باوکی منداڵێکی نیو سپیش بووم. مرۆڤ چۆن سەرنجێکی خێرای کاتژمێرێك دەدات، هەتا بزانیت کات چەندە، بەو جۆرە ئێلیزابێس سەرنجی داین. تازە بۆم ڕوون بووەوە کە ژووری ئافرەتان، دەکرێت چ سەرئەنجامێکی نەفرەت لێکراوی هەبێت، دەبایە منیش مشتەکانم خڕ و گرمۆڵە و ئامادە بکەم، هەروەك

چۆن مێردەکەی ئامادەی کردبوو. هەمان قینی بەرامبەریش تێماندا خۆی شاردبووەوە. ئیدی کەوتینە لێدانی یەکتر. ئەگەر کەسێکمان بکەوتایە ئەوی تر هەڵیدەستاندەوە. لە ڕاستیدا دەبوایە هەرچی ڕق و قینمان هەیە بە(ئێلیزابێس)ی دەرببڕین. بەڵام چونکە نەماندەتوانی لەو بدەین، ئێمە بەدەمی یەکتریماندا دەکێشا. لەبەرئەوەی کە هەردووکمان وەك یەك بەهێز بووین، بۆیە لێدان درێژەی کێشا. چۆن لە پڕدا دەستمان پێ کرد، ئاوهایش لەپڕدا وەستاین و ڕق و قینیش نەما.. کەوتمە بیرەوە. بیرکردنەوە لەو ماوە درێژەی کە دەبێت بیبڕم، ئەگەر بمەوێت بگەڕێمەوە بۆ وڵات و کن (میلۆدیا). ئاشکرایە کە مێردەکەی (ئێلیزابێس) بەفڕۆکە هاتووەتەوە. ئەو کابرایەکی مووچە باش و خاوەن کەسایەتییە. منیش بەپێچەوانەوە. دەبێت بەخۆمدا بشکێمەوە کە لەسەر ڕێگەدا بوەستم هەتا هەڵم بگرن. یانیش جێگەکەم ڕاڕەوی کەشتییەکان بێت. کە جار جارەش دەکرێت بۆ تەواوکردنی پارەی سەفەرەکە، لە کەشتییەکەدا کار بکەیت. ئەو کاتەیشی کە بیرم لەم شتانە دەکردەوە، خوێن لە دەم و لووتمانەوە دەهات. وەك دوو برا، بەهەناسەبڕکێ و خوێناوی، لە پاڵ یەکدا دانیشتین. ئەوجا (ئێلیزابێس) زۆر لەسەرخۆ وتی:

– ئا بەو جۆرەیە.. گەر بچیتە هیندستان و بەجێم بێڵێت، گرێنتی دەدەم، ئەو کاتەی کە دەگەڕێتەوە، ڕەشکۆڵەکەم خوشك یان برایەکی هیندی دەبێت..!

لەبەر خۆمەوە بیرم کردەوە: ″ئەگەر لە شتێك بترسیت، ئەوا لە ئافرەت بترسە و نەکەیت هەرگیز پشتیان لێ هەڵبکەیت..″ ئەوجا سەرنجێکی مێردەکەی (ئێلیزابێس)م دا. ئەویش بەسەرسووڕمانەوە لێمی ڕوانی. کە کۆتاییەکەشی بەپێکەنین بوو. هێندە بەرز پێدەکەنین، کامان دەکردە سەر یەکتری. تفمان دەکردەوە و دەکۆکین و بەئاسپایی بەپشتی یەکترماندا دەکێشا. ئەگەر یەکێکمان وازی بهێنایە، ئەوی تر دەستی پێ دەکردەوە..

هەمدیسان دەستمان پێ دەکردەوە.. ئەوان دوای ماوەیەك سەفەریان کرد. هەرسێکیانم بردە وێستگەی شەمەندەفەر و بەرەو (هامبۆرگ) چوون. لەوێشەوە دەبایە بەکەشتی بچنە هیندستان. کەلوپەلەکانیان فرۆشت و خانووەکەی (کۆڵن)یان تەسلیم کردەوە. (ئێلیزابێس) وتی:

– لە کەلکوتە کەسێك بۆی نییە خراپ بڕوانێتە ئێمە و (بۆمبە) قاوەییەکەمان.

بۆمبە قاوەییش، مەبەستی لە کوڕەکەمان بوو. کە ئەوان ڕۆیشتن چوومە کۆگاکە. بووکەشووشەیەکی ڕەشی بریقەدار و لێو سوور و ئەستوور، قژ بژ و ئالۆساکاوم کڕی.. ئەها.. ئەمە دەبینن..؟ کەواتە دەچمەوە ماڵێ، بۆ لای میلۆدیا و منداڵەکانم...

هاوسەفەرەکەمان لە تەك کۆتایی وشەدا، بوو کە بووکەشووشەیەکی ڕەشی لە جانتاکەی دەرهێنا و بەحەزەوە پیشانی داین. ئەو کاتەی گەیشتینە هامبۆرگ، لە ڕاستیدا دەبوایە بچینە هۆتێل بەرلین، بەڵام ڕێگەمان گۆڕی. ئەفریقییەکەی (کۆڵن)مان لە بەندەری (هامبۆرگ) دابەزاند و ئاواتی گەڕانەوەیەکی خۆشمان بۆ وڵاتەکەی بۆ خواست. جانتاکەی بەرەو سەکۆی بەندەرەکە کێش کرد، لە ناکاو ئاوڕێکی دایەوە. بەدەنگێکی پچڕ پچڕ و خراپ بۆ تێگەیشتن، هاواری کرد:

– ئەگەر دوو پیاو دۆستی چاکی یەکتر بن، یەکێکیان لە تەك ژنی ئەوی تردا ڕێك کەوت و ڕۆیشت!، نابێت هەردووکیان ئەمەیان زۆر بەلاوە دژوار بێت..!

خۆم وەرگێڕا و بەرەو هۆتێلەکە لێم خوڕی. لە پێچاوپێچەکانی بەندەردا، ڕێم هەڵە کرد و خۆم بزر کرد. لە دوو ڕێبواریشمان پرسی کەچی هۆتێلەکەم هەر نەدۆزییەوە. هەتا لەبەر دوکانۆچکەیەکی ڕۆژنامەفرۆشیدا وەستاین. دابەزین و داوای نەخشەیەکی شارمان کرد.

ئـەو ساتـەی ئـافرەتـە فرۆشیـارە ڕووخـۆشەکـە، بـەڕەفـەکـەدا بـۆ نـەخشەکـە دەگەڕا، یـەکێك لـە سەردێرەکانی ڕۆژنـامـەیەك، سەرنجمی بۆ ڕووداوێکی لاپـەڕەی داهـاتـوو ڕاکـێشا. نـەخشەکـە و ڕۆژنـامـەکـەم هـێنـایـە نـاو ئـۆتـۆمـبـێلـەکـە و بـۆ لای ژنـەکـەم. لـەوێدا خـوێندمـانـەوە کـە؛ شەوێك لـە (کـۆڵـن)دا، ئـەنـدازیـارێکـی لـە هـەنـدەران گـەڕاوە، ژنـەکـەی و مـنـداڵـە دووڕەگەکەیـان و پاشانیش خۆی کوشتووە. هۆکارەکەیش لەوە دەچێت، ئیرەیی و حەسادەت بووبێت. چونکە ڕەشێك بەباوکی ئەو منداڵە دەزانێت.

# خەمی "موللەر"ی کارمەند

رەفیق شامی

خۆ ناشێت هەر بەڕاستی باوەڕ بکەیت کە گوزەرانم لەگەڵ ئەم (کاناک، حوشتر لێخوڕ و سپاگێتی)انەدا(*) باش بێت. هۆ لەو لایەوە ئەو سپاگێتییە نیوکۆسەیە دێت، ئەوەی کە هەموو ساڵێك سەر سوڕماوم دەکات. دێت و بەکراسە کراوە و چاکەتە چەرمە چەور ئاساکەیەوە بەو ناوەدا هەڵدەبەزێتەوە. وایش خۆی بەفەرمانگەدا دەکات، هەر دەڵێیت فەرمانگەکە دیسکۆیە. لەو بیرەی ناکەوم کە ئەم بەڕەڵایە هەر لە زاینەوە، هیچ ڕێزێکی لە هەمبەر یاسادا نییە. گیانەکەم دەزانیت چیم پێ دەڵێت؟! ئەو بێ چاو و ڕووە دەڵێت: ئەگەر ئەو لە بریتی من بوایە، کارەکەی هاسان دەکرد. منی بێ مێشکیش لێی دەپرسم دەی چۆن؟! ئەویش دەڵێت: ئەگەر ئەو بوایە، هەر زەلامەی مۆرێکی دەدایە کە لەگەڵ خۆیدا بیبردایەتەوە بۆ ماڵەوە.. هەتا لە ماڵەوە مۆر لێ بدەن.. ئیدی بۆچی هەر جارە بێینە ئێرەکانە؟ جا ئەگەر وەها بێت چۆن دەبێت؟ دەی، وا دوو ساڵیشە کە ئەم – ماکارۆنیی! ە لە جێگەی ڕەگەز نانووسێت ئیتالی و دەنووسێت، کرێکاری میوان. هەر جارێکیش بۆی ڕاڤە دەکەم، وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: ″نازانم من.. من ئیتالی لە پێشدا.. بەڵام هەنووکە نە ئیتالیم.. نە ئەڵمانیم.. من کرێکاری میوانم...″. لە هەمووشی قۆڕتر ئەوە نەخۆشم دەکات، کە لەگەڵیدا پێدەکەنێت. لە بریتی وەڵامی پرسیارەکەم بداتەوە، ئەوا دەربارەی خراپی مایستەرەکەی شتم بۆ دەگێڕێتەوە. هەموو ساڵێکیش هەر هەمان شتە: ″من زۆر دەکەم کار. بەڵام دەڵێت مایستەرەکە.. باش نیم، بۆ؟!(*)″

منیش پێی دەڵێم؛ کە ئەو دەبێت سەرنجی لەسەر مەکینەکان بێت نەك مایستەرەکە. ئەویش وەڵام دەداتەوە: ″من هەر مایستەر دەبینم... لە

خەونیشدا..". ئێی، جا دەبێت گوزەرانم باش بێت..؟! "ئاخ.. ئێوارەت باش، جەنابی ئەلئەختال!.." ئەوە لە کوێوە هەردەم ئەم ئافرەتانە پەیدا دەکات؟! کابرایەکی چەپەڵە. (موخامێد ئەخمێد ئەلئەختال). ئۆوو.. زمانی پیاو دەبڕدرێتەوە. بڕبەنێك بچێتە قوڕگەوە لە چاویدا شەکر لێسانەوەیە. ئەم هەمووە چییە..؟! بۆ نموونە: من هەر بەو سانایییە ناوم (هانس هێربێرت)ە. زۆر هاسان (هانس هێربێرت).. نەك ئەخخمێد ماخخمێد.. بۆ وەها دەزانیت هەتا نهاکە (کاناك(*))ێك ناوەکەمی بەڕاستی دەربڕیوە؟! براکەم، ئەوانە هێندە مێشك پووچن. ساڵی ڕابردوو کاکی حوشتر لەوەڕێن پێی وتم؛ گوایە نێوەکەم بۆ ئەو درێژە، بۆیە نێوم دەنێت (هانسی). گوایە بەعارەبیش دەبێتە (هانسییەکەم!). ئۆ و خودایە.. دەخۆ من حیز نیم؟! ئەو حوشتر لەوەڕێنە دێت و پاسپۆڕتێکی چرچ و لۆچ دەخاتە بەر دەستم. کە دەیکەمەوە، دەزانیت چی تێدا نووسراوە؟! لە دایکبووی ساڵی ١٣٤٢ـە!. جا بیهێنە بەر چاوانت. لە سەرەتادا وام دەزانی کە ئەمە هەڵەیەکە، یانیش گەرەکییە هەڵم بخەڵەتێنێت و پێم ڕابوێرێت. بەڵام نەخێر.. بیری لێ بکەوە.. ئەوە کاتی موحەمەدانەیە! منیش بەخۆم دەڵێم "هانس هێربێرت. خوێن سارد بە. خۆ نابێت – زیخخۆرێك(*) بتشڵەژێنێت.." کە لێیشی دەپرسیم: دەی ئەمە دەکاتە چەندی زاینی؟! دەزانێت چی وەڵام دەداتەوە؟! پێی وایە کە دەکاتە ١٩٤٠. ئەو هەر وا دەزانێت. منیش پێیم وت: ئەو نابێت تەنیا وا بزانێت، بەڵکو دەبێت بەتەواوی بیسەلمێنێت. ئیدی بووە گەڕەلاوژە. بەڵام خراپیی وەها پێش نەهات. لە جێگەی (کار)یش نووسراوە (نووسەر). هەمدیسان وام هەست کرد کە دەبێت گاڵتە بێت. پێم وت: جەنابی ئەلئەختال، شتی وەها نابێت. خۆ جەنابتان تەنیا نەختۆکەیەك ئەڵمانی دەزانن، جا گەرەکیشتانە ببنە نووسەر؟! ئینجا ئەو چی دەکات؟! لە گیرفانە بۆگەنەکەی پەڕتووکێك دەردێنێت و دەڵێت: "ئەمە پەڕاوی منە. چیرۆکی خۆشن. نرخەکەی ١٥ مارك و ٨٠ پفینیگە... بەڵام بۆ تۆ ١٠

مارك و٨٠ پفینیگ..″ جا منیش دەبێت تکای لێ بکەم کە ئێمە لە بازاڕدا نین. بۆیە دەرم کرد و وتم: جارێ دەبێت بەڵگەنامەی کاری یاسایی بخاتە بەردەست، ئەوسا مۆڵەتی مانەوەی دەدرێتێ.. ئەگینا نابێت. جا وەرە و بڕوانە، هەر دەڵێیت خەمێکیشی نییە. ئەگەر من لە بریتی ئەو بوومایە، لە هەوڵی جێگەیەکی کاردا دەبووم. کەچی دەزانیت خەریکی چییە؟! لەگەڵ ئافرەتاندا دەخولێتەوە. بۆیە پێت دەڵێم کە ئەم گوزەرانە زەوقم تێك دەدات. ئەمە چ ڕۆژێکە؟ جارێك ئەو تورکە چەنەبازە پێش نیوەڕۆکەی لێ شێواندم، ئێوارەکەشی ئەو حوشتر لەوەڕێنە. ئەو تورکە چەنەبازە بەیانی زوو دەوری دەمژمێری دە هاتە لام. خۆی و دوو زۆڵەکەی و ژنەکەی. دەتوت بۆ سەیرانی هێناون. دانیشتن و خۆیان لێ پان کردەوە. یەکێك لە لووت پیسەکانی هەر دوای دوو خولەك، گەڵایەکی لە دار نایلۆنەکەم هەڵوەراند. بۆمی هێنا و وتی: خراپ بوو! زۆڵەکەی تریشیان سەرنجی لەسەر پاندانەکان ڕاگرتبوو، بەڵام من هەر خێرا پێشم لێ گرت و لامبردن. لەولاشەوە تورکە دەڵێت: ″نایبەن منداڵ.. یاسین ژیرە.. تەنیا یاری پێ دەکات، دەبێت منداڵ...″ منیش پێی دەڵێم: بەڵێ دەبێت. بەڵام نەك لێرە و لە فەرمانگەدا...

(کاناك)یش کەوتە پرتە و بۆڵە: ″بەڵێ.. دەبێت..″ ئینجا بەهەناسە سیراوییەکەیەوە کە بەسەرمدا دەکات، دەڵێت: ″تۆ هەیە منداڵ..؟″ منیش وەڵام دەدەمەوە: ″بەڵێ، دووان..″ ئەوجا بێ ئەوەی دەرفەت هەبێت سەرنجێکی دۆسیەکەی بدەم، هەناسە سیراوییەکەی دەکاتەوە بەسەرمدا: ″تەمەن چەند..؟″ ئەو دەخوازێت بزانێت، بەڵام من لەبەرئەوەی کە درێژە نەکێشێت، وەڵام نادەمەوە. تورکە دەچێتە کن ژنەکەی و دوو پاکەتی ڕەنگاوڕەنگ دێنێت. هەمدیسان هەناسە سیراوییەکەی بەسەرمدا دەکاتەوە: ″ئەمە بۆ منداڵ.. تورکی.. هەر زۆر خۆشە تامی...!″ منیش هەستێکی وەهام بۆ دێت کە دەبێت شتێك لە دۆسیەکەیدا ناتەواو بێت.

کاتیش هێندە نەماوە، بۆیە سەر ڕادەوەشێنم: ″ئێرەکانە ئەستەنبۆڵ نییە، ئێرە ئەڵمانیایە. بەخشیش نییە. تێ دەگەیت..؟!″ تورکە ڕەنگی زەرد بوو و تێکچوو. منیش لە دۆسیەکەیدا بۆ هۆی ئەم بەرتیلە دەگەڕێم، بەڵام هیچ نادۆزمەوە. دەی، کەواتە مۆرەکەی بۆ لێ بدەم. کە پاش نیوەڕۆ دەرفەتم بۆ ڕەخسا، بەوردی سەرنجی دۆسیەکەیم دا و شتێکم بۆ دەرکەوت. ئەوسا هەستم کرد ئەو کەڵەکچییە بۆ دەیویست بەرتیلم بداتێ. ساڵی داهاتوویش پێم زانی کە ئەو دوو هەفتە لە خۆناساندنی یاسایی دواکەوتووە. ئازیز تۆ باشیت، بەڵام من.. لەو کاتەوەی لەم فەرمانگەیەدام گوزەرانم باش نییە. تەنانەت ژنەکەیشم لێم تێ ناگات. ئەو دەڵێت: کە من بەئەڵمانییەکی شکاو لەگەڵیدا دەپەیڤم! بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە تووڕە دەبم! بەڵێ.. ئەوەیان لێوە فێر بووم...

جەنابی (موللەر) هەر هەموو ئێوارەکە، قسەی بۆ بارمەنی پشت سەکۆی بارە بچکۆلەکە دەکرد. بەڵام بەرمەن گوێی لێ نەدەگرت و تەنیا جار جارە ″نا.. ئێ.. ئێ.. ئێ..″ و یانیش ″چیان وت..؟!″. چونکە ئەو زۆر سەرقاڵ بوو. سەرنجی لەسەر لێوانەکانی بوو. پڕی دەکردنەوە و دەیخستنەوە سەر سەکۆی بارەکە و هێڵێکیشی لە پارچە مقەباکەی ژێر لێوانەکە دەدا. کە (موللەر)یش لێوانەکەی بەتاڵ کردەوە، بارمەنەکە لێوانێکی دی بۆ پڕ کردەوە. هێڵێکیشی لە پارچە مقەباکەی ژێر لێوانەکەی دا و وتی: ″لە تەندروستیت.. نۆش..!″

---

(*) ئەو وشە نابەجێیانەی بەبیانییەکان دەدرێن.

# نوح

## "نوح" و میللەتە کوردەکەی

ڕەفیق شامی

بۆ ئێمەی خوێندکار، کودەتا بەواتای سێ چوار ڕۆژ نەچوونە خوێندنگا بوو. لە (دیمەشق)دا خێرا و زوو زوو ڕوو دەدەن. زۆربەشیان بەرەبەیانی زوو ڕوو دەدەن. ئێمەی لەو تەمەنە مامناوەندییەدا، بەهۆی ڕادیۆوە ئاگەدار دەبووین. ئەویش، لە ناکاو بێ دەنگی، ئەوجا مۆسیقای سەربازی. ئیدی ئاشکرا دەبێت کە کودەتاکە سەرکەوتوو بووە. زۆر کەمیش لە کودەتا سەرنەکەوتووەکاندا تەقە دەبیسترێت، بەڵام ئەگەر بەرپەرچی کودەتاکە بدرێتەوە، شەڕ سەخت و درێژە بکێشێت. ئەوجا قرمەی چەك و زرمەی تۆپ دەبیسترێت. ماوەیەك مۆسیقا، پاشان ئاگەداری و بەیانی ڕژێمی نوێ. کە بۆ هەموو شتێکیش ڕژێمە کۆنەکە تاوانبار دەکات. هەر دەڵێیت هەموو کودەتاچییەکان سەر و پێچی یەکترن. هەر هەموو دەڵێن: بەبەرتیلخۆری و خراپی باری ئابووری تاوانبارە، هێشتاکە فەلەستینیش ڕزگار نەکراوە. ڕژێمی نوێ بەڵێن دەدات؛ کە ڕیشەی بەرتیلخۆری لە ڕەگەوە دەربکێشێت. یەکسانی بەرقەرار بکات و بەتەکانێکیش فەلەستین ڕزگار بکات. خاڵۆ سەلیم بۆمی گێڕایەوە؛ کە ئەویش لە کودەتای پازدە ساڵی ڕابردوودا هەتا بەرەبەیانی ڕۆژی داهاتوو، ئاهەنگی گێڕاوە و خواردوویەتییەوە.. لە کودەتای دووەمدا تەنیا چەپڵەی لێ داوە. ئیدی لە سێیەم کودەتاوە تەنیا پێدەکەنێت. باوکم وتی:

– "بۆ گەڕانیش بەدوای ڕیشەی بەرتیلخۆریدا. کودەتاچییەکان تەنیا خۆیان لەو گژوگیا ژەهراوییە دەئاڵێنن و خۆ ژەهر خواردوو دەکەن..."

خاڵۆ سەلیم لە کاتی خواردنەی چاکەیدا لایەنگیری باوکمی کرد:

– هەر تەواو ڕاستت وت. بەڵێ، ئەو ژەهرە شیرینە زوو خەڵك پیر دەکات.

زۆرم بەباوکمەوە دەنازی، چونکە خاڵۆ سەلیم زۆر بەدەگمەن ڕای لەسەر قسەی کەسێکی تر بوو. منیش وتم:

–ئەی فەلەستین..؟

–ئەوا بەتەکانێك!

خاڵۆ سەلیم کە قسەکانی ڕادیۆی بەگاڵتە و گەپەوە دەوتەوە، درێژەی پێ دا:

–ئەمریکایش بەدوو تەکان و ڕووسیاش بەسێ...

ئەوجا پێشکەنی. منیش بەرپەرچم دایەوە:

– دەی خۆ یەکێتی سۆڤیەت دۆستمانن و لە ڕادیۆشدا هەمیشە ئەمە دەوترێت..!

– ڕادیۆ..؟ چ قسەیەکی قۆڕە. ڕژێمێك هێندە بەدەسەڵات بێت پێویستی بەدۆست نییە. ئیدی لە سێ مانگی تردا ڕژێمێکی نوێ دێت و دەڵێت: ئەوەی پێشووتر دەیتوانی فەلەستین ڕزگار بکات، ئەگەر بەدەستێکی قوڕگی ئێمەی نەگرتبا و بەدەستەکەی تریش پارەی بەقاچاغ و دزی بۆ سویسرا نەناردبایە. هەفتەیەك دوای کودەتا زانیمان کە مامۆستای وانەی مێژوومان لە بەندیخانەیە. لایەنگرێکی فەلەستین و قسە خۆش. هەمیشەش لە ناواخنی پەرتووکەکە زۆرتری ڕاڤە دەکرد و بۆ تاقیکردنەوەش کەمتری دەهێنایەوە. منیش لەو باوەڕەیدا نەبووم کە میری بەتەکانێك فەلەستین ڕزگار بکات، چونکە بێ بەزەییانە دەستێکی لە قوڕگمان گیر کردبوو. مامۆستا نوێکەمان ترسنۆکێك بوو، ئەوەش هێندە گرنگ نەبوو، چونکە زۆربەی مامۆستاکان لە ژێر زەختی قوتابخانەکەماندا ترسنۆك بوون. ترسیان لەوەی هەبوو بۆ

خوێندنگایەکی (سیبیریا) بگوێزرێنەوە. سیبیریا لای ئێمە، سەر سنووری ئیسرایل بوو. هیچ مامۆستایەك نەیدەویست بچێتە ئەوێکانە. خراپترین خوێندنگای دیمشق بۆ ئەوان خۆشتر بوو لە باشترین قوتابخانەی سیبیریا. ئەوەش ئێمەی نیگەران نەدەکرد ئەگەر مامۆستایەك ترسنۆك بوایە، بەڵکو بەزەییشمان پێیدا دەهاتەوە. بەڵام شتی وەك ئەو مامۆستا نوێیە نەبوو. هەر پاش یەکەم کاتژمێری وانە، زانیم کە نابینە دۆستی یەکتر. زۆری حەز لە ژمارە دەکرد. بۆیە هەردەم وانەکانی بێزارکەر دەبوون. ئەو کاتەی کە دەسەڵاتی (ئوممەییاد ٦٦١ – ٧٥٠ز)ە کانمان بەوانە وەرگرت، مامۆستا بەگرنگی و حەماسەوە لە کردەوەکانیان دەدوا. واش دیار بوو کە جیۆگرافی بەلاوە گرنگ نەبوو. بۆ ئەو جیهان بریتیبوو لە عەرەبستان و هەندێك وڵاتۆکەی دی. ئەو وڵاتانەی کە لە ژێر بەزەیی عارەبدا دەژیان. پێشی لەسەر ئەوە دادەگرت کە عارەب وڵاتانی زۆریان دۆزیوەتەوە. وای دەقیژاند، هەروەك بیەوێت غروورەکەی لەمەڕ دۆزینەوە و داگیرکردنەکانەوە، پیشانی ئێمە بدات. (نوح) کە گەنجێکی هەمیشە نەخۆش و بەڵام بوێر بوو، پرسی:

– بۆچی دۆزینەوەیە و داگیرکردن نییە..؟!

– بێ مێشك.. دۆزینەوە دەبێت. گەلحۆ، پێشکەوتنی عارەب بەڕوویاندا کراوەتەوە و لە (بەربەر!) وەحشیگەری ڕزگار کراون!

– دەی کەواتە عوسمانییەکانیش چوار سەد ساڵ و فەڕەنسییەکانیش بیست و پێنج ساڵ، ئێمەیان دۆزیوەتەوە..!

– ئەوە کۆڵۆنیالیستییە... ئەوە شتێکی ترە..

ئێمە بەمامۆستا شڵەژاوەکەمان پێدەکەنین کە ئیسماعیل لە دواوە هاواری کرد:

– ئێی.. من نامەوێت کە لە لایەن کەسێکەوە بدۆزرێمەوە..

ماموّستا تووڕە بوو و ڕاستەکەی بەسەریدا کێشا:

–چ شەڕەفێکم پێ بەخشراوە کە مێژووی عارەب، بەم کۆمەڵە دەبەنگە دەڵێمەوە..!

خۆی بەلای (نوح)دا وەرچەرخاند و سەرنجی لەسەر ڕاگرت.

–تۆ، هەستە..

نوح هەستا و چاوی لە چاوی ماموّستا بڕی. نوح هەرگیز سەری دانەدەواند و نەوی نەدەکرد. تەنانەت ئەگەر بەرێوەبەریش لە تەکیدا بدوایە.

– بەڕاستی بەوەی سەربەرز نیت کە عارەبیت..؟!

نوح بەرەقی وەڵامی دایەوە:

– نەخێر.

ماموّستا تووڕە بوو و بەچاوە دەرتۆقیوەکانییەوە تێی ڕاما

– چۆن...؟! چی...؟!

هەندێك بەچرپە ڕایگەیاند کە ئەو (کورد)ە. نوحیش تەئکیدی کرد

– بەڵێ، من کوردم...

ماموّستا بۆڵاندی:

– چی..؟ کورد..؟ شتی وەها نییە! دابنیشەرەوە.

ئێمە دەمانزانی کە لە سووریادا زیاد لە سێ سەد هەزار کورد هەن. لەگەڵ (نوح) و هاوەڵاکانیدا کایەمان دەکرد. ئەوانیش هەمیشە باسی خەباتی پارتیزانەکانیان بۆ دەکردین. ئێمە تەنانەت زۆرترمان لە بارەی کوردستانەوە دەزانی، هەتا لە مەغریب! ماموّستاش تەنیا لە بارەی (ئوممەیاد)ەکانەوە زانیاری هەبوو. کە گوایە ئەوان دنیایان تووشی سەرسووڕمان کردووە! کە باسی ئوممەیادەکانیش تەواو بوو، ماموّستا

هەر قینی خۆی دەردەبڕی. بەڵام بەدرێژایی مانگەکان نوح هەر بێ دەنگ بوو. هەتا باس هاتە سەر خاچپەرستەکان. جا لەبەرئەوەی کە خوێندنگاکەمان هینی کۆمەڵەیەکی مەسیحییەکان بوو، بۆیە مامۆستا دەبوایە بۆ قسەیەك بگەڕێت، کە گوایە ئەویش وەکو موسوڵمانێك ڕێزی بۆ مەسیحییەکان هەیە. بەڵکو تەنیا ئەوە هەندێك لە ئەوروپییەکانن، بەراز ئاسا و لە خۆشەویستی ئەو دنیای تر بێ ئاگان. ئەگینا خۆ مەسیحییە عارەبەکان لە پێشی پێشەوە دەجەنگین. ئەوجا کە کەوتە مەتح و سەنا و ڕێز و نرخداری سەلاحەدین، هەروەکو جەنگاوەرێکی مەزنی عارەب، نوح وەها هەڵبەزییەوە، هەر وەکو گورگێك قەپاڵی لێ گرتبێت؛ ئەوجا هاواری کرد:

– بەڵام خۆ سەلاحەدین کورد بووە..!

ئێمەش کە نەماندەزانی، هەموو سەرسووڕماو بووین. گۆڕی سەلاحەدین لە (دیمشق)ە، بەڵام لە هیچ پەڕتووکێکدا یەك پیت دەربارەی کوردبوونی ئەو نەنووسراوە. دەبێت هەر بەڕاستیش سەلاحەدین بەقەپۆزی ئەوروپییەکانیدا کێشابێت، بۆیە کە لەشکری فەرەنسا دیمەشق دەگرن، مارشاڵ وەك یەکەم کەس لەسەر گۆڕەکەی هاواری کرد:

″وا هەمدیسان هاتووینەوە و لێرەین!″ ئەوەیشی کە هەموو پیرەکان و هەتا ئەمڕۆکەش دەیگێڕنەوە کە؛ ئیسلامێکی ئازا و بوێر و پارێزگاری لە بوونی عارەب کردووە. هەر بۆیەش لە دڵی عارەبدا بووە. ئەوجا (ئیسماعیل)یش لە دواوە هاواری کرد:

– دەی کەواتە منیش– مارلۆن براندۆ–م...

ئێمەش پێکەنین، چونکە دەمانزانی کە ئەو لە ڕادەی پەرستندا؛ ڕێزی بۆ مارلۆن براندۆ هەیە. نەك هەر بۆ گشت فیلمەکانی دەرچوو بەڵکو هەموو وێنەکانیشی دەکڕی. لە مانگی گوڵاندا نوح نمرەی خراپی بۆ هاتەوە. بۆیە

ئیدی لە وانەکاندا کەمتر قسەی دەکرد. سەرەتای مانگی پووشپەڕیش دوو هەفتە نەهات. مامۆستای مێژوو بەقووڵی ڕوانییە خوێندکارەکان و ئەوجا بەگاڵتەجاڕییەوە پرسی:

– کوا کوردە زیادە ڕۆکەرەکەمان؟!

بەڵام ئێمە دەمانزانی کە نوح زۆر نەخۆشە.

پاش نیوەڕۆیەك بۆ چەند کاتژمێرێك و لە نانەواخانەکەدا هاوکاری باوکمم کرد. (کێك)ێکم بەدزییەوە گل دایەوە و بەرەو هاوەڵەکەم بۆی دەرچووم. بەنگەڵە هەژارانەکەی ڕۆژئاوای دەرەوەی شار، لە گەڕەکەکەی ئێمە هەژارتر بوون. لەوێکانەدا ئەو جووتیارە هەژارانە دەژیان کە برسیەتی لە گوندەکانیان دەریان پەڕاندووە و بەدوای کاردا هاتوونەتە دیمەشق. خۆیان (خانوو!!)ەکانیان لە قوڕ و لەوح و تەختە دروست دەکرد. میریش چاوی خۆی لێ دەنووقاند! هەر هەموو دەسەڵاتەکان ئەو جۆرە خۆنیشتەجێکردنە بەقاچاغ دەقەبڵێنن، بەڵام بۆ خەڵکەکە هیچ مەسەلەیەك نییە. چونکەی لەوە زیاتر ڕێگەچارەیەکی دی نییە. لەبەروەی، چۆن دەسەڵاتی نوێ بەڵێنی فەراهەمکردنی خانوو دەدات، میری پێشووتریش هەر وای کردووە. کۆڵانەکان لە کۆڵیتی یەك نهۆمی نزم پێکهاتوون. لە هەموو لایەکیشەوە پیسی فڕێ دراوە. کەچی منداڵەکان دەنگ بەرزتر لە کن ئێمە، بەو ناوەدا دەخولێنەوە. کە هەواڵی کۆڵیتەکەی ماڵی (نوح)م لە منداڵێکی پێ پەتی پرسی، بەڕاکردن پێشم کەوت. دەرگاکەیش هەروەك هەمان دەرگاکانی تری ئەم گەڕەکە، لە پارچە تەختەی سندووق دروست کرابوو. لە دەرگەم دا و کچێکی زۆر جوان کردییەوە. بەزمانی عارەبی و بەرەو لای ژووروی خانووەکە هاواری کرد:

– هەڤاڵێکی (نوح)ە.

درزێکی لە دەرگەکە هێشتبووەوە و بزەی بۆ دەکردم. پیاوە زەبەلاحەکەی

بەمیهرەبانییەوە دەرگەکەی کردەوە، پێی وتم:

– کوڕۆ.. وەرە ژووریَ..

دەستی بەرەو من درێژ کرد و ئەوجا بەکوردی خوڕییە کچە سوورهەڵگەڕاوەکە. تەنیا ژوورێکی گەورەی تاریك لە پشتی دەرگاکەوە بوو. لە سووچێکیشدا دۆشەکەکان هەتا بنمیچ و لەسەر یەکتر هەڵچنرابوون. دایکی نوح بەدەم زەردەخەنەوە بەخێرهاتنی لیَ کردم. پیاوە زەبەلاحەکەیش کە خاڵی نوح دەرچوو، سلاو و چاك و چۆنییەکەی دایە گەورەی بۆ وەرگێڕام. ئەوەی کە لەگەڵ خۆمم هێنابوو، ناکامل و بیَ شەرمانە دامە دەستی و چاوم بۆ نوح گێڕا. ئەو لە سووچێکدا و لەسەر دۆشەکێك دانیشتبوو. پیاوێکی پیریش لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو، هەر وەك پاشان زانیم بابە گەورەی بوو. لێیم پرسی:

– ئەوە چییە..؟

ئەوجا دەستە گەرمەکەیم گوشی. بەماندوویێتییەوە زەردەخەی بۆ کردم.

– خۆت بۆ من خستووەتە زەحمەتەوە..؟!

– واز بێنە، حەزم کرد سەرێکت لیَ بدەم. ئەوانی تریش دەیانویست بێن، بەڵام من وتم: خێراتر و لە پێشدا دەرۆم هەتا کەمێك لەو (کێك)ەم وەبەرکەویَت. خۆ ئەگەر (عیسام) بێت، ئەوا هیچی لیَ نامێنێتەوە. (نوح) بە وەبەرهێنانەوەی (عیسام)ی قسەکەری پۆلەکەمان پێکەنی. خاڵۆی قسەکانی ئێمەی بۆ دایکی وەردەگێڕا. چونکە ئەو تەنیا چەند وشەیەکی عارەبی تیَ دەگەیشت و ئیدی هەر پێدەکەنی. دەرەوە تاریك بوو، بۆیە دایکی هەڵسا و چرایەکی نەوتی داگیرساند. بەسەرسووڕمانەوە پرسیم:

– بۆچی ئەمە..؟ مەگەر کارەباتان نییە..؟!

چونکە بەبنمیچی کۆڵیتەکانی ترەوە، گڵۆپی شەوقدار دەدرەوشانەوە. پیاوە پیرەکە بەتووڕەیی و عارەبییەکی ڕوونەوە وتی:

– میری وا تازە کارەباکەیان لێ کوژاندووینەتەوە. ئەویش بۆ ئەوەی لێرەکانە بڕۆین. یەزدان سزایان بدات.

ئەوجا لە (نوح)م پرسی:

– ئەوە چیتە؟

تەنیا سەرمابوونێکی بێ بایەخە..

کەوتە کۆکین. دایکی (نوح) هاتە لای برایەکەیەوە و ئەویش قسەکانی بۆ وەردەگێڕا. ئافرەتەکە بەشڵەژاوییەوە قسەی بۆ براکەم دەکرد. ئەویش پێی وتم؛ کە گوایە نارێکی لە دڵیدا هەیە. هەتا ئەو کاتەش نەمدەزانی نارێکی لە دڵدا چییە. (نوح) بەرپەرچی دایەوە:

– قسەی قۆڕ، هەڵەیەك لە دڵدا.. کەموکورتی لە مێشکی پزیشك خۆیدا هەیە..!

کەوتەوە کۆکین. دایکی کە بەخەمباری و نیگەرانییەوە تێی دەڕوانی هەڵسا، خۆی بەپشتی پەردەکەدا کرد و دیار نەما. ئەو پەردەیەی کە چێشتخانەکەی لە ژوورەکە جوێ دەکردەوە. (نوح) وتی:

– بابە گەورە داستانێك بۆ هاوەڵەکەم بگێڕەوە، ئەو حەزی لە شتی کۆنە..

– ئاخر من زۆر باش عارەبی نازانم. بەڵام ئەی بۆچی هاوەڵەکەت کوردی نازانێت..؟!

– بەڵام ئەو عارەبە..

– ئینجا چییە..؟ مەگەر عارەب ناتوانن فێری کوردی ببن؟! خۆ ئەوان فێری ئینگلیزی و فەڕەنسی دەبن..

پیاوە پیرەکە دەستی هەڵتەکاند و وتی:

– بەم زووانە تۆش کوردی نازانیت..!

ئەوسا کە پێی وتم، من بۆ زمانەکەی ئەو نازانم، دەنگی وەها نیگەران

بوو وەك دەنگی دایکم. دایکم بە(ئارامی) قسەی دەکرد. زمانێکی کۆن کە تەنیا دانیشتوانی چەند گوندێك پێی دەپەیڤان. ئەو زمانە کۆنەی گوایە (مەسیح) قسەی پێ کردبێت. خاڵۆ (سەلیم) دەتوانێت بەئارامی بدوێت. جارێك کە سەرخۆش بوو وتی:

– ڕۆمانەکان لەبەرئەوەی مەسیحیان لە خاچ نەداوە کە وتوویەتی؛ من کوڕی خوام، چونکە ئەوان یەزدانی زۆریان هەبوو. ئیدی یەکێك کەم یان زیاتر بۆ ئەوان مەسەلەیەك نەبووە. ئەوان هەستی خۆ بەنزمییان نەبووە. ئەوان لەبەرئەوە (مەسیح) یان لە خاچ داوە، چونکە بەئارامی قسەی کردووە. (نوح) چاوی بەلای مندا وەرگێڕا و بۆ ماوەیەك بێ دەنگ بوو. ئەوجا لەپڕدا وتی:

–نا.. باشە بەکوردی بیگێڕەوە، منیش بۆ هاوەڵەکەمی وەردەگێڕم..

بەڵام تەنیا چەند ڕستەیەك و ئیتر کەوتمەوە کۆکین. بۆیە دەبوایە کۆتایی پێ بێنم. چونکە چ بۆ ئەو دژوار بوو و بۆ منیش بێ زەوق. درەنگانێك بوو کە باوکی گەڕایەوە و خۆی کوشت. دایکیشی مەنجەڵە خەستە شلە سەوزەکەی نایە بان چێشلێنەرەکە و سفرە پەڕۆکەی لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا ڕاخست. من دەمویست بڕۆم بەڵام (نوح) نەیدەهێشت.

– نابێت بڕۆیت، بەر لەوەی کە نان و خوێمان لەگەڵیدا بەش دەکەیت.

باوکیشی جەختی لەسەر کرد. بۆیە منیش لە پاڵ (نوح)دا دانیشتم و بەحەزەوە خواردم. پاش سێ ڕۆژ، من و عیسام و ئیسماعیل و هەندێکی دی لە پۆلەکەماندا، دەمانویست سەر لە (نوح) بدەین. کە لە بەیانییەکی زوودا، هەواڵ وەك بۆمبایەك لە خوێندنگاکەماندا تەقییەوە؛ گوایە (نوح) دوای نەشتەرگەرییەکی دڵ مردووە، مامۆستای فیزیا مۆڵەتی پێ داین کە پاش نیوەڕۆ بۆ بەخاکسپاردنەکەی بچین. بەڵام تەنیا چەند کەسێك

لەگەڵمدا هاتن. هەر هەمان ڕۆژیش نێژرا. ئا بەمجۆرە هەژارانی شارەکەم دەمرن. بێ دەنگ! دەیکم هەرگاڤ دەیوت؛ کەسێك بەمردنی هەژاران و ڕەنجدەران نازانێت. گەلێك خەمبار بوو، دایکی لە بەردەرگاکەدا شیوەنی دەکرد. پیاوەکانیش لە تەك باوکە ڕەنگ زەرد هەڵگەڕاوەکەیدا دەدوان،کە بەترس و شڵەژاوییەوە خۆی بەسەر تابووتەکەدا دابوو، هەروەك بخوازێت (نوح) گل بداتەوە. دەستەکانی وەکو زەوی قاوەیی و بەتووك داپۆشرابوون. لەولاوە بابە گەورەیم دی کە وەستابوو. فرمێسك بەسەر ڕوخسار و ڕیشە نەتاشراوەکەیدا دەخزا. کە تابووتەکەی هێنرایە ژوورەوە، چوومە لایەوە. نەمدەتوانی بەرهەڵستی لە نیگەرانییەکەم بکەم، بۆیە دەستم دایە دەستی بابە گەورە و کەتمە گریان. تێی هەڵنەواڕیم، توند منی بەخۆیەوە نووساند و سەرمی ماچ کرد. ئەوجا چرپاندی:

– (نوح) تۆی زۆر خۆش دەویست.

بەڵام من هەر دەگریام. لە ناکاو ئەوەشم بەبیردا هاتەوە کە ئەو کوڕی قەحبەیەی مامۆستای مێژوو، دڵی (نوح)ی شکاند. بۆیە دەبێت لەسەر تەختەکە بنووسم ″لەم پۆلەدا (نوح)ی کورد دەژیا″ تەنانەت دەبێت لەسەر دیوارەکانی خوێندنگا و لە ڕووی درەختەکانی حەوشەش بخوێنرێتەوە. لە گەڕانەوەمدا تکام لە بابە گەورەی کرد:

– بابە گەورە، فێری کوردیم دەکەیت؟!

– بەخۆشحاڵییەوە، ئەگەر تۆ دەتەوێت.

–دەمەوێت.. چونکە ئەو زمانە، زمانی (نوح)ە!

# تاسە بەڕەش سەفەر دەکات

چەڵەمەی دەمژمێری وێستگەی سەرەکی شەمەندەفەر، لە خاڵێکەوە کرتە دەکاتە سەر خاڵێکی تر. بۆ چرکە ساتێك دەوەستێت و باز دەداتە سەر خاڵێکی تر... وا کاتژمێرەکەی وێستگەی سەرەکی شار (مونشن) ١٧ و ٣٢ و سی و دوو خولەك پیشان دەدات.

دوو کرێکاری مێوان لەسەر کورسییەکە دانیشتوون و دووانی تریش، بەپێوە پاڵیان داوەتەوە. هەر چواریان بێدەنگ دەڕواننە شەمەندەفەرەکەی سەکۆی ژمارە ٨.

زۆرێك لە کرێکارە میوانەکان، خۆیان لە پەنجەرەکان ترنجاندووە و هەتا لە تەك هاولاتییەکانیاندا لەسەر سەکۆی ژمارە ٨ قسە بکەن. ئەوان بەڵێن دەدەن کە هیچیان لە بیر ناچێت. بەلام خەڵکەکەی سەر سەکۆی ژمارەی ٨، گومانیان لەو بەڵێنانە هەیە. چونکە، چەند جاریش خۆیان وەها بەڵێنێکیان داوە و پاشان لە بیریان کردووە. بێ بڕانەوە، ئەوانەی کە لێرە دەمانەوە لە هەوڵی ئەوەدا بوون، خواست و داواکانیان بەوانەی ناو شەمەندەفەرەکە بڵێن:

– لە بیری نەکەیت، کە سلاوم بەمستەفا بگەینیت..

– بەخاڵم بڵێ کە هەفتەیەکە، پارەکەم حەواڵە کردووە..

– لێی بپرسە، بۆچ نامەم بۆ نانووسێت...؟

چوار هاوەڵەکان لە نێزیکەوە، لە شەمەندەفەرەکەیان هەڵدەڕوانی. چونکە ئەوان کەسێك لەوانەیان نەدەناسی کە ئەمڕۆکە سەفەر دەکەن. کە کاتژمێرەکە بووە ١٧ و ٣٤ خولەك، دەنگێك کە تێگەیشتن لێی بڕێك دژوار بوو، لە میکرۆفۆنەکانەوە کەوتە بەر بیستن: "شەمەندەفەری مونشن – ئیستەنبوڵ، بەسەر بێلگراد و سۆفیادا، دەرگا داخەن..." یەکێك لە کرێکاری

میوانەکان، بەتوورەییەوە وتی:

– نیشتمان گەلێك دوورە، نەفرەتیش لە شیشتی سبەینانی زوو.

یۆنیس هەر بەدانیشتنەوە وتی:

– ئەگەر بمتوانیبایە لێرە کار بکەم و لە ئیزمیر بخەوتمایە. بەوەیان دەوت. ژیان.

شەمەندەفەرەکە بەسەر هێڵە ئاسنە بریسکەدارەکاندا، کە لە باشوورەوە بەرەو باکور دەچوون، کەوتە جوولە، کە شەوقی سووری گڵۆپی ریکلامەکان کەوتبووە سەریان و لە دەمارێکی پڕ خوێنیان دەکرد. تایە ئاسنینەکانیش ئەو دەمارانەیان دەکوتایەوە. چوار هاوەڵەکەیش چاوەکانیان لەسەر شەمەندەفەرەکە بڕی بوو. هەر لەو ساتی ئێوارەیەدا، یونس بەخەیاڵ و بەخشکەیی و لەسەر کورسییەکەوە، لە هاوەڵەکانی جویێ دەبێتەوە و لەسەر کورسییەکی ناو شەمەندەفەرەکە دادەنیشێت. خەڵکەکە هەموویان لەیەك دەچن. ماندوو، ریش نەتاشراو ترنجاونەتە ناو پاڵتۆکانیان و کارتۆنەکانەوە. زۆر بەکەمی لە تەك یەکدا دەپەیڤن و چاوەکانیان لەسەر تەختی زەوییەکەیە! کە یۆنس دەنگی: ″تکایە بلیت...″ دەبیستێت. لە جێی خۆی پێدەکەنێت و دەورتێنێت: ″ تاسە بەرەش سەفەر دەکات. تاسە زۆر لە سنوورەکان و کۆنترۆڵیش بەهێزترە..″ کە شەمەندەفەرەکە خۆی بەپێچە تاریکەکەدا دەکات. گڵۆپە سوورەکانی دواوەی وەك دوو چاوی گای توورەی ناو گۆڕەپان دەبریسکێنەوە. هێشتا بەر لەوەی کە شەمەندەفەرەکە تەواو بچێتە تاریکییەوە، یونس دەگاتە ئیزمیر. عایشەی هاوسەری، چوار منداڵەکەی و دایکە پیرەکەی، لەوێدا چاوەڕێی دەکەن. دایکە پیرەکەی بەدارشەقەکانیەوە، زۆر لە دوو ساڵی پێشوو کۆماوەتەوە. هەروەك لقێکی پڕ زەیتوون. سێ منداڵە گەورەکان لە خۆشیدا هەڵدەبەزنەوە و هاوار دەکەن: ″بابە جانتای زۆری پێیە..″

ژنەکەشی دەگری. چونکە دوو ساڵی تەنیایی هەر زۆر درێژ بوو. یونس دەستی دایکی ماچ دەکات. ئەویش دەچرپێنێت:

– دڵەکەم، هەرگیز باوەڕم نەدەکرد کە جارێکی تر دەتبینمەوە. لێ، خودا بەبەزەییە..

کە دایکی ماچی دەکات، فرمێسکە گەرمەکانی، لێوەکانی یونس دەسووتێنن! بەخێرایی دەستێك بەسەر ژنەکەیدا دێنێت. بەدزی و ناسکییەوە، دەستێکیش بەڕوومەتیدا دێنێت. ژنەکەش بۆی پێدەکەنێت و بەدەسرۆکەیەکی بچووك، فرمێسکەکانی دەسڕێت. عیسمەتی کوڕە دە ساڵانەکەی. لە هەوڵی ئەوەدایە کە جانتا قورسەکەی هەڵبگرێت، بەڵام ناتوانێت. یونسیش دەڵێت:

– بۆ تۆ قورسە. کوڕەکەم..

عیسمەتیش کە نامەی پێشووی بەداواکاری پڕ کردبووەوە، دەپرسێت:

– هەموو شتەکانت بۆ هێناوین..؟

– هەموو شتێك؟ هەموو شتێك گران بووە. تەنیا بۆ کڕینی پانتۆڵەکەت، دەستەکانم بەسووتان دا. بۆ لەو باوەڕەدای کە ئەڵمان، لە پەنجەرەوە پارە فڕێ دەدەن؟

یاسەمینی کچیشی وتی:

– دەمەوێت کراسەکەم ببینم..

دایکی هەڵیدایە:

– دەمت بگرە تا دەگەینەماڵەوە. لەوێ دەیبینیت!

کچەیش بەئینکارییەوە پێ لە زەوییەکە دەخشێنێت و دەڵێت:

–نا، هەر ئێستاکە..

عایشەیش گوێی بەتوندی ڕادەکێشێت. کە یاسەمین دەکەوێتە گریان،

یوسف پێی دەڵێت:

–دە وازی لێ بێنە.. پێی خۆشە..

هەر سێ منداڵەکە خۆیان بەیونسدا هەڵدەواسن و چاکەتەکەی ڕادەکێشن. تەنیا منداڵە کوڕە چوارەمەکەی، کە سێ ساڵانە و لە هەموویان بچووکترە، هەموو ساتەکە وەستاوە و لە خوشك و براکانی هەڵدەڕوانێت. یونس خۆی دادەنێت و ڕوو بەو دەڵێت، کە تۆزێك بەترسەوە خۆی بەکراسەکەی دایکییەوە گرتووە:

– نا؟ کەمالی بچکۆلە، ئا دەی وەرە. تۆ گەورە بوویت. من ناناسیتەوە؟

– نەء. تۆ کێیت؟

دەیگرێتە باوەش و دەڵێت:

– من باوکتم..

بەڵام منداڵەکە بەرهەڵستی دەکات و دەشگری. عایشەیش بۆ بێ تاوانی کوڕەکەی دەڵێت:

– ئەو زۆر منداڵ و یەك ساڵان بوو، کە تۆ بەری دوو ساڵ بۆ ئەڵمانیا ڕۆیشتیت.

یونس ماچێکی دەکات، بەڵام کەمال زۆرتر دەگری. چونکە ڕیشە زبرەکەی ئەم نامۆیە، پێستی دەڕووشێنێت. بۆیە بەدەم گریانەوە خۆی بەرەو دایکی وەرگێڕا.

یونسیش بەناچاری پێی دەدا و ئاو دەزێتە چاوەکانی. هەر لەسەر کورسییەکەی وێستگەی شەمەندەفەری مونشنەوە، دەورتێنێت: ″ تەنانەت کوڕەکانیشمان نامانناسنەوە...″

ئەنوەری هاوژووری کە لە پاڵیدا دانیشتووە، تێی دەژەنێت و دەڵێت:

– وەرە با بڕۆین، چونکە دەبێت سبەینێ زوو بەئاگا ببمەوە...

نــازمـیش لــە ساتـێکدا سەرنجی لـەسەر یـونسە، وەڵامـی هــاوەڵـەکـەی دەداتەوە، کە لەمان لەمێژترە کرێکاری مێوانە:

– نەفرەت لە شیشتی زوو، هەموو ڕۆژەکەم لێ تێك دەدات.

ئـەوجـا سێ هــاوەڵ پـێکـەوە بـەرەو دەرگـای دەرەوە دەچـن. پـاش چـەند هـەنگاو هـەرسێکیان بـانگ لە یونس دەکەن، کە هێشتاکە لەسەر سەکۆی دەرچـوونـی شەمـەنـدەفـەرەکـە ڕەپ وەستــاوە و سەرنجی لـەسەر سەکۆکـە چەقیوە:

– دەی بجووڵێ...

# لە نێوان خەون و شتراسەنباندا(*)

ڕەفیق شامی

کات پاش نیوەڕۆ بوو. تازە سندووقە تەماتەکانم بار کردبوو و سواری ئەسپەکە بوو‌بووم. بەکاوەخۆوە بەرەو گوندەکە دەمهاژووت، هەتا تەماتەکان نەفلیقێنەوە. لە پشتی منیشەوە ئافرەتە ژمێریارە جوانەکەی کۆگای شت فرۆشتنەکە، دانیشتبوو. بەگوێمیدا چرپاند؛ کە ئەو چ خۆم و چ تەماتەکانیشمی بەدڵە. هەردوو باڵەکانی لە ملم ئاڵاندبوو. منیش ڕوخسارم لە قۆڵ و باڵە نەرمەکەی هەڵدەسوو. ڕیشەکەم ختووکەی پێ دەهانی و دەکەوتە پێکەنین. گەیشتینە حاستی گۆڕستانەکە، کە بیرم لێ کردەوە "دەبێت گوندییەکان چۆن چاوانیان زەق بکەنەوە ئەگەر ئەم جوانە ببینن." بەڵام هیچ یەکێك لەوانەی کە پێمان دەگەیشتن، گرنگییان بەئێمە نەدەدا. تەنانەت (ماریا) پیر و پۆرخزەکەیش. سەرم سووڕما، بۆیە خۆم بەلای ژنە ژمێریارەکەدا وەرگێڕا. ئەو نەمابوو. هەر دەتوت لە هەوادا توابێتەوە. زیرەم کرد. لە دوورەوە زەنگێك دەبیسترا.. زەنگەکە تا دەهات بەرزتر دەبوو.. منیش لە ژوورێکی تاریك و سارددا بەئاگا بوومەوە. زەنگی بەئاگاکەرەوەکە هەر زۆر بەرزە. بۆیە ئەمە دووەم زەنگە لەم ساڵەدا. زەنگەکەی پێش ئەم، لە ژێر یەکەم تێسرەواندا بەساغی دەرنەچوو. لە تاریکییەکەدا گوێم لە (مستەفا)یە کە مۆنۆتۆن و ترسناك دەپرخێنێت. بەئاگاییەوە بۆ سویچەکە دەگەڕێم، کە لە ناو کابڵە پەرش و بڵاوەکانی سەر زەوییەکەیە. گڵۆپەکە هەڵدەکەم و سەرنجێکی مستەفا دەدەم. دیارە کە شەوەکە بۆ ئەو درێژ بووە، بۆیە بەچاکەت و پانتۆڵەکەیەوە خەوتووە. تەنیا پێڵاوەکانی داکەندووە. لە کراسە چرچ و لۆچەکەیدا سەیر دیارە. هاواری لێ دەکەم: "مستەفا" ئەو چاوەکانی کردەوە، بەڵام من نابینێت. ئەو شتێك

بەتورکی دەڵێت کە زۆر (ئیوو) تێدایە. بەسەریدا دەگورێنم و شانەکانی ڕادەتەکێنم "هەستە.." بەدوودڵییەوە خۆی بەلادا وەردەگێڕێت و خۆی قیت دەکاتەوە. بۆ چەند چرکەیەك سەرنج لەسەر کەڵە پەنجەی قاچی ڕادەگرێت. کە دەیشیخاتە جموجۆڵ. سەری دەخورێنێت و دەپرسێت: "باران؟" منیش دەڵێم: "نەء.. بەڵام ساردە.." هەڵدەستێت و دەکەوێتە خۆ داکەندن. منیش دەچمە کن سەرشۆرەکە و بەگومانەوە لە ئاوێنەکە دەڕوانم، کە وا هەمدیسان ڕیشم هاتووەتەوە. ئەم ڕۆژانە ئەشکەنجەیە دەهریم دەکات. بەڵام شێف وەها دەخوازێت. گوایە مشتەرییەکان حەز ناکەن من بەڕیشەوە ببینن. هەر دەڵێیت ئەوان دەیانەوێت ڕیشم بکرن. مشتەرییەکان دەخوازن من وەها ببینن، کە منیش وەك ئەوانم لێ بێت؟ وا حەوت ساڵە کە هاتوومەتە ئێرەکانە. هێشتاکەش لەم چاڵەدا دەژیم و قەرزارێکی زۆریشم. جا لەبەرئەوەی کە جێکارەکەم لە دەست نەچێت دەبێت ڕیشم بتاشم. ئەگینا مۆڵەتی مانەوەم بۆ تازە ناکەنەوە، کەوا بەم زووانە ماوەکەی بەسەر دەچێت. هەر تەواو شێتییە کە مانەوەم بەندە بەڕیشمەوە. ماوەیەکی زۆر لە دوای کرێمی ڕیش تاشینەکەدا دەگەڕێم، تا لە ژێر دەستشۆرەکەدا دەیدۆزمەوە. مستەفا بەتووڕەییەوە دەبۆڵێنێت:

– دەڵێت شێفەکەم، من نە زۆر کار دەکەم. هیچ نازانم من. وەڵا من دەکەم کار زۆر. ئەوجا دەکێشم جگەرەیەك، دێت ئەو و دەڵێت؛ تۆی تەمبەڵی تورك. بەڵام تەمبەڵ نیم من.. باشیش نییە کە هەمیشە بکەیت کار.(*)

لە کاتێکدا تامێکی ناخۆش لە دەممدایە، بۆ ئارامکردنەوەی ئەو دەڵێم:

– شێفەکەی منیش.

من بەلاوە دەنێت، بۆ ماوەیەك و لە ئاوێنەکەدا لە خۆی هەڵدەڕوانێت. لە پشتەوە پێی دەڵێم:

– تۆ قۆزیت..

ئـەویش بـێ ئـەوەی وشەیـەك بـدرکـێنـێت، دەسـتـێکـم لـێ ڕادەتـەکـێنـێت. مستەفا برێك قەڵەوە. ڕوخسارێکی خڕی هەیە. دوو چاوانی ڕەشی گەورە و لووتێکی ناسروشتی بچووك. دەڵێیت برێك خوێنی هیندییە سوورەکانی تێدایە. خۆزگە بەگوێی منی دەکرد و وازی لەو کراواتە هیچە دەهێنا. بەڵام ئەو لە بەستنی سووره، کە لە پاشای موفلیس دەچێت پێوەی. مستەفا وەکو هـەر بـەیـانـیـیـەك، خێرا خۆی شت و جزوەی قـاوەکـانـی نـایـە بـان چـاوە پیسەکەی چێشتلێنەرەکە. ئەو دەڵێت:

– دەی خێرا کە.. خۆ ئەمڕۆکە ژن ناخوازیت..

بۆنێکی خۆشی قاوەکە دێت. سوپاس بۆ خودا کەوا قاوە هەیە. من لەسەر پـێخـەفـەکـەم دادەنـیشم. مسـتـەفـاش لـە بـەرانـبـەرمـدا و لـەسەر کورسییـە کۆنـەیـەك دانیشتووە. سندووقێکیش مێزەکەمـانـە کـە بـەدرێژایـی زەمـان، ڕەنگەکانی پەڵە بازنەیی (چا) و پەڵەی ماکارۆنی ڕاڤیۆلی و سوتووی جگـەرەی گـرتـووە. هـێشتـاکـە چـارەکـە دەمـژمـێرێك کـاتمـان هـەیـە، بـۆیـە جگەرەیەك دادەگیرسێنم. کە ئیدی هەتا وێستگەکە سێ خولەکمان گەرەکە. بیری لێ دەکەمەوە؛ هەرگاڤ ئەم ڕاکەڕاکەیە. مستەفایش بەبیرەوە سەری ڕادەوەشێنێت، هەر دەڵێیت بیرمی خوێندبێتەوە. کابرای هەژار! وا بۆ شەش ساڵە کە لە ئەڵمانیایە. هەر ساڵەشی تەنیا بۆ بیست ڕۆژ لە تورکیا و لە کن ژنەکەیەتی. ئەو هەرجار بەتاسەوە چاوەڕێی ئەم دەکات، هەتا لە پێنج ڕۆژیشدا ئیدی لێی بێزار بێت. گوو بەو ژیانە. بەوەی کە من کەسێکم لە (ئەلماتا) نییە و چاوەڕێم بکات، خۆشحاڵم. من لەو جۆرە ساتانە ئازادم. بەڵام هەر زوو سەرم دەکەوێت لە شووشەی ئەو (ئەکواریۆم)ەی، کە مرۆڤ وا دەزانێت مەلەی تێدا دەکات. هەر بۆیە، گاڵتەیشم بەئازادییەکەم دێت. مستەفا دەپرسێت:

– تۆ چی کردت دوێنێ.؟(*)

منیش هەروەك هەمیشە و پاش ئێوارەیەکی خراپ دەڵێم: ″هیچ″. بەڵام هەر بەڕاستیش هەمدیسان ئێوارەیەکی خراپ بوو. بەچاوەڕوانییەکی زۆرەوە و بەڵام هەمدیسان تەنیایی. خۆ بەسەر ورگدا و بەسەر پێخەفدا کێشان. ئەو دەڕوانێتە کاتژمێرە دیگیتاڵەکەی مەچەکی، کە جارێکیان بە ٣٩ مارك کڕی و حەز بەپیشاندانی دەکات. ئەوجا وەکو هەر بەیانییەك و لە هەمان ساتدا دەڵێت: ″وەرێ کەوین..″. منیش جگەرەکانم دەخەمە گیرفانمەوە و هەڵدەستم. لە نێو ڕێگەدا ژنە پیرەکە دەبینم کە سەگەکەی وەپێش خۆی داوە. کە لە ڕاستیدا، سەگەکە ئەو ڕادەکێشێت. ڕوخسارێکی سەمەرەی هەیە، کە زۆر لە سەگەکەی دەچێت. کاتێك سەگەکەی بێ خەم بەئۆتۆمبیلێکی (ئەلفاڕۆمیۆ)دا هەڵدەمیزێت، ئەویش زۆر بەمیهرەبانییەوە لە تەکیدا دەپەیڤێت. لە وێستگەی (تراموای)ە کە هەمان خەڵکەکانی هەر ڕۆژ، لەوێکانەدا وەستاون. قەڵەوەکەی بەچرووتە ئەستوورەکەی و ڕۆژنامە (بیلّد)ەکەیەوە. کە مرۆڤ ناتوانێت بزانێت کوژاوەتەوە یان نەء. ئەو من نیگەران دەکات. ڕۆژێکیان ویستم دەنکە شقارتەیەکی بدەمێ، بەڵام بەر لەوەی کە بیدەمێ کەوتە مژ لێدان. ئیدی لەو کاتەوە قینم لەو جۆرە چرووتانەیە. سەرە ڕووتاوەکەی تەنیا شتێیەکە لەودا دەبریسکێتەوە. ورگیشی خۆی بەسەر پشتێنەکەدا شۆڕ کردووەتەوە. وا هەمدیسان ژنە پیرە کورتە باڵاکەی، چاویلکەیەکی باغەی لە چاودایە، لە نێوان ئەو و ئامێری بلیت بڕینەکەدا وەستاوە و دەڕوانێتە ئەوبەری شەقامەکە. هەر دەڵێیت کەسی بەلاوە گرنگ نەبێت. پاڵتۆیەکی نادیار ئەو لە خەڵکەکە جوێ دەکاتەوە. لە پێش ئەویشەوە گەنجەکە وەستاوە. هەر دەبێت لە سییەکانی تەمەنیدا بێت و هەمیشەش خۆشحاڵ. ئەو وەها بەحەزەوە ڕێکاوڕێك دەڕوانێت و لە چاوەڕێی هاتنی خۆشحاڵ نەبووم. بەڵکو هەموو ڕۆژێك بەو هیوایەی بووم کە ڕووداوێك بەر لە هاتنەکەی بگرێت. بەڵام ئەو

هـەمـیشە و لـەسەری ساتـەکـەدا دەگـات. کە ئـەو دەوەستێت، هـەر هـەمـان دەرگاکانن کە دەکرێنەوە. هەمان خەڵکەکانیشن سەردەکەون و لەسەر هەمان جێی کە ڕۆژی ڕابردوو دانیشتبوون، ڕۆدەنیشن. من و مستەفا بەرامبەر یەکتر دادەنیشین. من حەزم لە دانیشتنی تەنیا کورسی نییە. دوو جێگە لەپاڵ ئێمەدا بەبەتاڵی دەمێنێتەوە. بەڵام لەم حەوت ساڵەی کە بە(تراموای) هاتوچۆ دەکەم، زۆر بەدەگمەن کەسێك لە تەنیشتمانەوە دانیشتووە. لە سەرەتادا مستەفا دەیوت: "دەبێت بۆنمان لێ بێت". بەڵام وەسا نییە، چونکە ئەگەر تازەش دوشم کردبێت، هەر کەسێك لامانەوە دانـانیشێت. پـاشی مـەیدانـی (بـیسمـارك) ئیدی ترامـوایـەکە تـەواو پڕ و سیـخـنـانـە، کـە ژنـێکـی بـەپێوە وەستـاو، بـەنـاچـاری و خێرا لـە پـاڵـمـاندا دادەنـیشێت. ئـێمـەش تـەك دەدەیـن بـەلای پـەنجـەرەکـەوە. نـاو ترامـوایـەکە بێدەنگترە لە گۆڕستانی گوندەکەم. لەم بەیانییەدا دەبێت یادێك لە قەشە (مـارکـۆس) بـکـەمـەوە. کـە زۆری حـەز دەکـرد لـە وەهـا بـێدەنـگـیـیـەکدا ئامۆژگاری ئاینی بدات. ئەو بەدبەختە هەمیشە دەهەری دەبوو، چونکە خەڵکەکە هەرگیز بەئارامی دانەدەنیشتن. ئەوان لەوێکانەدا قسەکانیان دەکرد. مامەڵەی سەوزە و میوەیا بەڕێوە دەبرد و کێشە شەڕاوییەکانیشیان هـەر لـە کـەنـیسەدا چـارەسەر دەکـرد. هـەمـوو بـەیـانـیـیـەك مستـەفـا بـێدەنـگـیـیـەکـەی دەشکـانـد. ئـا ئـەمـەم لـەودا زۆر بـەدڵـە. ئیدی هـۆیـەك دەدۆزێتەوە؛ یان سەرمایەتی. یانیش منداڵێکی ژیکەلە دەبینێت. کە ئیتر دەبێت بپرسێت: "ناوت چییە..؟" وە دایکەکەی تووشی نیگەرانی دەکات. ئەمڕۆ بەدەنگی بەرز دەڵێت: "تۆ خراپ دەبیت لێرە.. لە ماڵەوە.. زۆر زۆر خراپ.."(*) پـیرەژنێکیش جـەغد لـەسەر قسەکـانـی ئـەو دەکـات. قسەکـانـی مستـەفـا ئـەویـان نیگـەران نـەکـرد. لـە هـەمـبـەری منـدا کـابـرا قـەڵـەوەکـەی بەڕۆژنامەی (بیلد)ەوە چرووتە ڕێك وەستاوەکەیەوە کە بەدەمیەوەیەتی دانیشتووە. بەدرێژایی هەموو ڕێگەکە هیچ دووکەڵێکی لێ بەرز نەبووەوە.

هەموو بەوەڕسکار نازانم، بۆیە لە ناخەوە پێدەکەنم. ئەم بەیانییە مستەفا بێدەنگ دانیشتووە. وا سەرنجی خەڵکی سەر شەقامەکە دەدات، دەڵێیت بۆ کەسێك دەگەڕێت. منیش لە خۆم دەپرسی؛ دەبێت لەم ساتەدا بیر لە چی بکاتەوە؟ دەبێت بیرەکان زۆر لە بیرەکانی منەوە دوور نەبێت. چونکە ئەو لە هەمان ژووردا دەخەوێت وەکو من. هەمان کەلوپەلەکان بەکار دێنێت. ئەویش هەر لە مەغزەندا کار دەکات. بەڵام ئەو فرۆشگای (هۆرتن) و منیش لە (کاوفهۆم). هەمان مانگانەشی هەیە وەکو من. مۆڵەتی مانەوەکەیشی دوو هەفتە پاش من تەواو دەبێت. ئەویش هەمان تامی لە دەمدایە وەکو من؛ قاوە و جگەرە. بێ شك ئەویش وەکو من، هەست بەوەی دەکات کە لە ژیاندا تەفرە درابێت. لە ڕابردوو قینم لە تورك دەبووەوە. بابم دەیوت؛ تورك ترسنۆك و قرێژ و چەمووش –وەحش–ی پاشکەوتوون. بەڵام مستەفا تەواو بەپێچەوانەوە. ئەویش بۆمی باس دەکات؛ بابی ئەویش هەر هەمان شتی لە هەمبەر یۆنانییەوە پێ وتووە. باوکی ئەو ئەوەشی پێ وتووە کە یەزدان لە پشتی ئەوانە. بابی منیش هەتا مردن لەسەر ئەو باوەڕی سوور بوو کە نەخێر، یەزدان خۆی بەتایبەتی لایەنگری ئێمەیە. جارێکیان ژیرێکی کرێکاری میوان پێمی وت: ″دەشێت کە دوو یانیش زۆرتر لەو ژمارەیە خوداوەند هەبێت..″ مستەفا کە ئەو کاتە ئاگای لەو گفتوگۆیەمان بوو، بەمجۆرە ڕای خۆی بەیان کرد: ″بۆ من هیچ مەسەلەیەك نییە و ئەو منی بەدڵە..″ مستەفا دەست لە هاووڵاتییەکی ڕادەوەشێنێت و ئەوجا ڕوو دەکاتە من: ″کەمال.. بێکار چوار منداڵ... ژنەکەی نەخۆش.. تورکیایە..″(*)

کەمال زۆر خەمبار دیاربوو. ترامواکەیش هەر دەڕوات. منیش لەبەر خۆمەوە دەڵێم؛ منیش ماوەیەکی درێژ بێ کار بووم. لە سەرەتاوە دارتاشی، ئەوجا کرێکاری بیناسازی و نهایەکەیش ئەم مەخزەنە خوا نەفرەت لێ کراوە. چونکەی کرێکاری بیناسازی منی تەواو تێك شکاندبوو، بۆیە چێژم

لە ساتی بێکارییەکەم وەرگرت. تەنانەت چێژ و خۆشییەکەم هەندێك لە هاوڕێ یۆنانییەکان و ئەو دراوسێ ئافرەتانەشی نیگەران دەکرد، کە پێش نیوەڕوان منیان لە فرۆشگاکەی (کۆئۆپ) دەخستە ژێر سەرنجی ڕەخنەیییەوە. هەموو پێش نیوەڕۆیەك لەوێکانە بووم. جار جارە هیچی وایشم نەدەکڕی، بەڵام تەنیا دەمویست بچمە ناو خەڵکەوە. دەی بەڵێ.. دەشمخواست کە ژمێریارە ژنەکە ببینم. لە ڕابردوودا وامدەزانی کە دەتوانین ببینە دوو دۆستی باش. بەڵام پێوەندییەکەمان هەر لە سەرەتاوە کۆتایی پێ هات. مستەفا چووبووەوە بۆ تورکیا. ئەوجارە، هەر هەموو ڕۆژەکە سەرگەرمی ڕێکوپێککردنی ژوورەکەم بووم. زبڵی زۆرم فڕێدایە دەرەوە. مۆمم کڕی و تۆمارکەر (تەسجیل!)ێکم بە سێ کاسێتەوە لە (یانیس) خواست. کاسێتەکانیشم وەها دانا، گوایە هەر بەڕێك کەوت وەها دانراون. شەڕابی (ڕاتسینا) و فستق و باسوورمەی زۆرم کڕی. چونکە ئەو حەزیان لێ دەکات. ئەو دەیخواست کاتژمێری حەوت بێت. پێ دەچێت کە هۆکارەکە، دواکەوتنی ئەو یاخود تاسەی ئەو هەموو ساڵەی بێ ژنییەم بووبێت. چونکە چواردە ساڵان بەو هیوایەی بیت کە بچێتە جێگەوە، نەرمونیانی و سەبر ناهێڵێت. ئەو کە هات لەوەی سەرسووڕماو بوو، هەر پاش ماوەیەکی زۆر کورت خۆم بەسەریدا کێشا. پێم وایە منیش ئەوەم نەدەکرد، ئەگەر ئەو دەمژمێری ٩ نەهاتبایە و نەدەبوایە دەمژمێری ١٠ بڕۆیشتبایە. ژنێکی میهرەبان بوو. ئەو هەرگیز وەها پێوەندییەکی لەتەك کرێکارێکی میواندا نەبوو. لەو باوەڕەشدام کە هەرگیز نایەوێت هەیبێت. ئیدی لەو شەرمەزارییەوە، هەرگیز نەچوومەوە بۆ فرۆشگاکەی (کۆئۆپ). مستەفا بەسەرمدا دەگوڕێنێت: "مەیدانی ماریا..". ئیدی دادەبەزین و ماوەیەك پێکەوە دەڕۆین هەتا من بەلای چەپدا و بەرەو فرۆشگای (کاوفهۆف) پێچ دەکەمەوە. مستەفاش سەد مەترێك دەڕوات و دەگاتە فرۆشگای (هۆرتن). من دەبێت هەر هەموو ڕۆژەکە لە مەخزەنەوە، میوە بۆ

سەر ڕەفەکان بێنم. کارێکی تاقەت پسێن و وەڕسکەر، هەر وەرە و بڕۆ. لەو باوەڕەی دام کە لە ڕۆژێکدا کیلۆ مێترێکی زۆر دێم و دەچم. لە ڕابردوودا کارمەندەکەی فەرمانگەی کار بەپێکەنینەوە پێمی وت؛ ئەو کارە بۆ ملیۆنێرێك دەچێتە بری وەرزش. بەڵام من گاڵتەم بەوەرزش و ئۆڵۆمپیاد دێت. ئەو کاتەی کە بەدلەکەم لەبەر دەکەم، شێفەکە وەدەر دەکەوێت. ئەڵمانێکی چیکییە، کە هەوڵ دەدات وەکو ئەڵمانە ڕەسەنەکانی ئەڵمانیا خۆی دەربخات. بەبەزەیی، میهرەبان، سەرکز و ساردوسڕ!.

– بەیانییەکی خۆشتان بۆ دەخوازم، جەنابی – یوانیدێس–..

ئەو تەنیا کەسێکە کە من بەجەناب بانگ دەکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵخۆشم ناکات. خۆ ئەگەر دەیزانی کە بەیانییەکەم چۆنە..؟ بەڵام منیش وەڵامی سڵاوەکەی دەدەمەوە. لە پشتەوەی مەخزەنەکە (میلۆڤان)ی یۆگۆسلاڤی دەبینم. ئەو وەکو هەمیشە سەری گەرمە. ئەگەرچی ئەو حەزی پێ ناکات و ناشتوانێت هەڵوێستەیەك وەربگرێت، بەڵام ئێمە ناومان لێ ناوە (تیتۆ). بۆ پێنج ساڵان دەچێت کە زەوقی تەواو نییە و کەچی بەسەر سووریاییەکەدا بۆڵەی دێت، چونکە ئەو هەمو شتێك دەخوات. ئەوەی بکەوێتە دەستییەوە، تەنیا مەگەر تەختە و ئاسن نەبێت. میلۆڤان بۆمی گێڕایەوە؛ کە خەریکبوو لە کاتی خواردن و خێرای چواردە قەیسیدا، بخنکێت. چونکەی شێف بەسەردا هاتووە و ئەویش حەز بەوە ناکات کەسێك شت بخوات. من سندووقە تەماتەکان لەسەر یەکتر هەڵدەچنم و بەرەو ئەسانسۆر (مەسعەد!)ەکە دەچم. کە لەوێدا بە(سامی)ە سووریاییەکە دەگەم. ئێمە پێی دەڵێین (محەمەد عەلی)، چونکە ئەو هێندە بەهێزە. ئەویش دژ نییە و پێیشی خۆشە. ئەو خوێندکارە. بەڵام من هەرگیز بەخوێندکاری نەمدیوە. ئەو هەمیشەش وەها سەیر دەکات، دەڵێیت لەسەر هەڵهاتنە. بەپێکەنینەوە دەپرسم: ″چۆنیت..؟″ وەك هەمیشە دەڵێت: ″خراپم″ ئەگەرچی گوزەرانی، وەك بەرازی نێو زۆنگاو هەر زۆر باشە. منیش وەکو

هەمیشە دەپرسمەوە: ″ئەی بۆچ؟″. ″هاوڕێ کچەکەم وازی لێ هێناوم..″ بێ ئەوەی گرنگی بەئەسانسۆرەکە بدەم پرسیار دەکەمەوە: ″بۆچی؟″. دەکەوێتە سکالای حالی خۆی: ″هەمیشە بێ شانسم. ئەو کەسێکی تری لە گەشتەکەیدا ناسیوە...″ منیش قسەکەی پێ دەبڕم: ″محەمەد عەلی، تۆ دەبێت پارەت هەبێت نەك ماسولکە.. پارە.. هاوڕێ..!″.

ئەوجا پاڵ دەنێم بەگارییەکەوە، بۆ ناو ئەسانسۆرەکەی وا تازە گەیشتووە. بەویش دەڵێم: ″دەی هەتا دوایی″. ئەسانسۆرەکە من دەبات بۆ هۆڵی فرۆشتن لە نهۆمی خوارەوە. لەوێکانەدا سندووقەکان بەتاڵ دەکەمە ناو سندووقی فرۆشتنی هەراجەوە. کە ئیدی بەرەو مەخزەن بەرێ دەکەومەوە. لە یەك چارەکە کاتژمێردا کامیۆن بەبارە سەوزەوە دێن و دەبێت بەتاڵ بکرێن. شێف بەکۆمەڵێك کاغەزی زۆرەوە وەدەر دەکەوێت. ئەو بەبەدلە سپییەکەیەوە لە پزیشك دەچێت. ئەویش وەها شەرەفێکی پێ دەبڕدرێت:

″جەنابی یوانیدێس، وەرە لەگەڵمدا″

من دەزانم کە لە جێیەکی دی، کارێکی تر هەیە. بەپلیکانەکاندا سەر دەکەوین. پلیکانەکانی پشتی ژوورەکانی فرۆشتن، ناخۆشن. نازانم بۆچی کە بەبینینی ئەم پلیکانە و دیوارە شیش ئاسنینانە، دەبێت بیر لەو بەندیخانەیە بکەمەوە کە لە یۆنان تێیدا بووم. لە بەشی قوماشدا شێفەکەم بۆ ڕوون دەکاتەوە کە دوو کەسی کەمن. بۆیە پێویستە کە من لەگەڵ کرێکارێکی کاتی و ژنێکی پیردا، کە خۆی لە وێکانەدا کار دەکات، تۆپە قوماشی گەورە بەسەر بچووکتردا، پەنجایی و سەد مەتریدا بەش بکەین. پاشان لەسەر گارییەك هەڵدەچنرێن و دەنێردرێن بۆ بەشی فرۆشتن. کرێکارە کاتییەکە خوێندکارێکە. ئیدی دەست پێ دەکەین. من ئەمەم جارێ تریش کردووە. ئێستا کەسێکی دی بەتاڵکردنی کەمیۆنەکان

وەئەستۆ دەگرێت. من دەکەومە پێوان. خوێندکارەکەش لەسەر پارچەیەك تەختەی دەیپێچێتەوە و منیش کۆتاییەکەی دەبڕم. میوە بێت یاخود قوماش، هیچ جیاوازییەکی نییە. دەبێت بۆ کەسێکی ڕووتی ژێر باران چی بێت، ئەگەر سەتڵێك ئاویشی بەسەردا خاڵی بکەیتەوە؟ پێم وایە کە ئەو ژنە لەگەڵ ئێمەدا هیچی بۆ مەیسەر نابێت. دەمخاتەوە یادی (ئەلفریدە). ژنە شێفە قەڵەوەکەی لە چێشتخانەیەکی سەربازی ئەمریکیدا کاری دەکرد. منیش هەموو ئێوارەیەك و چەند ساڵێك لەوێکانەدا کارم دەکرد. جا چونکە من زۆر قسە و چەند لاریم دەکرد، ئەویش منی سزا دەدا و لە لێوان شتنەوە دەیناردم بۆ مەنجەڵ شتن. هاوکارێکی زەحمەتکێشم کەسێکی میهرەبان بەناوی (ئیلیاس) بوو. ئێمە نیوە مردوو بەو ژنە پێدەکەنین. بەڵام لێرەکانە و لە بەشی قوماشدا، شتێك بۆ پێکەنین نییە. خوێندکارەکە هەموو نیو کاتژمێرێك لێم دەپرسێت: ″ئەرێ دەمژێر چەندە؟″ کە دەشبێتە نێوەڕۆژە خۆی دەدزێتەوە، بەو بیانووەی کە دەبێت کچەکەی دۆستی ببینێت. منیش خۆم بەرەو کافتێریاکە بەکێش دەکەم. لەوێکانەدا. سووریاییەکە، میلۆڤان و گیۆڤانی بەشی گۆشت، لەسەر مێزێك دانیشتون. جێگەم خاڵییە. منیش لایانەوە دادەنیشم. بۆ ئەوەی پرسیار نەکەن خۆم دەڵێم: ″بەشی قوماش″. سووریاییەکە دەپرسێت: ″ئەی چۆن بوو؟″

منیش دەڵێم: ″وەڕسکەرە″. خواردنەکە تامی هیچ نادات. ئیتالییەکە گاڵتە بەفەنتازیای ئەڵمان دەکات لە خواردندا: ″هەمیشە هەمان تامی خەستە شلەکان و ئەو پارچە چەرمە کولاوانەی کە ناوێکی تام خۆشیان لێ دەنێن..″ سوورییەکە خۆی بەسەر مێزەکەدا دەچەمێنێتەوە. ئەو هەر کاتێك وەها ڕوخسارێك بگرێتە خۆی، ئەوا شتێکی گرنگی بۆ وتن پێیە: ″ژمێریارە ژنەکە لەگەڵ شێفدا بوو..!″. (ئەها) کەی ئیتالییەکە هێندە بەرز بوو کە سوورییەکە ناچار بوو لە قسە بوەستێت. بۆکسێکی گەیاندە ورگی ئیتالییەکە و درێژەی پێ دایەوە: ″بۆیە لەوەی سەرتان سووڕ نەمێنێت کە

ئـەو وەهـا قـوندەرێك مێردیـەتـی. دەبێت ئـەوەش بزانـێت.. چـونكـە لـووتـی بـەهـەمـوو كـون و كـەلـەبـەرێكدا دەكـات." مـنـیش دەڕوانمـە ئـەوبـەر و ژنـە ژمێریارەكە. ئەو لەوەی جوانترە، هـەتا لـە خەونمدا. (یۆسێی) ئیسپانییەكە دەدوزمەوە. لەو كاتـەوەی لە تەك ژنە بەساڵاچووەكەی بەشی پۆشاكدا زەماوەندی كردووە، نایەوێت لە تەك ئێمەدا سەر و كاری هەبێت. ئەو بەفسكەوە دەستێكم لێ هەڵدەخات. منیش وا بەدەنگی بەرز سڵاوی لێ دەكـەم: "نـــا، چـــۆنـــیت..؟" كـــە سوور هـــەڵـــدەگـــەڕێت. خـــێرا دەستـــی هەڵدەتەكێنێتەوە و نوقمی ناو كورسییەكەی دەبێت. ژنەكەی كە پشتی لە ئـێمـەیـە خـۆی وەردەگێڕێت. هـێندەش زەحمـەت بـەخـۆی نـادات كـە تـەنـیـا بـزەیـەكـیش بـكـات. ئـیـتـالـیـیـەكە سەرنجمـان بـۆ سەر ئـافـرەتـێكی گـەنـج ڕادەكێشێت كـە چـاوەكـانـی جـوانـن. تـەنـیـا یـۆگـۆسلاڤـیـیـەكـە بـەكـاوەخـۆ و بـەچـێژەوە خـەستـە شلـەكـە دەخـوات. پـێ دەچـێت ئـەو بـیر لـە خـانـووەكـەی بكاتەوە كە هـەرگیز تەواو نابێت.. بۆیە ناتوانێت گوێی لە شتی دی بێت. تەنیا ئەگەر باسێكی بیناسازی بكەین، ئەویش دەردی خۆی لە دەستی نرخ و بەهـای بـەرز دەردەبڕێت. ئەو تا ڕادەیەك هـەموو شتێك لە هـەمبەر، تەختە و چیمەنتۆ و ئاسنەوە دەزانێت. پاش نیوەڕۆكە، زیاد لە هـەزار مەتر قـومـاشمـان لـوول كـرد. خـوێنـدكـارە گـەنجـەكە زۆر خـەمـبـار دیـارە. كـەم دەپەیڤێت و زوو زووش دەچێتە تەوالێت. ژنە پیرەكەش یەكبینە گلەیی لە ڕۆیشتنی خراپی كاری ئەو دەكات. بەزەییم پێیدا دێتەوە. ئەو یەكبینە و بـــەردەوام كـــارەكـــەی خـــۆی دەكـــات. وە نـــاشیـــەوێت كـــە خـــەڵك هـــەست بـــەمـــانـــدووبـــوونـــەكـــەی بـــكـــەن. بـــەڵام لـــە ڕوخسارە گـرژەكـەی و دەستـە ماندووەكانیدا، ناكرێت كە كارگەری (مۆنۆتۆنیی)، هـەردەم پاتەبوونەوەی كـــاری ڕۆژانـــەی تـــێدا بـــەدی نـــەكـــرێت. پـــۆشاكـــەكـــانـــی بـــەریشی، بـــێ متومووروەوە. لە كافتێریاكەدا بەتەنیا دادەنیشێت و كەسێكیش لە خەمیدا نییە. من جارێكیان هـەوڵم دا لەگەڵیدا قسە بكەم. چونكە مێردەكەی لە

شەڕی یـۆگـۆسلاڤـیـایـە. ئـیدی پـیـاوەکـەشی بـاوەڕی وایـە کـە هـەمـوو لێوارەکانی زەریای ناوەڕاست، سەر بەیۆگۆسلاڤیایە. ئیدی پیاوەکەشی هـەر چـیـیـەکـی کـردبـێت، بۆ ئـەم مـەسـەلـە یـەك نـیـیـە، ئـەو نـامـافـیـیـە کـە مـێردەکـەیـان لـێ بـردووە. جـارێکـیـان پـێی وتم: "یـۆنـانـی بێت و یـاخـود سلاڤی، وەك یەك وایە.." منیش بیر دەکەمەوە کە ڕاست بکات. ئەو تەنیا مـانـگـێك بـوو مـێردەکـەی دەنـاسی، کـەچـی لـە شەڕدا بـزر بـوو. پـاشان نـامـەیـەکـی بـۆ هـاتبـوو کـە تێیدا؛ بـاسی بوێری ئـەوی تێدا کرابـوو. ئـەو تەنانەت بەوشەوە نانازێت. ئەو نهاکە تەمەنی ٦٠ ساڵانە. بەڵام هەر دەڵێیت لەو یەك مانگەی ژیانیدا لە تەك مێردەکەیدا، ئەزموونی هەموو ژیانی وەرگرتبێت. ئیدی لەو کاتەوە، کار دەکات، دەخوات، دەخەوێت و بـێدار دەبـێتـەوە، هـەتـا بـەکـاتـی مـردن بـگـات. خـوێنـدکـارە گـەنجـەکـە بـەپرسـیـارێکـی گـەمـژەیـیـانـە، بـیـرکـردنـەوەکـەمـی پـچـڕی: "-ڕۆسۆس-ی گۆرانیبێژ دەناسیت..؟ تراڤۆڵتا دەناسیت،،؟" ئەگەرچی ئەو گۆرانیبێژە کە بە(ئەسپی نیل.. واتە ئاوی) دەچێت و ئەو تازەیەشە (تراڤۆڵتا) کە منداڵی کۆمەڵگەی یۆنانیی شێت کردووە دەناسم، بەڵام هەمیشە ئینکاری دەکەم. خوێندکارەکەش سەری دەسوڕمێت لەوەی کە من چ بێ ئاگایەکم. ئیدی هەر هەموو پاش نیوەڕۆکە خەمبار بوو. بەڵام جار جارەش پرسیار لە شتێکی ناقۆڵا دەکات. ئەم تۆپە قوماشە قاوەییە جوانە جێی سەرنجمە. چەند جاران خوشکەکەم لە (واڵماتا)، خەونی بەوەها قوماشێکەوە دەدی. لە گوندەکەمدا قوماشی وەها جوانی لێ نەبوو. ئەگەر ئەو لە (تیسالۆنیکی) قوماشێکی وەها ڕندی بدیایە، ئیدی کە ئێوارە دەگەڕایەوە، باسی هیچی تری نەدەکرد ئەوە نەبێت. ئێمە نەماندەتوانی هەرگیز وەها شتێك بکڕین. ئەمڕۆکە مێردەکەشی هەر ناتوانێت بیکڕێت. دەبێت ئێستاکە ئەو سەگە تـەمبـەڵـە چـی بـکـات؟ لـەوە دەچـێت کـە ئـێستـاکـە لـە قـاوەخـانـەی مـەیدانی گوندەکە دانیشتبێت. خواردنـەوە ڤـانیلییـەکـەی دەشڵـەقێنێت و گاڵتەش

بە(ناسیۆس)ی شێت دەکات. کە پاشانیش بەجگەرەیەك لێی دەبووریت. ژنە پیرەکە بێ ئەوەی بنوارێتە دەمژمێر، سەری کات بەچرکە دەزانێت. لەوە دەچێت کە چرکەکان بژمێرێت؟ من تۆپە قوماشەکە لەسەر مێزەکە جێ دێڵم و بەرەو ئەمبارەکە دەچم هەتا چاکەتەکەم بێنم. ئیدی پەلە دەکەم بگەمە بەر دەمژمێری کارتی کارەکە. بێ شك کە سوورییەکە نهاکە لەوێکانەدا وەستاوە، دەڵێیت ئەو هەمیشە خۆی بۆ دەمژمێری کارت لێدانەکە مات داوە. بەڵام من هەر چۆنێك خێرا بکەم، ئەو لەمێژە لەوێکانەدا وەستاوە. میلۆڤان خۆی بەرەو ئەوێکانە بەکێش دەکات و لە پشتمەوە دەوەستێت. ئەگەرچی مەرج نییە کە هەمیشە وەها بێت و ئەویش دەتوانێت زووتر لە پێش منەوە لەسەردا بێت. ئەو لە خورتە خورتدایە. ئەو دەبێت ئێستاکە بچێتە کن (ئەمیس) بۆ دەفر شتن. چونکە دەبێت خانووەکەی تەواو ببێت. دەرەوە هەر زۆر ساردە. وا دیارە کە میلۆڤان حیسابی نرخی وزەی گەرما سەرفکردن دەکات. لە وێستگەکە هەر هەمان کەسەکانی دوای کار تەواوبوون وەستاون. هەندێك فرۆشیار و کرێکاری میوان، کە پێ دەچێت خەڵکانی ولاتانی پۆڵۆنیا و ڕۆمانیا بن. هەر هەمووان ماندوو و لەش بەبار. لەوە دەچێت کە ئەوانیش وەکو (میلۆڤان) خانوو دروست بکەن. دەنگێك لە ناخەوە سەرکۆنەم دەکات: ″منی بێ مێشکیش هەر وەها بیرێکم نەبوو؟ بەڵام وازم لێ هێنا. ئەمەش مەبەستی هەر سەربازێکە، پاش دۆڕان و نەمانی شەڕ. بەڵام ئایا ئەم کەسە بێ چارانە چ سوودێك لە خانووەکانیان ببینن کە بەچل ساڵی تێکشکاو دیارن. جارێکیان سەرخۆشێکی یۆنانی پێیمی وت: ″ ئامۆژگاری و پەندی جووتیارێك دەبێت سوودی چی بۆ هاوین و پایز هەبێت، ئەگەر لە بەهاردا چرۆکان خولی خۆیان تەواو نەکەن؟″ کە دادەبەزم، ترسی ئەوە دامدەگرێتەوە، نامەیەکم بەهەواڵی ناخۆشەوە بۆ هاتبێت. بەڵام سندووقە شکاوی پۆستەکەم خەیاڵییە. تەنانەت ڕیکلامەکیشی تێدا نییە. کە ئەمەش

من تووڕە دەکات. لەسەر پلیکانەکانەوە بۆنی خۆشی باینجان و سیر دێت، کە من حەزیان لێ دەکەم. پێ دەچێت هەمدیسان لە چێشتخانەکەی (فات)ەی هاوسەرەکەی (عەلی) کوردەوە بێت. ئەو خواردنی باش چێ دەکات. سەر پلیکانەکان تاریکە. کۆتایی گڵۆپ بەری چەند مانگان سووتا. مرۆ دەبێت ئاگای لە خۆی بێت، بەتایبەتی لە نهۆمی سێیەم کە بێجگە لە نەبوونی ڕووناکی، لایەکی (محاجره!) لاپەرژینە ئاسنییەکە نەماوە. گەلێك جارانیش دەرگاکان کراونەتەوە. تەنیا دەرگای (گیۆسیپە)ی ئیتالی داخراوە. ئەویش هاووڵاتییەکانی لێیان داوە و لە نەخۆشخانە کەوتووە. کە بەلای دەرگاکەیدا دەڕۆم لە بەرخۆوە دەڵێم: ″ئەی هەژار..″. کە دەرگای ژوورەکەمان دەکەمەوە، بۆنی گۆرەوی بەرەو ڕووم دێت. پەنجەرەکە دەکەمەوە و بڕیار دەدەم، ئەمڕۆ بۆ کۆکردنەوەی ماڵەوە تەرخان بکەم. وا بۆ چەند مانگە کە ناوماڵمان ڕێکوپێك نەکردووە. کۆتایی جار نۆبەی کێ بوو؟ مستەفا. دەی باشە. بەڵام با جارێ جگەرەیەك بکێشم. لەسەر پێخەفە شکاوەکەم دادەنیشم و وەك نەهەنگێك هەڵمدەلووشێت. بەسەر دیوارەکەی بەرامبەرەوە وێنەی ئافرەتانی ڕووت هەڵواسراون. دانەیەکیان تۆزێك مرقدۆستانە پێدەکەنێت. ئێستاکە ئەو چی دەکات؟ هەر لە ژیاندایە؟ بەسەرنجدانی ئەم وێنانە تووڕەییەك دامدەگرێتەوە، کە لەم ساتەدا خەریکم لە دیوارەکەی دابدڕم.. جگەرەکەش تامێکی ناخۆشی هەیە. بۆیە دەیکوژێنمەوە و دەکەومە کۆکردنەوە. وا هەمدیسان یەك سەرەنوێلك لە پیسی. قنچکە جگەرە، قوتوو. دەبێت چەند جاران دایکم ئەمەی کردبێت؟ ئایا ئەم کارەی بە ١٠٠ مارك بۆ دەکردم. دراخما پارەیەکی زۆر نییە.. بەڵام ١٠٠ ماركیش هێجگار زۆر نییە بۆ ئەم کارە. هەر بەڕاستی ئەم بوتڵ کۆکردنەوانەی مستەفا، بۆ مۆزەخانەیەك باشن. ژنەکەی ئەم هەموو بوتڵانەی بۆ چییە؟ کە لە کۆکردنەوە لێ دەبمەوە، ژوورەکە لە پێشوو خراپترە. من دەمویست سێ عەلاگە پڕ زبڵەکە بۆ زبڵخانەکە ببەم، کە

مستەفا تەڕ و بەپێکەنینەوە هاتە ژوورەوە. دەستەکانی لێك دەخشێنێت و دەڵێت: ″خودا گەورەیە″ کە لە دەرەوە دەگەڕێمەوە، ئەو لە کن سەرشۆرەکەوە وەستاوە و دەپرسێت: ″تۆ دەچیتە دەرەوە ئەمڕۆ..؟″(*) من بەم ڕۆژە ناخۆشە حەوسەڵەی چوونە دەرەوەم نییە. یەقین ئەویش نییەتی. گەرەکمە کەمێك بخەوم، بۆیە خۆم پاڵ دەخەم. سەرنجی مستەفا دەدەم، چۆن قوتوویەك ماسی زاردێل، قوتوویەك زەیتوون و پیازێك لەسەر کورسییەکەی بەر پێخەفەکەی دادەنێت. دادەنیشێت و دەکەوێتە خواردن. خۆ منیش برسیمە، بەڵام قێزکردنەوەم لە ماکارۆنییە (ڕاڤیۆلیی)ەکەی فرۆشگای (ئەلدی)، کە هێشتاکە ماومە بەری ئارەزوومی گرتووە و تێرم. چونکەی حەوسەڵەی هیچم نییە، لەو دەپرسم: ″یاری تاوڵە دەکەیت؟″ ئەویش بەحەزەوە دەڵێت: ″ئەها.. ئەها..″ تاوڵەکە دێنم و لەسەر سندووقەکە دایدەنێم. مستەفاش پەلە لە خواردنەکەی دەکات. دەپرسێت: ″تۆش بیرە..؟″ دەڵێم ″بەڵێ″ و ئیدی دەست پێ دەکەین. ئەو بەڕاستی باش یاری دەکات. خولی یەکەم و دووەمیش دەباتەوە. بیرەکەش هیچ تامێکی نییە. زارەکە هەڵدەدەم و دەڵێم: ″ئەوەیش هەراجییەکی خراپە″. من پێویستم بەدوو پێنجێکە، هەتا بتوانم خولی سێیەم ببەمەوە.

بەڵام دوو و سێیەکم بۆ دێت، کە بەش ناکات. مستەفاش کە پێی خۆشە هەردەم دەڵێت: ″خراپ.. خراپ..″ لە کاتی ڕێکخستنی داشەکاندا بۆ خولی چوارەم، دەیەوێت نیگەرانم بکات: ″تۆ بۆ خوێندنگەی تاوڵە بچۆ. تۆ ناتوانیت بکەیت خێرا یاری..″(*) منیش بۆ ئەوەی تووڕەبوونەکەم بشارمەوە، پێدەکەنم. لە دەرگا دەدرێت و هەردووکمان سەرنج دەدەینە سەر دەرگاکە. مستەفا هاوار دەکات؛ ″بەڵێ..″ کە محەمەدی فیتەر دێتە ژوورەوە. هەڵدەستین، دەستی دەدەینێ و بەتەوقەیەکی بەهێز بەخێرهاتنی دەکەین. محەمەد بەشڵەژاوییەوە لە تەك مستەفا دەپەیڤێت. مستەفاش واقی وڕماوە. هەر جارەشی وشەی (بۆزکورتلەر/گورگە بۆزەکان) پاتە

دەبێتەوە. من تێ دەگەم، چونکەی مستەفا باسی ئەوانی بۆ من کردووە. محەمەد ئەو ساتەی کە دەستی چەپی بۆ سوێند خواردن بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە، دەستی ڕاستیشی نایە بان سمێڵی. منیش بەدەست جووڵانەکەیدا، لەوە تێ دەگەم کە گورگە بۆزەکان، بەزنجیر و یاخود بەگوریس، لە یەکێك لە هەڤاڵەکانی ئەو و مستەفایان داوە. مستەفا تووڕە دەبێت. بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت، شووشەکە بەلادا دەخات و بیرەکە هەڵدەچێت. بیرەکە دەڕژێتە سەر زەوییەکە. منیش هەوڵ دەدەم کە خێرا هەڵی بگرمەوە. مستەفا لە کارتۆنەکەی ژێر پێخەفەکەدا پێڵاوەکانی دێنێت. خێراش چاکەتە کۆنەیەکی چەرم لەبەر دەکات و بەشڵەژاوییەوە بەخواسپاردن دەکات. محەمەد بەچاوە خەمبارەکانییەوە تێم دەڕوانێت و دەڵێت: ″ببوورە″. من حەزم دەکرد لە تەکیاندا بچوومایە، بەڵام ترسی زۆرترم لە تازەنەکردنەوەی مۆڵەتی مانەوەکەمە هەتا بەرەوڕووبوونەوەم لەگەڵ ئەو شەڕکەرانەدا، کە لێرەکانەش وازمان لێ ناهێنن. مستەفا لە ژوورەکە دەچێتە دەرەوە و محەمەدیش بەدوایدا. منیش لە ژوورەکەدا و بەتەنیا دەمێنێمەوە. بەر لەوەی دانیشم مستەفا بەڕاکردن دێتەوە ژوورەوە. لە دۆلابەکەدا چەقۆیەکەی دەردێنێت و بەمن دەڵێت: ″لەوە دەچێت.. باشتر بێت..″ دەردەپەڕێتەوە دەرەوە. لەسەر پێخەفە پەڕپووتەکەم دادەنیشمەوە و دەڕوانمە کەفاوی بیرەکە. زارەکانی تاوڵەکە وا پەرش و بڵاوبوونەتەوە، بەسەربازی بەربڵاو و خۆ ئامادەکەر بۆ هێرش دەچن. کە سندووقی تاوڵەکە دادەخەم، زارەکانی دەکەونە خوارەوە دەکەونە جووڵە و هێرشبردن. پاڵ دەکەومە سەر پێخەفەکەم... لە ناکاو خۆم لە دوور و لە شەقامی وێستگەی سەرەکی دەبینمەوە.. کراسەکەم خەڵتانی خوێنە و چەقۆکەی دەستم بەدەوری خۆمدا ڕادەوەشێنم. (ماریا)ی ژنە پیرەکە گرژ و مۆنەکەی گوندەکەمان دەبینم. کە بەترسەوە لێم دوور دەکەوێتەوە. گەلە گورگ و (سەگە شوان) هێرشم بۆ دێنن. تا نهاکە ددانی وەها گەورەی

سەگـەشوانم نـەدیـوە. مـحـەمـەدیش لـە لایـەکـی تـرەوە و بـەزنجیـرێك لـە پارێزگاری خۆیدایە. بەڵام دەخزێت و دەکەوێت، گورگەکان دەگەنە سەری. پەنجەرەی زۆر کەوتوونەتە سەر شەقامەکە. لە پەنجەرەکانەوە خەڵکی بـەواقـوڕمـاویـیـەوە لـەم شەڕە خـوێنـاویـیـە دەڕوانـن. مـن دەکـەومـە نـاو تایەکەوە. تایەکەیش غلۆر دەبێتەوە و دەڕوات. لەوسەری شەقامەکەش گۆماوێکە. کە ئاوڕ دەدەمەوە، هەموو گورگەکان وەدوام کەوتوون. من دەکەومە ناو گۆمەکەوە و لە ناو شەپۆڵە نیللی و کەفاوەدا، پەلەقاژە دەکەم. گورگەکان لە لێوارەکەدا دەوەستن. ئاوەکەی پشتە سەرم ڕەنگی سووری خوێنی گرتووە. دەگەمە لێوارەکەی ئەوبەر. بەسەر دیوارێکدا هەڵدەزنێم و هاوار بۆ یارمەتی دەکەم... بەڵام لە قووڵایی شەقامدا، لە نێوانی فڕکە و ونگەی ئوتومبێلدا و لە نێوان زرنگەی بڵندی زەنگی (تراموای)دا، کەس ناتوانێت گوێی لە هاوارمەوە بێت. زەنگەکە زیاد و زیاتر، بڵند و بڵندتر دەبێت و بەرەو منیش دێت. منیش ترس دامدەگرێتەوە، چونکە نازانم لە چ لایەکەوە دێت... بەئاگە دەبمەوە و بە(زەنگی بەئاگاکەرەوەکەدا) دەکێشم.

---

(*) ئەم دەربڕینانە بەشکاوی و وەکو خۆی وەرگێڕدراون. بۆ ئەوەی لە مانا و مەبەستی دەقەکە کەم نەبێتەوە. زۆربەی کرێکاری مێوان زۆر بەدژواری زمان فێر دەبن.

# پێست ئەستوور

ڕەفیق شامی

وا ساڵانێکە گوندەکەمم جێ هێشتووە. دەمویست تەنیا بۆ پێنج ساڵان لێرەکانە بمێنمەوە، کەچی ئیدی نەگەڕامەوە. لە سەرەتاوە مانگەکان و پاشانیش ڕۆژەکانم دەژمارد. بەڵام ئیتر وا ساڵانێکە کە نایانژمێرم. کات بەسەر مندا زاڵ بوو و نهاکە ئەم وڵاتە نیشتمانی منە. پاش ئەو ساڵانە ئیدی بەفر و دارستانەکانی بۆ من نامۆ نین. ماوەیەکی زۆریش وێنەی گوندە تۆز و خۆڵاوییەکەمم هەر لە مێشکدا بوو. هەر لە منداڵییەوە ڕۆژ بێ بەزەییانە ئێسقانەکانمی هەڵدەقرچاند و دەبرژاند. ئایا مرۆڤ دەکارێت هەروا بەئاسانی شتە سەمەرەکانی زارۆکی لە یاد بکات؟ من ناتوانم، چونکە ڕابردووەکان لە قووڵاییدان و لەوێکانەدا خۆیان مەڵاس داوە. هەتا بێت لەم وڵاتە ساردەدا، هەست بەهاووڵاتیبوونی خۆم دەکەم. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بیرەوەرییانە بەرم پێ دەگرن. دوو ساڵ لەمەوبەر، لەناکاو هەستێکی وەهام بۆ هات، کە بەپێویستم دەزانی بڕۆمە دەرەوە. هەوای ئێرە هەڵمژم و بەگرنگییەوە سەرنجی ڕوخسارەکان، پەنجەرەی کۆگاکان و ناوی شەقامەکان بدەم و بەهی خۆمیان بزانم. هەروەك بمەوێت کە بەو وێنانە بیرەوەرییەکانم کپ بکەم و لە ناویان بەرم. هەتا ئەو ساتەی کە بە(عەلی) گەیشتم، توانیم بیکەم. پێش نیوەڕۆی شەممەکە، بەشەقامە سەرەکییەکەدا پیاسەم دەکرد کە لەپڕدا (عەلی سۆرایی)م دی. باوەڕم بەچاوەکانی خۆم نەدەکرد. هەر لە لێك دابڕانمانەوە هەتا نهاکە، ڕوخساری هیچی وا نەگۆڕدرا بوو. بەڵام کێ دەیتوانی بڵێت؛ ئەو پیاوەی کە دەیڕوانییە کراس و چاکەتە گرانبەهاکانی پشت پەنجەرەی کۆگاکان، هەمان ئەو (عەلی)یەیە کە بۆ پازدە ساڵ لەمەوبەر گوندەکەمانی جێ

هێشت؟ كە بەدەنگی بەرز بانگم لێ كرد: "عەلی.." ئەو خۆی وەرگێڕا و لە ناو خەڵكەكەدا بۆ ڕوخسارێكی ئاشنا دەگەڕا. كە سەرنجی منی دا، زەردەخەنەیەكم بۆی كرد. چونكە تەواو دەمزانی كە ئەوە (عەلی)یە، (عەلی) هاوڕێی باشی منداڵیم، بۆیە بەدەنگی بەرز هاوارم كرد:

– ئەی خودایە، (عەلی).. ئەوە خۆتی؟

ئەویش بەئەسپایی پرسی:

– تۆ كێیت، (حیكمەت)یت..؟

– بەڵێ، هاوڕێكەت.. (حیكمەت)، وەرەو باوەشت پێدا بكەم..

بەرەو لای چووم. دەستم خستە سەر شانەكانی و وتم:

– من تۆم بەلووتە خوارەكەتدا ناسییەوە، كە هیچ نەگۆڕدراوە.

ئەوجا ئەملا و لایم ماچ كرد. بەڵام ئەو بەگەرمی و لە ناخەوە سڵاو و خۆشی نەكرد، بەڵكو بەدەستە پاچەییەوە لێمی هەڵدەڕوانی. منیش بەشەوقەوە پرسیم:

– ئەوە چیتە؟

ئەویش هەر خێرا وەڵامی دایەوە:

– خۆ تۆ دەزانیت كە ئەڵمان پێیان خۆش نییە، دوو پیاو یەكتری ماچ بكەن.

دەمزانی كە شتی وەها ڕاست نییە. منیش ئەڵمان ناس دەكەم كە یەكتر ماچ دەكەن. بەڵام نەمدەویست لەگەڵ (عەلی)دا بیكەمە چەلەحانێ. پێشنیارم كرد؛ با بڕۆین و دوو قاوە بخۆینەوە. وا دیاربوو كە زۆر بەدڵی نەبوو. وتیشی كە ئەو كاری زۆرە. بەڵام هەر چۆنێك بێت دەتوانێت بەخێرایی قاوەیەكم لە تەكدا بخواتەوە. ئەویش لەو قاوەخانەیەی كە وا بەلایدا تێپەڕین. دوو قاوەمان داوا كرد و كەوتمە پرسیاركردن. بەڵام ئەو

زۆر بەکورتی وەڵامی دەدایەوە. بەنیگەرانییەوە لێمی هەڵڕوانی و وتی:

– حیکمەت گیان، ئێستا چۆن هەر هەموو شتێکت بۆ باس بکەم...

– بۆچی ئیتر هیچ هەواڵێکت نەبوو؟ تەنانەت دایك و بابیشت نەیاندەزانی گوزەرانیت چۆنە...

– بەڵێ. جا چۆنت بۆ باس بکەم. لە سەرەتاوە زڕباب و دایکەکەم، نەیاندەویست کە من سەردانی دایك و بابم لە تورکیا بکەم و بیانبینم. لە دواییشدا، من خۆم نەمدەویست. دەزانیت کە ئێمە دەگۆڕدرێین؟ بەڵام دایك و بابمان هەر لە جێی خۆیاندا دەمێننەوە؟ دە ساڵ بەر لە ئێستا شەرمم دەکرد بەدایکم بگەم، چونکە هەستم دەکرد کە خۆشم ناوێت. بەڵکو بەپێچەوانەیشەوە، بۆ من جێی شەرمەزاری بوو. بەڕاستی بەزەییم بەو هەژارانەدا دێتەوە. بەبارێك کارتۆنی زۆرەوە هاتە ئێرەکانە. نیسك و نۆك و فاسۆڵیای لە تەك خۆیدا هێنابوو.. (کەمێك پێکەنی ودرێژەی پێ دایەوە) وەك بڵێیت کە ئێمە لێرەکانە برسیەتی دەچێژین. دەی ئەویش هیچ نییە. من ژیانی خۆم هەیە و ئەوانیش هی خۆیان...

ماوەیەکی کورت بێدەنگ بوو و ئەوجا پێکەنی. بەنزمی و خۆییبیانەوە وتی:

– تۆ تەنیا کەسێکیت کە پاشی دە ساڵان بە(عەلی) ناوم دەبەیت. من ناوم (عەلی سۆرایی) نییە و ناوم (ئەلیبێرت موللەر)ە و هاووڵاتی ئەڵمانم.

کەوتیشە دەست ڕاوەشان، هەر وەکو بیەوێت بیرەوەرییە ناخۆشەکان لە خۆ دوور بخاتەوە. ئینجا وتی:

– ئێستا پێمی بڵێ، چی تۆی گەیاندووەتە ئێرە؟

– ئەوەش داستانێکی درێژە. دوای ئەوەی کە تۆ لە تەك ئەڵمانەکاندا گوندەکەمانت بەجێ هێشت، منیش دەبوایە واز لە خوێندنگا بێنم، لە کانە

بەردەکان و لە بەرد شکاندندا هاوکاری بابم بکەم. دۆزەخ بوو. ئیدی ئەو زاڵمەش وتی؛ کاتەکەی خراپە و بابمی دەرکرد. بابیشم لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە بەپارچە زەوییە بچکۆلەکەمان بژین. بەڵام هەرچی پاچکاریمان تێدا دەکرد، زەوییەکە بەتەپ و تۆز و خۆڵ وەڵامی دەداینەوە. ئیدی بابم چوو بۆ شاری (مونیخ) و ساڵێك لەوێکانەدا کاری کرد. پاشان منیشی بۆ ئێرەکانە هانی، هەتا منیش شتێك پەیدا بکەم. بەڵام دوای دوو ساڵان ئەو داماوە بەسەکتەی دڵ مرد. دەتوت لەوەوبەر دەیزانی کە دەمرێت، بۆیە منی بۆ ئێرەکانە هانی، هەتا بتوانم کە بژێو بۆ دایکم و پێنج خوشك و براکەم پەیدا بکەم. ئیدی وا دە ساڵانە لێرەکانەم و وە...

قومێکی لە قاوەکەی دا و قسەی پێ بڕیم:

– ئەی ئەڵمانیات بەلاوە چۆنە؟

– هەر وەکو هەر تورکێکی باش و خراپ. لە دە ساڵیدا دوژمنی زۆرم بۆ خۆم پەیدا کردووە و هەندێکیش دۆست و هەڤاڵی دڵسۆز.

کە من جگەرەیەکم گڕ دا، ئەو بەئاوازێکی گاڵتەئامێزەوە پرسی:

– ئەوەی کە ناتەوێت بیڵێیت، توانیوتە ئەڵمان بکەیتە دۆستی خۆت؟

– هەروەك پێم وتیت، باشیان تێدایە، کە من چۆنم وەها قبووڵم دەکەن. ئەی تۆ؟ هەڤاڵی ئەڵمان و یانیش دۆستی ئافرەتی ئەڵمانیت هەیە؟

عەلی بەشڵەژاوییەوە بەدەوری خۆیدا هەڵڕوانی و وتی:

– دەنگت بەرز مەکەوە. ئێمە لە ئەستەنبۆڵ نین. نەخێر، من لە ناو ئەو قوندەرانەدا هەڤاڵم نییە. من لە ناو ئەمانەدا تەنیا ئازارم کێشاوە.

– بۆچی ئازارت کێشاوە، خۆ زڕ دایك و بابەکەت دەوڵەمەندن؟!

– دەوڵەمەندی؟ بەڵێ وایە. بەڵام بەر لە هەر شتێك قینم لەوان دەبووەوە. ئەوان ئازاری منیان دەدا. ئەوان لە هەوڵی ئەوەیدا بوون کە لە من

ئەڵمانێك دروست بکەن. دەکاریت هەستی پێ بکەیت، چ تامێکی هەیە کە هەمیشە ئامۆژگاری بکرێیت؟: تۆ زۆر دەپەیڤیت. تۆ باش بەرگ ناپۆشیت. تۆ هەمدیسان خۆت پیس کردەوە. کوڕی ئەکادیمییەك بۆی نییە وشەکانی وەکو گەواد بەسەر زمانیدا بێنێت. تۆ نابێت بگریت. تۆ پێویستە فێر بیت چۆن زەردەخەنە دەکەیت، ئەگەر سکیشت ئازاری هەبێت. تۆ نابێت بچیتە فلان جێگە، چونکە فرۆشیاری ماددەی سڕکەر و دوودەکی لێیە. ئەو جێیەی تریش نا چونکە ئاشوبگێڕەکانی لێیە. چونکە ئەوان کارت تێ دەکەن و پاشان ناوی موللەریش پیس دەکەیت... (هەناسەیەکی قووڵی دایەوە و درێژەی پێ دایەوە) بەڵام بۆ یەك شت سوپاسیان دەکەم. کە بەپێی زەمانە پێستەکەم وەها ئەستوور بووە، هیچ شتێك کاری لێ ناکات. تەنانەت ئەوانیش کە بوونە هۆی ئەم پێست ئەستوورییەم، هەتا مردنیشیان وایاندەزانی کە خۆشم دەوێن.

کەوتمە دڵدانەوەی.

– دەخۆ ئەو هەمووی بەسەر چووە. نهاکە دەتوانیت بەختەوەر بژیت.

– بەختەوەری؟! من بەدبەختترین کەسێکم کە تۆ لە ژیانتدا دیوتە. خەڵکی کە گوێیان لە ناوەکەم وەك موللەر دەبێت، لێم هەڵدەڕوانن و بەئەڵمانیش لە تەکمدا دەپەیڤن. بەڵام بەسەرنج پێم دەڵێن: تۆ سەر بەئێمە نیت! تۆ واز لە داستانی خەمباریی من بێنە و خۆت چۆنیت؟ ژن و منداڵت هەیە؟

– بەڵێ کچێك کە ناوی کاتارینایە.

– چی؟ کاتارینا؟ کەواتە تۆ ئەڵمانێکت مارە کردووە؟ ئێستاکە تێ دەگەم کە بۆچی ئەوانت بەدڵە...

– نا نا، من لە تەك ئەڵمانێکدا زەماوەندم نەکردووە، بەڵکو لە تەك یۆنانییەکدا.

– یۆنانی..؟ خۆ ئەو... دەمەویت بڵێم چۆن لە یەکتر تێ دەگەن؟

– هەردووکمان بەئەڵمانی دەپەیڤین.

هەمدیسان بەسەرسامییەوە پرسی:

– ئەی باشە بۆچ دەبێت یۆنانییەك بێت؟

– بۆچی نا؟ ئەو هەموو شتێکی لە تەك مندا بەش کردووە. چ خەم و چ شادیش. ئەو... (من دەمویست لە هەمبەر ماریاوە قسەی بۆ بکەم، بەڵام هەستم کرد چۆن بەسەر کورسییەکەوە قەلەقە و دەیرِوانییە دەمژمێرەکەی) ئەوە چییە؟ گەرەکتە برۆیت؟

بەئارامی وەڵامی دایەوە:

– ببوورە، برێك پەلەمە.

هەرچی لێی پارامەوە کە ماوەیەکی دیش بمێنێتەوە، بەڵام ئەو داوای لێبووردنی کرد. کارتێکی خۆی پێ دام و رۆیشت. لەسەر رێی چوونە ماڵەوە، ساڵانی منداڵیم هاتنەوە یاد. وێنەی زۆر روون کە دەتوت وا دوێنێ روویان داوە. "ژن و مێردە ئەڵمانەکەی کە هاتنە گوندەکەوە. پیاوەکە قەڵەوێك بوو. کە پانتۆڵی کورتی لە پێ دابوو. چاویلکەیەکی رەش بەبەرچاوییەوە و کڵاوێکی سپی لەسەردا بوو. ژنەکەش، بچکۆلە و وردیلە. رووداوێکی سەیر بوو. هاتنە گوندەکە و لای (مەولوودە)ی دایکی عەلی ژوورێکیان بەکرێ گرت. ئیدی هەموو گوندەکە لە هەمبەر ئەو پرۆفیسۆرە ئەڵمانییەوە دەپەیڤان، کە هەر وەکو مامۆستای گوندەکە دەیتوانی بەتورکی قسە بکات. هەموو دانیشتوانی گوندەکە پێیان خۆشبوو و قبووڵیان بوو. تەنیا سێ کەس ئەوانیان خۆش نەدەویست. خاڵە سەلیم و عەلی و من. خاڵە سەلیم لەبەرئەوە پرۆفیسۆری خۆش نەدەویست، چونکە هەر گاڤ ئەم باسی جەنگی بکردبایە، ئەویش بەرپەرچی قسەکانی ئەمی دەدایەوە. عەلیش بۆیە حەزی لە چارەی نەبوو. چونکە ئیتر دەبوایە لە تەك

دایك و باب و حەوت خوشك و برایەکەیدا، لە ژوورێکدا بنووستبایە. منیش، بەڕاستی هیچ هۆکارێکم نەبوو هەتا دژی پرۆفیسۆر بم، تەنیا پشتگیری ڕا و بۆچوونی ئەو دووانەم دەکرد چونکە خۆشەویستم بوون. ئیدی هەموو ساڵێك پرۆفیسۆر و ژنەکەی، بۆ مانگێك دەهاتنە ئێرەکانە. پاشان دەرکەوت کە ئەوان گەرەکیانە عەلی لە تەك خۆیاندا بۆ ئەڵمانیا بەرن. بۆیە هەمدیسان دانیشتوانی گوندەکە بۆ دۆزێك دوو بۆچوونی جیاوازیان تێ کەوت. هەندێکیان ئیرەییان بەبابی عەلی دەبرد. چونکە وا بژێوی کەسێکی لە کۆڵ دەبێتەوە و بڕێکیش پارە وەردەگرێت! خاڵە سەلیم و ئەوانی دیش ئێوارەی ئەو ڕۆژە لە سەرتاشخانەکەی گوند، گفتوگۆیەکیان بەڕێوە برد. کە ئایە ئەم منداڵ فرۆشتنە شایانی قبووڵە؟ بەڵام عەلی ڕۆیشت بۆ ئەڵمانیا..." بەخۆشحاڵییەوە ئەم بەیەککگەیشتنەم بۆ ماریا گێڕایەوە. بەڵام ئەو بەساردییەوە هەڵوێستی وەرگرت و زۆریش بەکورتی وتی: مادام ئەو ئاوەها باس لە دایکی بکات، قوندەرە..! ماریا زۆر خێرا بۆچوونی خۆی لە هەمبەر هاووڵاتییەکانەوە دەردەبڕێت. بەڵام لە بەرامبەر یۆنانی و ئەڵمانەوە لەسەرخۆترە. خۆ منیش زۆر جاران هێندە بەگرنگی ناگرم، بەڵام ئاخر عەلی وەك کەسێکی تر نییە. بۆیە بەسەر ماریادا قیژاندم؛ بەڵام ئەو هاوڕێی منە؟ ئەوجا کەوتمە هەوڵی ئەوەی بۆی شی بکەمەوە، عەلی مرۆڤێکە پەسند و باشە. ئەگەرچی نهاکە عەلی ناوی – ئەلی بێرت–ە، بەڵام دڵە باشەکەی هەر دەمێنێت. ئەو خۆیشی لەو کردەوەیەی پەشیمانە و نیگەرانە. بەڵام ماریا نەیدەویست هیچ ببیستێت. ئەوجا زۆر بەکورتی وتی: بۆ من هیچ گرنگییەکی نییە. ئیدی خۆشی بۆ نووستن ڕاکشاند و منی لە تەك ئازاری گەدەکەمدا بەتەنیا جێ هێشت. چەندین ڕۆژ لە ناخەوە بەو هیوایە بووم کە عەلی ئێوارەیەك دەربکەوێت. هەتا ئەو بۆچوونە خراپەی کە ماریا لەسەر ئەو هەیەتی، نەیمێنێت. بەڵام پاشی دوو هەفتە هاتەوە یادم کە ئەو ناونیشانەکەی منی بەلاوە نییە.

بۆیە کەمایەسییەکەم خستە سەر خۆم. بەو مەبەستەی کە بۆ ماریای بسەلمێنم، عەلی مرۆڤێکی باشە، چوومە کابینەیەکی تەلەفۆن و تەلەفۆنم بۆی کرد. بەڵام عەلی هیچ گرنگییەکی پیشان نەدا: ″من هاوسەرەکەت ناناسم. بەڵام ئەگەر دەخوازیت دەتوانیت سەردانێکم بکەیت″ تۆزێك نیگەران بووم. چونکە  بۆ منی تورك سەردانی هاوڕێیەك، کردەوەیەکی دڵخۆشکەرە. حەزی هاوڕێیەتی لە خوێنم دایە. خۆ ئەگەر کەسێکیشم زۆر لەمێژ بێت نەدیتبێت، ئەوا دڵ بۆ دیدارێکی بێ ئۆقرە لێ دەدات. ئایا عەلیش ئەم شڵەژانەی نییە؟ بەرەو شەقامی– تسیۆلین – بەڕێ کەوتم. کەوتبووە گەڕەکێکی سەوز و دەوڵەمەندەوە. ئوتۆمبێلی گرانبەها بەشەقامە پان و پاقژەکەدا فرتەیان دەهات. کە گەیشتمە خانووی ژمارە ٨٩ وامدەزانی لێم تێکچووە. چونکە لە مێشکی مندا، عەلیم لە کوڵیتە بچکۆلەکەی باوکیدا دەدی. بەڵام ناوی سەر زەنگەکە ڕاست بوو. ئەو لە پەنجەرەی ڤیلا یەك نهۆمییەکەوە خۆی دەرخست. بۆم پێکەنی و ئیتر دیار نەما. کە زیکە لە دەرگاکەوە هەڵسا، منیش پاڵم پێوە نا. پلیکانەیەك پێگەکەی بەرەو دەرگایەکی پڕ لە نەخش و نیگار دەبرد. کە لەوێشەوە دەکرا باخچەکەی پشتەوە ببینرێت. عەلی بانگی لێ کردم؛ وەرە ژوورەوە. کە چوومە ژوورەوە هەستم بەساردییەکی نێوانمان کرد، کە منی لەو دوور دەخستەوە، بۆیە نەیشمانتوانی باوەش بەیەکتردا بکەین. عەلی هەتا بەردەرگا گەورەکە ڕۆیشت و پێڵاوە پاکەکانی لە فەرشە بچکۆلەکەی بەردەرگاکە خشاند. ئەگەرچی سەرم سووڕما، بەڵام منیش هەروەك ئەوم کرد. عەلی خۆی بەسەر قەنەفەیەکی چەرمی گەورە دادا. منیش لە بەرانبەریدا و لەسەر قەنەفەکە درێژ دانیشتم. خولەکەکانی بێدەنگییەکی نیگەرانکەر تێپەڕین. جا بۆ ئەوەی کە بێدەنگییەکە بشکێنم وتم:

– خانوویەکی جوانت هەیە؟

دەستەکانیشی هەڵتەکاند و وەڵامی دایەوە:

– کەمێك مۆدێل کۆنە. لە پیرەکانمەوە بۆم ماوەتەوە.

هێدی هێدی کەوتینە سەر ئەوەی، کە باس لە سەردەمی منداڵیمان بکەین. ئەو سەردەمەی کە بۆ من جێی باس و گفتوگۆ بوو. بەڵام وا دیارە کە من بەهەڵەدا چووبێتم. چونکە ئەو زۆر کەم ئەو ڕووداوە گرنگانەی لە بیر ماون کە بۆ هەردووکمان گرنگ بوون. هەستێکی وەهام بۆ هات کە ژیان بۆ عەلی، لە تەمەنی یازدە ساڵی و لە ئەڵمانیاوە دەستی پێ کردبێت. ئیدی ئەوانەی ڕابردوو مردوون. هەستم بەنیگەرانی و تەنیایی ڕۆحی دەکرد. بۆیە بابەتەکەم گۆڕی و پرسیم:

– بۆ چ ژن ناخوازیت؟

پێکەنی و وتی:

– ئاخ.. واز بێنە. دەڵێیت خەڵافاویت. مرۆڤ لێرەکانە خۆشەویستی نازانێت. بەوەفابوون بۆ ئەوان وشەیەکی نامۆیە. بەخودای لە تورکیا ئەگەری ئەوە هەیە کە قاتیی نان هەبێت، بەڵام خەڵکەکەی ڕەوشت پەسندن. لێرەکانە لە هەر شت تێرن. بڕوانە ڕوخسارەکانیشیان. هیچ نیشانەیەکی کەرامەتیان تێدا نییە.

هێدی هێدی تووڕە دەبووم. بۆیە ئازاری گەدەم سەری هەڵدایەوە. چونکە وا لە لایەن ئەم زەلامەوە، دۆستەکانم بەقەحپە و گەواد ناوزەد دەکرێن. بەئاگاییەوە پرسیم:

– وامدەزانی کە زانکۆت تەواو کردووە. با پێتی بڵێم: کە پێویستی نان، دەتوانێت هەر کەسێك بخاتە سەر ئەژنۆ. وا دیارە کە تۆ تورکیات باش نەناسیوە. یان بەڕاستی ئەو تورکانە ناس ناکەیت کە لێرەکانە دەژین. بەئینکارییەوە سەری ڕاوەشاند. منیش درێژەم پێ دا:

– کەواتە تۆ دەبێت لەوەی سەرت نەسوڕمێت، چونکە ئەوان کێشەی تریان هەیە، وەك لە کەرامەتە سوارە ئاساکەی جەنابت. کێشەی ئەوەی کە

وەك مرۆڤی ئاسایی مافیان هەبێت و جێی کاریان تەئمین بێت...

عەلی بەپێکەنینەوە قسەی پێ بڕیم:

– تۆ هەر وەك سیاسیەك دەپەیڤیت. دەی بڵێ کە تۆش خۆت هەڵدەقورتێنیت..

– ئەی خۆ منیش لێرەکانە دەژیم. هەروەك ئەوانی تر پەیوەندی بەمنیشەوە هەیە.

– بەڵام ئەوان دەتوانن لەم وڵاتە دەرتبکەن..

بەدەنگێکی بەرزتر وەڵامم دایەوە:

– مەگەر پاشەڵم دەربکەنە دەرەوە.

بەڵام لە ناخیشەوە دەلەرزیم و لە گێڕانەوە دەترسام. هەمدیسان بێدەنگی باڵی بەسەرماندا کێشایەوە. عەلی لە چێشتخانەکە قاوەی کرد و گەڕایەوە. تەنیا بەپەلە و لابەلایی، دەیویست باس لە ژیانی لاوێتی خۆی لە ئەڵمانیادا بکات. بۆ نموونە؛ چۆن هاوڕێی خوێندکارەکانی ئازاریان داوە، بەوەی ناویان لێ ناوە –عەلی ڕەشکە–. نەشیانویستووە لە دەرەوەی خوێندنگا، هیچ پێوەندییەکیان پێوەی هەبێت. تەنانەت ئەو کچانەشی ئەمیان ویستووە، حەزیان کردووە کە بەدزییەوە یەکتر ببینن. وتیشی: وا دیارە کە تۆ لەمەڕ هاوڕێیەتییەوە بەختت هەبێت، بەڵام من لێرەکانە یەك هاوەڵیشم نییە. لەناکاو بەزەییم پێیدا هاتەوە. هەر چۆن بێت هەستم بەنیگەرانی دەکرد. چونکە وا دیاربوو کە منیش لە پارێزگاریکردنی دۆستاکانمدا، زیادەڕۆییم کردبێت. ئەرێ چەند جاران لە ناویاندا هەستم بەتەنیایی کردووە؟ ئەی چەند جاران دەبوایە باسێکیان چەند جاران بۆ ڕاڤە بکەم؟ چونکە نەك هەر لە زمانەکەم بەڵکو لە بابەتەکە تێ نەگەیشتبوون؟ بەڵام عەلی نەك هەر نەفرەتی لە ئەڵمان دەکرد، بەڵکو لە نەوەکانیشیان. بۆیە ناچاری دەکردم کە دیواری پارێزگاری بڕێك بەرزتر

هەڵچنم. زەنگێك لێ درا. هەستم کرد کە عەلی چۆن شڵەژا. بەڵام کە ئەو، پیاوە گەورە ڕیشدارەکە و ئافرەتە جوانەکەی پێ ناساندم. بەوانیشی وت: ئەوەش حیکمەت.. تورکێکە.. ئا لەوێدا هەستم کرد کە ئەو شەرمی لە بوونی من لەوێکانەدا دەکرد. ئەو پاش نیوەڕۆیەش تەواو تێ گەیشتم، عەلی چۆن شەرمی لە بەرەوڕووبوونەوەی دایکی کردبێت. هیچ شتێك لەوەی خراپتر نییە، مرۆڤ خۆی هێندە دابەزێنێتە خوارەوە، شەرم لە بوونی کەسێکی دی لەوێکانەدا بکات. ئەو وەها هەڵسوکەوتی دەکردم دەتوت هەر لەوێکانەشدا نیم. ئەو خۆی تەنیا لە تەك ئەواندا سەرگەرم کردبوو، کە لەسەر قەنەفەکە و لە پاڵ یەکتردا دانیشتبوون. هەرسێکیان باسی نوێترین فیلمیان دەکرد. کابرا ڕیشدارەکە دەیهێنامە یادی بابم. کابرا بەسەر شانی عەلییەوە کە پشت لە من و لەسەر تەپڵەکێك دانیشتبوو، لە منی هەڵدەڕوانی. ئەو بەدەنگی بەرز پرسی: ″چۆنیت؟″ منیش بەبێ تاقەتییەوە وتم : ″باشم″. ئیتر حەوسەڵەی پرسیار و وەڵامم نەبوو، بۆیە کەوتمە کێشانی جگەرەیەك. عەلی هەڵسا هەتا چایان بۆ لێ بنێت. هیچی لە من نەپرسی، بەڵکو هەر بەدەم ڕێگەوە وتی:

– خۆ تۆش یەکێك دەخۆیتەوە؟

لەناکاو چێژم لەوەی وەرگرت، کە بەبوونم لێرەکانەدا ئازاری عەلی دەدەم. کابرا ڕیشنەکە خۆی ڕاست کردەوە، پاڵێکی بەژنەکەوە بۆ ئەولاترەوە نا و وتی:

– تورکیا زۆر جوان. ئەڵمان نییە ڕۆژ. ئەڵمان زۆر کار. باش نییە کار. وا نییە؟

کەوتمە سەرنجدانی خۆی و ئینجا ئافرەتەکەی تەنیشتی، کە تەنیا وەکو ماسکێك زەردەخەنەی دەکرد. ئەوجا لێیم پرسی:

– هەمیشە بەئەڵمانییەکی وەها خراپ دەپەیڤن..؟

هەردووکیان بەدەستە پاچەییەوە لە یەکیان هەڵڕوانی و سەریان ڕاوەشاند. وتم:

– نازانن بەئەڵمانی قسان بکەن؟

پیاوەکە ورتاندی:

– بەڵێ ، بەڵێ.

ئینجا ئافرەتەکە بەمەکر و مەراییەوە پێمی وت:

– بەڵام جەنابتان، باش بەئەڵمانی دەپەیڤن.

ئیتر هەردووکیان یەك وشە لەگەڵ مندا نەپەیڤان. بەڵام نەیاندەزانی کە من ئەم دوو ڕستەیە لە هاوڕێکەمەوە فێر بووم. ئیدی هێندەم پاتە کردبوونەوە کە بتوانم بەبێ دەرکەوتنی دەڤۆك دەریان ببڕم. بۆ ئەوەی کە ئەم جۆرە کەسانە بەسەر لووتدا بخەم. ئیدی بێدەنگ بوون. هەردوو پرسیارەکەم کاری خۆیان کرد. کە تەواو نیگەران بووم، ماڵەکەم بەجێ هێشت. ئەگەرچی دەرەوە هەتاو و گەرم بوو، بەڵام من لە تووڕەییدا دەلەرزیم. لە ڕاستیشدا، ئەگەر بمویستایە کە زۆرتر ئەشکەنجەی عەلی بدەم، دەبوایە بمایەتەوە. بەڕای من ئەگەر لەو حاڵەتەدا ماریا بوایە، هێندەی من بیناسم، چاکەی بەسەریدا دەکرد و دوای پێنج خولەکیش دەڕۆیشت. باشە ئەی من بۆچی لە تێکدانی خەیاڵات دەترسێم؟ ترسێك کە ئەو سەردەمەشی لە تورکیا و هەر هەموو ڕۆژەکەش ئەشکەنجەیان دام، هەتا ناوی کرێکارە چالاکەکان بڵێم، هەستم پێ نەکرد؟! باشە خۆ لەوێکانەدا ترس لە مردن هەبوو. بەڵام لێرەکانە ترسێکی خێرا و تۆقێنەر نییە، بەڵکو ترسێکی هێمن و لەسەرخۆ هەیە. چەند هەفتە بەسەر دیدارەکەمدا بۆ لای عەلی تێپەڕی. بەڵام ئازاری گەدەکەشم هەراسانی کردبووم. نەمدەتوانی بەسانایی ناوی عەلیش ببیستم، کەچی ماریاش بەوە ئەشکەنجەی دەدام کە جار جارە و بەپێکەنینێکی ئازاردەرانەوە

دەیپرسی: ″دەی کوا هاوڕێکەت عەلی، نەیدەویست کە میوانداریمان لێ بکات؟″ ئایا ماریاش لە بیری کردبوو کە خۆیشی یۆنانییە؟ چونکە لە یۆنانیش خەڵکی بەوەها پێوەندییەك گاڵتە و قەشمەر ناکەن. منیش هەمیشە بەسەریا دەمقیژاند. ئێوارەیەك بۆ ئاهەنگێك بانگهێشتە کرابوون. ماریا بەخۆشی دەیبردە سەر و بەڵام من نەء. هەر لە خۆوە بەزەییم بەو لاوانەدا دەهاتەوە کە سەراپای لەشیان بەرگی جینسیان لەبەردا بوو. قژیان بژ و فرفڕ کردبوو. زۆرتر ئەوانم بەمەڕ دەهاتە بەرچاوان کە لە ترسی قەساب، خۆیان لە ناو درك و داڵدا مەلاس دابێت. لەسەر ڕێگەی هاتنەوەمان، ماریا بەبێ زەوقی من پێدەکەنی. بەدەنگی بەرز سترانی دەچڕی و هانی ئەو کچ و کوڕانەی دەدا، چێژ لە ژیان وەردەگرن و لێ ناگەڕێن کە ترس کاریگەری خراپی بۆ سەر ژیان هەبێت. سترانەکە گۆرانییەکی کۆنی یۆنانی بوو. بەڵام ئەو هەر بەهەڵە دەیوت و بۆیشی گرنگ نەبوو. عەلیش بۆ ئەو ئیدی باسێك نەبوو. منیش خۆم لە شەقامی سەرەکی دەپاراست، هەتا بەعەلی نەگەم. سەرلەبەیانییەکی ڕۆژێکی شەممە، دەبوایە بۆ هەندێك کەلوپەل کڕین بچمە بازاڕی گەورە. کە لە دوکانەکە هاتمە دەرەوە بەعەلی گەیشتم. ئەو ڕەنگی گەشایەوە:

– ئۆوو خودایە، ئەوە تۆ لە کوێیت؟

من لە هەوڵی ئەوەدا بووم کە تێی بگەیەنم، ئێمە دوو ڕێگەی جیاوازمان هەیە، بەڵام عەلی بەسەرنجە خەمبارەکەیەوە لێی ڕوانیم و وتی:

– ئاوا بەو خێراییە منداڵیمانت لە بیر کرد؟ من وامدەزانی کە تۆ هاوڕێمیت!

خەریکبوو دەکەوتمە گریان. چونکە سەرم لەم بەزمە دەرنەدەچوو. منیش وتم: دەبێت بچمەوە بۆ ماڵەوە. باشترە کە ئەم ئێوارەیە یەکتری ببینین و لەو بارەیەوە قسان بکەین. ئەویش بەخۆشحاڵییەوە ڕازی بوو.

دەوروبەری کاتژمێری نۆ وەڕێ کەوتم. عەلی لە چاوەڕێکردندا جگەرەی دەکێشا و دەهات و دەچوو. هەرکە منی بەدی کرد گەشایەوە و پێکەوە چووینە بارێکەوە. دووکەڵێکی خنکێنەر بەری سەقفە نزمەکەی گرتبوو. بەهەموو لایەکی دیوارەکانەوە داس و وێنەی خەڵکی، بەجلکی کۆنە سەربازییەوە و لە چوارچێوەی لێوار ئاڵتوونیدا هەڵواسرابوو. هیچێك لە ڕوخساری وێنەکان پێنەدەکەنین. دوو کورسیمان هەڵبژارد کە دوو پیرە پیاویش لەوێکانەدا دانیشتبوون. ئەوان لە قاتەکانی بەریاندا هەژارانە دەبینران. لە پاڵ ئێمەدا چوار گەنجی قەمسەڵەی چەرم لەبەر کردبوویانە هەرا و زەنا. ئەوان ئاوازگەلێکیان بەدەنگی بەرز دەخوێند کە جار جارە و لە نێواندا، وشەی ئەڵمان دەوترایەوە. بەدەنگی بەرز لێوانەکانیان بەرز دەکردەوە و دەیانخواردەوە. تۆکمە و قژ کورتێکیان توانجێکی دا ″وێستگەی سەرەکیش شایانی ئەوانە نییە!″ هاومێزە قژ کورتە ڕەقەڵانەکەی وەڵامی دایەوە: نازانم کە لە کێی وڵاتەکەمدا خۆم بشارمەوە ″من دەستم کەوتە لەرزین، بەڵام عەلی کە پشت لەوان دانیشتبوو، بەپشتە دەستی منیدا کێشاو چرپاندی″ بنوارە بزانە چی دەکەم خۆی بەلای ئەواندا وەرگێڕا و بەدەنگی بەرز وتی:

– ئێوارەیەکی خۆشتان بۆ دەخوازم.

قەڵەوەکە بەسەرسامییەوە ڕوانییە عەلی و وتی:

– نە.. ئێوارەی خۆشت..

عەلی خۆی بەلای بارمەنەکەدا وەرگێڕا و وتی:

– تکایە دوو بیرەی پێلس.

بارمەنەکەی کە بەرەو لای ئێمە بەرێگەوە بوو. دوو پێلسی پاتە کردەوە و خۆی وەرگێڕا. عەلی بەگوێمیدا چرپاند:

– بنوارە چۆن ئەم بەرازانە ڕازی و خۆشحاڵ دەکەم. مرۆڤ تەنیا دەبێت

بزانێت، چۆن لە تەکیاندا هەڵسوکەوت دەکات.

بەڵام ئەژنۆکانم دەلەرزین. عەلی وتی:

من ئەزموونم هەیە. ئەمانە خەڵکانی چەپەڵن. ئەگەر پێستت ئەستوور نەبێت، تەنیا بەسەرنجەکانیان زامدارت دەکەن. ئەگەر بەسەرتا زاڵ بن هەموو خۆیان بەسەرتا دەکێشن. لەبەرئەوەی کە چوار کەسەکە هەردەم بڵندتر دەپەیڤان، بۆیە نەمدەتوانی کە باش گوێم لە عەلییەوە بێت. گوێم لێ بوو کە وتیان: ″دەی با بڕۆین!″ ئیدی پێکەنینە قەباحەتەکەیان ئازاری گوێمی دەدا.

# نەء، سپاس

داخینك چین

دەمژمێری حەوت و نیو بۆ شێوان، لە کن جەنابی (هێرتس) بانگهێشتە کراوم. جا لەبەرئەوەی کە دەبێت دووجاران ڕۆیشتنەکەم بەپاس و تراموای بگۆڕم، بۆیە زووتر لە ماڵ دەرچووم.

ڕۆیشتنەکەم هاسان بەڕێوە چوو. بۆیە توانیم حەوت و چارەك لەبەر ماڵەکەیاندا بم.

"سپاس بۆ یەزدان. چونکە ئەڵمانی زۆر گرنگ بەکات دەدەن. خۆشحاڵم بەوەی کە زووتر هاتووم." چاکەتەکەم ڕێك دەکەم و لە دەرگاکە دەدەم. بیر دەکەمەوە؛ ئەرێ کەسێك دیار نییە. بۆ؟ دەبێت کەسێك لە ماڵ بێت؟ یانیش پێ دەچێت کەسێك گوێی لێوە نەبێت. بۆیە دەستم بەزەنگەکەدا نایەوە. دوای ماوەیەك خانمی (هێرتس)، بەبەرکۆشێکەوە دەرگای کردەوە:

– ئەی خودایە.. ئەوە جەنابتان لێرەن؟!

دەستیشی بەلوێچێکی بەرکۆشەکەی سڕی:

– ببوورن کە ناتوانم ئەوێکانە جێ بێڵم، چونکە گۆشتەکە هێشتا لە مەنجەڵەکەدایە. دەی فەرموو وەرە ژوورەوە.

کە لە هۆڵەکەدا بووین، جەنابی (هێرتس) بەسەبەتەیەکی پڕ لە شەڕاب و خواردنەوەی تر و میوەوە، لە ژێر خانووەکە دەرکەوت:

– سڵاوی خودات لێ بێت جەنابی (ڤو)، وامدەزانی کە درەنگترت پێ دەچێت. خۆ جەنابتان لە دوور دەژین. بەداخەوە کە ناتوانم دەستمت پێ بدەم، چونکە گەلێك پیسە...

(تاق...) شەقەیەك لە ژووری دانیشتنەوە هەموومانی داچڵەکاند. جەنابی

هێرتس و هاوسەرەکەی بەرەو ژووەکە فرتەیان کرد. کچەکەیان لەسەر فەرشەکە دەگری. دەشڕوانێتە پارچەکانی گوڵدانە شکاو و گوڵەکانی بەو نێوەدا، لە ئاو و تەڕاییەکەدا بڵاو بوونەتەوە. کچەکە خێرا وتی:

– زانیم کە میوانەکە هاتووە و دەبێت هەرچی زووە، سفرەی سەر مێزەکە ئامادە بێت. ئیدی گوڵدانەکەم بەردایە خوارەوە.

لە ڕوخساری خانمی (هێرتس)دا، ڤینێکی خەفەکراو هەست پێ دەکرا.

– شتێکی جوانمت شکاند. دەی.. بەڵام ئەمە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. ئاخ.. ئۆی خودایە.. گۆشتەکەم ژبیر کرد. تۆ بەدەم میوانەکەوە بە، من کاتم نییە..

ئەم قسانەی کرد و خۆی بەچێشتخانەکەدا کرد.

– ئێی جەنابی (ڤو)، خواردنەوە چیت بدەمێ..؟

– نەء، سپاس.

خواردنەوەکە نرخی تەواو نابێت. (گولاژ)(١) بەماکارۆنییەوە. یەکێك لەو خواردنانەی کە من حەزی لێ دەکەم. زۆر لەسەرخۆ و بەخۆشییەوە دەخۆم. لێ دەگەڕێم هەتا تامی خواردنەکە، زۆرتر لە دەممدا بمێنێتەوە. بەڵام بەزوویی گولاژ تەواو بوو. پاش قەدەرێك کابانی ماڵ پرسی:

– کێ کەمێکی تری گەرەکە..؟ تۆ چی دەڵێیت جەنابی ڤو..؟ هەندێکت دەوێت..؟

– ئۆو، نەخێر، سپاس..

چونکە لە کن ئێمە وەها نییە، هەر لەگەڵ یەکەم خولقدا، دەست بدەیتێ!

– دەی بەداخەوە.. وامدەزانی کە بەلاتانەوە خۆشە..

– بەڵێ.. بەڵێ.. من..

پاشان دواخۆران(*) هات. (تووە دێمی)(٢) و کرێم. تووە دێمییەکانی ئێرە

زۆر لەوانی کن ئێمە، بەتامترن. ئەوانەی لای ئێمە بچکۆلە و ترشن. هەر هێندەم تێ کرد. هێندەی لە لای ئێمەش بۆت هەیە و دەبێت تێی بکەیت. چێژی بۆن و شیرینییەکەم دەکرد. دزە سەرنجێکی دی دەدەمەوە سەحەنەکە. ئەمجارەیان جەنابی هێرتس خولقی کرد:

– دەتوانم هەندێکی ترت بدەمێ؟

– ئاخ.. نەخێر، سپاس..!

وا چاکترە چاوەڕێی خوڵقی دووەم بکەم.

– بەداخەوە کە حەز بەخواردنیان ناکەیت.. یانیش..؟

خانمی هێرتس قسەی مێردەکەی تەواو کرد:

– چەندە جێی داخە کە ئێوە، لە هەموو خواردنەکان کەمتان خوارد!

ئیدی سەحەنەکەیش بەتاڵ بوو. ئەوسای لەسەر قەنەفە دانیشتبووین، خانەخوێ وتی:

– قاوە دەخۆنەوە..؟

– نەء، سپاس.

ئیتر نیوە برسی و نیوە تینوو، خۆم بەرەوماڵەوە کێش کرد. بەڵام بەوەش خۆشحاڵم کە هیچ کردەوەیەکی ناشیرین و بێ ڕەوشتیم، لێ نەوەشایەوە!

---

(١) گولاژ وەك (چلفڕای)ە، کە بەسیقەتۆرە و دڵ.. بەڵام خەست دروست دەکرێت. لێ گولاژ بەپلە گۆشتی بچووك دەکرێت!.

(*)– دواخۆران– ئەو خواردنانەی کە دوای نانخواردن دەخورێن. وەك کاستەر و محەلەبی و.. هتد، دەکرێت (پێشخۆران)یش بۆ ئەو خواردنانەی کە لە پێش خواردنی سەرەکیدا دەخورێن، وەکو سوپ و زەڵاتە و.. هتد بەکار ببرێت!.

(٢) هەندێك بەم تووە دێمییەی کە هەر تووە و بەڵام لەسەر زەوی دەڕوێت دەڵێن؛ (تووە فەرەنگی!!) و یانیش (چلیك!!!).

# عەلی شتێرن[1]

ئەلیف تێکینای

ئەو کاتەی سواری (ئوبان)ە[2] پڕ لە خەڵکەکە بووم و دەمویست هەر چۆن و لە هەر کوێیەك بێت خۆم ڕابگرم، یەکێك هاواری کرد:

– خانمی مامۆستا، مامۆستاکەم..؟

که سەرنج دەدەم، لاوێك دەبینم، بەڕووخۆشییەوە بۆم پێدەکەنێت.

″دەبێ بیناسم، ئاشنا دێتە پێش چاوان!″

ئوبانەکە خۆی بەتوونێلە تاریکەکەدا کرد و ڕوخسارەکانیش شێوان. ئەم ڕوخسارە دۆستانەیە پێدەکەنێت. چاوە ڕەشە شەو ئاساکانی وەك جاران نابریسکێنەوە و سوور هەڵگەڕاون!

″خۆ ئەمە (عەلی)ە، عەلی شتێرن!″

دەکەومە بیرەوە.. نا.. وەها نییە. شتی وەها نابێت! عەلی لاوێکی هۆگر بەبەزم بوو. دڵخۆش و بزێو و کەیفساز. بەڵام ئەو لاوەی کە سڵاوم لێ دەکات، زۆر لە عەلی بەساڵاچووترە. ڕوخسارێکی جێددی و پڕ لە هەستی لێپرسراوی. عەلی خوێندکارێك بوو فێری زمان دەبوو، بەڵام ئەو لاوە کرێکارە، بەدلەیەکی شینی لەبەردایە و شتێکیشی پێیە، کە وابزانم درێلی کونکردنە.

– ئەوە چییە..؟

– ئەمە درێلی کونکردنە..

– درێلە..؟ ئەی چۆن کار دەکات..؟!

– بەهەردوو دەستەکانت توند بیگرە. پلاکەکەی بەکونی کارەباکەدا بکە.. (دیورووك) لەو دوگمەیە بکە..

– عەلی، دیورووك نا و دروك[3].

ئەو بەدوامدا (دروك)دەڵێتەوە. ئەو سەردەمەی عەلی خولی سیمیناری زمان فێربوونی دەکرد، نەیدەزانی درێل چییە، کەچی ئێستا بەدەستییەوە دەگرێت و لە نێو ئەو خەڵکەدا، توند بەخۆیەوە دەنووسێنێت. وا لە بڵندگۆکانەوە دەنگی لێخوڕی ئوبانەکە دەبیسترێت:

″وێستگەی داهاتوو، مەیدانی (ماریان)ە. تکایە لە سەکۆی ناوەڕاستەوە دابەزن.″

عەلی بەسەرسوڕمانەوە دەپرسێت:

– مامۆستاکەم، نامناسیتەوە..؟!

– ئاخ.. ئەها.. چۆن ناتناسمەوە، تۆ عەلیت. بەڵام تۆ، تۆ.. نازانم چی بڵێم. تۆ وەها گۆڕاویت. کەچی خۆ وا ماوەیەکی زۆریش بەسەر سیمیناری زمانی ئەڵمانیدا تێنەپەڕیوە، کەنگێ بوو..؟!

– پێش ساڵێك، مامۆستاکەم. هاوینی ڕابردوو بوو...

– ئەها، وایە.. عەلی...

– من خێرا تۆم ناسییەوە. تۆ هیچ نەگۆڕاویت.

عەلی بەئەڵمانی قسەم لەگەڵدا دەکات. تا ڕادەیەك باش و بەزمانی پاراو. مافی خۆیەتی کە بەئەڵمانی لە تەکمدا بدوێت. لە فێربوونی زماندا، هەر وەها دەکەم. بەڵام نهاکە، وا لەمێژە کە سیمیناری زمان فێربوون بۆ عەلی کۆتایی هاتووە، بۆیە هیچ هۆیەك نییە کە بەم زمانە لە تەکیدا بدوێم. بۆیە هەوڵ دەدەم کە بەزمانی زگماکیمان قسەی لە تەکیدا بکەم. بەلامەوە شتێکی ناسروشتییە کە دوو تورك، پێکەوە بەئەڵمانی بپەیڤن. بەڵام عەلی ئینکارە و خۆی بەدەستەوە نادات. پرسیارەکانی کە من بەتورکی لێی دەکەم، بەئەڵمانی وەڵامیان دەداتەوە. لێیم پرسی:

– ئایا زمانی دایکت لە بیر کردووە؟!

بەشڵەژاوی پێکەنی و ددانە زەردە نێکۆتیناوییەکانی دەرکەوتن – کە لە ڕابردوودا جگەرەی نەدەکێشا–. کەوتە ورتە ورت:

– نا، لە بیرم نەچووەتەوە. بەڵام گەلێك جاران وشەی تورکیم بۆ نایەت. لەگەڵ ئەوەشدا من وای بەباش و پێویست دەزانم، مرۆڤ بەزمانی ئەو وڵاتە قسان بکات کە تێیدا دەژی.

عەلی جارانیش بۆچوونی وەها بوو. دەتوانێت خۆی بگونجێنێت و تێکەڵ بکات. ڕق لە بیانیش ئەوی نیگەران دەکرد. هەرگیز جنێوی بەخەڵکی ئەو وڵاتە نەدەدا و دەیوت: ئێرە وڵاتی ئەوانە. مرۆڤ دەبێت بەپێی بڕیارەکانی ئەمان بەڕێوە بچێت. وابزانم ئاشتیخوازترین خوێندکارێك کە هەمبوو عەلی بوو.

– عەلی ئێستەکە چی دەکەیت؟!

– کرێکارم.

– هێشتاکە ئێرەت بەدڵە..؟!

– ئەها..!

– واتە لە ڕابردوودا و لە سیمیناری زمان فێربووندا، خۆشتر بوو؟

ئەو کاتەی سیمیناری زمان فێربوون دەستی پێ کرد، چەند هەفتەیەك بوو عەلی هاتبووە ئەڵمانیا و یەك وشە ئەڵمانی نەدەزانی. ئەمیش وەکو کەسانی تر، هیچی دی لە مێشکدا نەبوو ئەوە نەبێت هەتا زووە ببێتە کرێکاری میوان. بوونە کرێکاری میوانیش، پاش ئەوەی کارەکانی وەکو مۆڵەتی مانەوە و کارکردن جێبەجێ ببێت. کوڕێکی گەنجی جێ هەنگاو هەڵگری باب! کاتی خۆی عەلی تەمەنی حەڤدە ساڵان بوو کە سیمیناری نوێی زمانمان بەدوو گرووپ بەش کرد. دەستپێکەر بەهەندێك ئەڵمانی زانینەوە، دەستپێکەری پلە سفری ئەڵمانی نەزان. من وەکو هەمیشە

گرووپی دووەمم وەبەر کەوت. جار جارەش قەڵس دەبووم و بێزار، کە دەبێت لە دەستپێکی هەر کۆرسێکەوە، لە ئادەم و حەواوە دەست پێ بکەمەوە! ئەلفبای ئەڵمانی، چۆنیەتی زاروتن و خۆڕاهێنان بەنووسین. هەرچۆنێك بێت من تورکێکم، بۆیە بەرێوەبەرایەتیش وەهای بیر لێ دەکاتەوە و پێی باشترە، ئەگەر من ڕێزمانی قورسی ئەڵمانی بۆ هاوولاتییەکانم ڕاڤە و بڵێمەوە. گوایە ئەم ئەرکە بەمن چاکتر هەڵدەسووڕێت هەتا بەهاوکارە ئەڵمانییەکانم. مانگەکانی پێنج، شەش، حەوت و نیوەی هەشتیش، واتە سێ مانگ و نیو، ڕۆژ بەڕۆژ و لە کۆتایی هەفتەکانیشدا، ئاهەنگ و کۆبوونەوەی کولتووریمان هەبوو. هاوینی (مونشن) گەرم بەڵام تەڕ و پاراویش. سارد و ئاسایی. هەر ڕۆژەی هەندێك ڕێزمانی ئەڵمانی. لە کۆتایی هەفتەکانیشدا برێك کولتووری ئەڵمانی؛ ئەنتیکەخانەی ئەڵمان، ئەنتیکەخانەی شار، شانۆی لاوان، ئەنتیکەخانەی (ب، م، ڤ)ێ و.. هتد..مان بەسەر دەکردەوە. کچەکانی سیمیناری زمان تەنیا سیان بوون. دوور لە خورتەکان و لە پاڵ یەکتردا دادەنیشتن. ئامینە هەردەم لەچکی دەبەست بەڵام دووانەکەی دی نا. سەبیحە هەمیشە ڕوخسارێکی سوورفڵی هەبوو، زۆر دەگریا! هەست و ئازاری دووره ولاتی و گیروگرفتیش لەگەڵ دایك و باب..؟! بەبەراورد لە تەك ئەوانی تردا، ئامینە گەلێك شەرمێون بوو. بۆیە منیش لێی دەگەڕام و نەمدەویست نیگەرانی بکەم. میراڵ کچێکی مۆدێرن و لە کچەکانی دی بەبەهرەتر. بەڵام کەمتر توانا و حەزی دەڤۆکی ئەڵمانی هەبوو. جار جارە چەندان خولەکی پێ دەچوو هەتا بتوانێت (هاوسئاوفگابە!)(٤) و یانیش (بووگلئایزن)(٥) بڵێت. قورسی ڕێزمانی ئەڵمانی حەز و ئارەزووی کچەکانی مراند. تەنانەت کوڕەکانیش گرنگیان کەم بووەوە لێی، تەنیا عەلی نەبێت. وابزانم جارێك لە بەشی حەوتەمدا بوو، وشەی ″شتێرن″ هاتە پێشەوە. کە لەسەر نەخشەی ئاسمان پیشانمان دان، عەلی وتی:

– ئێی.. ئەوە واتە –یڵدز–[٦]، وەکو نێوی خێزانیی من. نێوێکی وەها خۆشم هەیە.. عەلی شتێرن.

ئیدی نێوی خۆی لە (یڵدز)ەوە کردە (شتێرن). لەو ڕۆژەشەوە نێوی خۆی بەعەلی شتێرن لە ناو تیانووس و لاپەڕەی تاقیکردنەوەکاندا دەنووسی. تا نهاکەش ئەو پەڕەی تاقیکردنەوانەم لە لوولە کارتۆنێکدا هەڵگرتووە. ئیدی ئەو کاتەی کەسێك لە ناوەکەی دەپرسی؛ ئەویش بەخۆڕازیبوونەوە وەڵامی دەدایەوە: عەلی شتێرن. لێخوڕی ئوبانەکە لە بڵندگۆکانەوە بانگی هەڵدا: ″وێستگەی داهاتوو، مەیدانی –سێدلینگەرترب–ە″ بەئاگا هاتمەوە و خۆم ئامادە کرد. کەوتبوومە ناخی بیرەوەرییەکانی ڕابردووەوە. نیوەی خەڵکەکە دابەزیون، بۆیە ئیدی مرۆڤ دەتوانێت باشتر هەناسە بداتەوە. تەنانەت کورسیش چۆڵ بوون. بۆیە دانیشتین و لێیم پرسی:

– هیچت لەوانی ترەوە بیستووە؟!

– سەبیحە ئێستاکەش هەر دەگری! ئامینەیش گێڕدراوەتەوە بۆ تورکیا. چونکە دایك و بابی ئەویان بەهاوولاتییەك داوە! مێراڵیش.. ئێی.. ئەویش ئێستاکە چاکتر زاروتنی ئەڵمانی فێر بووە و وەك ئەڵمانییەکیش دەژی.. وا باشترە کە لە بارەیەوە نەپەیڤن..

– حەز دەکەم لە هەمبەر کوڕەکانیشەوە شتێك بزانم. بۆ نموونە عەدنان، عومەر، یانیش مەتین..؟

بۆ تورکیا، هەتا پلەی ئامادەیی تەواو بکات و درێژە بەخوێندن بدات...

– ئەی تۆ لە کوێ کار دەکەیت..؟

– لە کارگەیەك. بەڵام ژەهری زۆر لەوێکانەدا هەیە.. دەزانیت کە چاوەکانم دێشێن..؟!

– ئەی نەچوویتە کن پزیشك؟!

– ئەها.. بەڵێ.. بەڵێ..

– عەلی، تۆ تەواو نیت..!

– وایە.. ئێستاکەش.. ئاه... دەی هێندەش گرنگ نییە...

پیاوێکی پیری هەژدە ساڵان لە بەردەممدایە! تێکشکاو و ناوشان باریك. ددانەکانی زەردی نیکۆتیناوی. جیددی و خەمخۆر و پێگەیشتوو. بۆ ئەو تەمەنەی خۆی زۆر پێگەیشتووە. هەمدیسان دەنگ لە بڵندگۆکانەوە بیسترایەوە:

"وێستگەی داهاتوو، مەیدانی–گۆتە–ه.."یە. عەلی وتی:

– من دەبێت لێرەدا دابەزم. دەبێت بچمە کارگە. ئەم درێلەم چاك کردووەتەوە و دەبێت بیبەمەوە. چاوەڕێم دەکەن. باشبوو کە تۆم دی. سوپاس مامۆستاکەم.. هەتا کاتێکی دی یەکتر دەبینینەوە...

داڵغاوی چرپاندم:

– بەهیوای بنینێکی تر، عەلی شتێرن..!

کە گوێی لە نێوەکەی خۆی بوو، لە نێو دەرگاکەدا ئاوڕی دایەوە و وتی:

– هاوکارە ئەڵمانییەکانیشم لە کارگە، بەعەلی شتێرن بانگم دەکەن. من نێوێکی ئەڵمانیم هەیە. ئاواتەخواز بووم کە پێبکەنێت. بەڵام گرژ و ژاکاو. ڕوخسارە پیرە تەمەن هەژدە ساڵییەکەی.. کە هەردەمیش زۆرتر چرچ دەگرنە خۆ. دادەبەزێت و دەرگاکان دادەخرێنەوە. ئوبانەکەش دەکەوێتەوە ڕۆیشتن، بەڵام بەبێ عەلی شتێرن.

## پەراوێزەکان

١- هەر لە سەرەتاوە و وەرگێڕانی (شتێرن)ی ئەڵمانی بە(ئەستێرە) لە نرخ و مانای دەقەکەی کەم دەکردەوە!.

٢- ئوبان، ئەندەرگراون یانیش تراموای! کە سەر زەمین و ژێر زەمین و تونێلەکان تەی دەکەن.

٣- دروکن؛ لێرەدا بەمانای زەخت لە دوگمەیەك کردن. یانیش پاڵ بەدەرگاوە نان!.. چەند مانای دیشی هەیە..

٤- هاوسئاوفگابە؛ دوو وشەی لێکدراوە. واتە ئەرکی ماڵەوە.

٥- بوگلئایزن؛ دوو وشەی لێکدراوە. واتە ئوتوو.

٦- یڵدز؛ کە تورکییە؛ واتە ئەستێرە.

# ڕوخساری ونبوو

بڕول دانزێری

(سانییا) تەمەنی پازدە ساڵانە و هێشتا دەچێتە خوێندنگا.. دوو براشی هەیە. دایك و باب پیرەی دەنازن، چونکە وەك خۆیان دەڵێن؛ زرنگ و چالاکە. سانییا دەزانێت ئەرکەکانی چین. کاتێك لە خوێندنگا دەگەڕێتەوە دەفرەکان دەشوات و ئینجا خواردنی ئێوارە ئامادە دەکات. کە لەوانەیە بووەوە ئەوجا دەخوێنێت. زۆربەی کۆتایی هەفتەکان میوانیان هەیە. سانییا دەبێت دەرگە بکاتەوە و پێشوازییان لێ بکات. پاشان بۆ ماوەیەك دەچێتە چێشتخانەکە هەتا چا ئامادە بکات. کە خزمەتی میوانەکان دەکرێت ئینجا لە پاڵ دایکیدا دادەنیشێت و دەکەوێتە چنینی فانیلەکەی. سانییا بۆی هەیە بەڕێزەوە لە پاڵ دایك و بابیدا دابنیشێت. بەڵام نە بۆی هەیە خۆی تێکەڵی قسەی گەورەکان بکات و نە بۆشی هەیە قسەیان پێ ببڕێت. زۆربەی میوانەکانیش خەڵکی هەمان گوندەکانی ئەون. هێشتا لە یادیتی کە بەبێ هۆ ڕقی لە خەڵکی ئەو گوندە دەبووەوە، بەڵام بۆ..؟! ئەوسای کە بچووکتر بوو، گەر لێت دەپرسی لە کوێوە هاتوویت؟! هەمیشە وەڵامی دەدایەوە: لە ئەستەنبوڵەوە. بەڵام وەها نەبوو و خۆیشی دەیزانی کە درۆیە. تەنیا دەیویست خۆی بەوە ڕازی بکات کە خەڵکی ئەستەنبوڵە، سەردەمێکی درێژیش باوەڕی وەهابوو. پشووی خوێندن هات و دەبوایە لە تەك دایك و بابیدا. بگەڕێتەوە بۆ گوندەکەیان لە ئەنادۆڵ. خەڵکەکەی ئەوێکانە سانییایان خۆشدەویست و بەڕووخۆشییەوە سڵاویان لێ دەکرد و هەواڵیان دەپرسی. داوەتیان دەبوو و بەخواردنە جۆراوجۆرەکانیان، سەرسوڕماویان دەکرد. بەڵام ئەو خیشی لە هەمووان دەکرد و دەیویست هیچ پێوەندییەکی لەگەڵیاندا نەبێت. جارێك سانییا هەستی بەشتێکی

گرنگ کرد و بیری کردەوە؛ کە بەڕاستی خەڵکانی ئێرە زۆر گرنگی بەیەکتر دەدەن. نەك بەو جۆرەی کە کەس ئاگای لەوی تر نەبێت و لە تەك یەکتردا بێ پێوەند بن.

زەماوەندیان پێکەوە دەگێڕا. ئەگەر کەسێکیش بمردبایە، ئەوا هەموو گوندەکە دەکەوتنە بێدەنگییەوە. ژنانی گوندەکەش لە ماڵی مردووەکە کۆدەبوونەوە و پێکەوە پرسەیان دەگرت. ئەوسای سانییا ئافرەتەکانی بەگریانەوە بینی، لەپڕدا هەستێکی بۆ هات، هەستێکی بزوێنەری وەها، ئیدی قینی لەو خەڵکە نەدەبووەوە. کە ئیدی لە ئەڵمانیاش هەمیشە دەیوت؛ ئەو خەڵکی گوندێکی گچکەی ئەنادۆڵە.

سانییا لە تەمەنی شەش ساڵاندا و لە تەك دایك و بابیدا هاتنە ئەڵمانیا. لەبەرئەوەی زمانی نەدەزانی، بۆیە دەبوایە بچێتە پۆلێکی زمانەوە. بەو هۆیەی کەسێك نەیدەویست لە تەنیشتییەوە دابنیشێت، بۆیە بەتەنیا لەسەر کورسییەك دادەنیشت. کەسێکیش یاری لەگەڵدا نەدەکرد!. لەبەرئەوەی مەترسی لە هاوپۆلەکانی هەبوو، چونکە گاڵتەیان پێ دەکرد و هەڕەشەیان لێ دەکرد. بۆیە لە پشووەکاندا خۆی لە جێیەك دەشاردەوە. لەبەرئەوەی کە هەندێك لە منداڵەکانی پۆلەکەی، لەسەر ڕێگەی چوونە ماڵەوە دەیانقەڵسان و زویریان دەکرد، بۆیە هەمیشە دوا کەس بوو کە خوێندنگای بەجێ دەهێشت. جار جارەش دەستەویەخەی دەبوونەوە. تەنانەت جارێکیشیان لێدانی خوارد، کەوت و هەستی کرد خوێن لە لووتی دێت. ترسا و بەڕاکردن ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە. بابی لە کن بەڕێوەبەر سکاڵای کرد. وتیشی کە کچەکەی لای ئەوان هەست بەئارامی و باشی ناکات، بۆیە دەیباتە خوێندنگایەکی تایبەتی. منداڵەکانی پۆلیش دەیانوت: کە سانییا قسەگێڕەوەیە. خانمی مامۆستاکەی زۆری لێ کرد کە داوای لێبووردن لە هاوپۆلەکانی بکات. کە ئەویش داوای لێبووردنی کرد،

ئەوجا مامۆستاکەی پێی وت؛ ئەمڕۆ کەمێك خۆت تێکەڵ کرد.[١]

سانیا ئێوارەیەك خەونێکی سامناکی دی. دەستانێکی زۆری دی کە لاشەیان نەبوو و تەنیا دەست بوون. دەستەکان هێرشیان بۆ ڕوخساری دەهێنا و هەردەمیش پارچە گۆشتیان لێ دەپچڕی. زامی زۆر پەیدابوون کە خوێنیان لێ دەتکا. هەندێك لە زامەکان کیمیاوی بوون. کاتێك دەستەکان ڕوخساریان دەڕنی، نەیدەتوانی لە ژێر ئەو ئازاردانە خۆی ڕابگرێت. کە لەو خەونە گێژکەرە بەئاگا بووەوە دەگریا. بەدرێژایی ڕۆژ ئازایەتی ئەوەی نەبوو لە ئاوێنەدا بڕوانێتە ڕوخساری خۆی. سانییا ڕقی لە پۆلەکەی دەبووەوە. بۆیە وا بەباشی دەیخوێند هەتا توانی کە دوای ئەو چوار ساڵە بچێتە ئامادەیی. ئینجا کەوتە خۆ گونجاندن و خۆ تێکەڵکردن. ئیدی لەوسەر و دەمەدا زۆر چاك بەئەڵمانی دەپەیڤا. زۆر جاریش لە خۆی دەپرسی: ئایا خەڵکی هەستی پێ دەکەن کە ئەو بیانی و نامۆیە؟! ئەوجا کەوتە لاساییکردنەوەی هاوپۆلەکانی. وەکو ئەوان دەجوولا، هەڵسوکەوت و قسەی دەکرد. بەڵام کە لاسایی بیانییەکیش دەکرایەوە خەمبار دەبوو. خەوە سامناکەکەش چەند بارە بووەوە و هەمدیسان دەستی دەدی کە ڕوخساریان دادەڕنی. کاتێك و پاش چەند ساڵ، کە خۆشی بەنوکتەبازیی (کاناك)[٢] پێدەکەنی. ئیدی بۆ کۆتایی جار خەمە سامناکەکەی دییەوە کە ڕوخساری پارچە گۆشتی پێوە نەماوە!. بەڵام وا ئێستاکە تەواو تێکەڵ بووە. هەموو ڕۆژێك بە(تراموای) دەچێتە خوێندنگا. لەچك لەسەر دەکات و زۆر جارانیش پاڵتۆیەکی درێژ لەبەر دەکات.

بەڵام لە تراموایەکەدا لەچکەکەی دادەگرێت، پاڵتۆکەشی دادەکەنێت و دەیانخنێتە نێو جانتاکەیەوە. کە دایشدەبەزێت ئیدی ناوی سانیا نییە و ناوی سانییایە!. هاوەڵە ئەڵمانییەکانیشی هەر سانییای پێ دەڵێن. سانییا جار جارە لە تەك هاوەڵە قاشکردووەکەیدا[٣] ئەویش کیژێکی سەر

کز و نەکراوە و لای هاوەڵەکانی خۆشەویستە. ئەگەر تورکێکی دراوسێش سانییا لە نێو ئەڵماندا ببینێت نایناسێتەوە، چونکە سانییا و سانیا تەنیا یەک شتیان لێک دەچێت، هەردووکیان لە ڕووی ڕوخساری ونبوویان دەگەڕێن.

---

(١) تێکەڵبوون، خۆگونجاندن، بەرانبەر (ئینتیگرێر)ی ئەڵمانییە.

(٢) کاناک، یەکێك لەو توانجە ناحەزانەی لە بیانی سەر ڕەش دەگیرێت و دەوترێت.

(٣) قاشکردن، لە نێو خوێندکارانی کچدا ئەم دەستەواژەیە باوە! ئەگەر کیژێك هاوەڵە کێژێکی یان مامۆستایەکی ژنی خۆی خۆش بوێت.

# نامۆبوون لە نامۆییدا

کادری گولەر

لە گوندێکی سەر زەریای ڕەشدا، کیژێکی حەڤدە ساڵان دەژیا. وەکو هەموو منداڵەکانی دی کەیفساز و خۆشحاڵ بوو. تەنیا ئەو جیاوازییەی هەبوو کە شەلەل بوو و بەهاوکاری دوو کەسان دەیتوانی بەڕێدا بڕوات. ئەگەرچی بەئاشکرا پێی وترابوو؛ هەرگیز ناتوانێت وەك منداڵەکانی دی هەرا بکات، بەڵام ئەو باوەڕی بە"موعجیزە"یەك هەبوو کە لەپڕدا چاك دەبێتەوە. هەردەم لە لایەن گەورە ساڵانەوە پێی دەوترا: ئەوە چارەنووسیەتی، دەبێت لەگەڵیدا بژی و لەسەری ڕابێیت. بەڵام ئەو هەرگیز لە خەمیدا نەبوو. خەونی بەو ڕۆژەوە دەدی کە ئەمیش وەك هاوەڵەکانی، دەڕوات، باز دەدات و سەما دەکات. ڕۆژێك نامەیەکی لە باوکییەوە پێ گەیشت کە لە هەندەران دەژیا. تێیدا نووسیبووی: وەك بیستوویەتی دەتوانرێت لە هەندەران چاك بکرێتەوە، بۆیە وا بلیتێکی سەفەری بۆ دەنێرێت. ڕۆژ بۆ ئەو کچە هەڵ هات. هەمیشەش لەو باوەڕەیدا بوو کە ئەو موعجیزەیەی باوەڕی پێی بوو، وا نێزیك دەبێتەوە. نەخشەی دەکێشا و بەهاوەڵەکانی دەوت: "نیگەران مەبن کە دوور دەکەومەوە، پاشی سێ مانگی تر دەگەڕێمەوە. ئەو کاتە دەتوانم بڕۆم و پێکەوە باشتر وازی و گەمە بکەین" ئیدی ئەو ڕۆژە گەیشت کە دەبوا بەخوا سپاردن لە خزم و ناسیاوەکانی بکات. بەڕووکەش خۆی بەخەمبار پیشان دەدا بەڵام لە ناخەوە گەلێك خۆشحاڵ بوو، چونکە پێی وابوو کە دەچێتە بەهەشت و ژیانی پێ دەبەخشرێتەوە. لە ئاکامدا گەیشتە وڵاتی خەونەکە. لە ماوەی ئەو مانگەی کە لە نەخۆشخانەیەکدا بوو، زۆر کەم هەستی بەنامۆیی دەکرد. چونکە لە کن وان، خەڵکان بەکەسانێك دەبێژن نامۆ کە لە گوندەوە

چووبێتە شار. بەڵام ئەم نامۆییيە شتێكی دیكەیە و هەروەها زمانەكەش شتێكی دی. بەڵام ئەو خەمی لە چییە؟ ئەو زیاتر بیری لەوە دەكردەوە و بەخۆی دەوت "سێ مانگی تر چاك دەبمەوە و دەگەڕێمەوە.. جا كەوایە بۆچی فێری زمانەكەیان ببم؟!" بەڵام كارەكە هەمووی بەپێچەوانەی بۆچوونەكەی ئەوەوە بوو. چونكە پزیشكەكان پێیان ڕاگەیاند: نەك سێ مانگ بەڵكو پێویستە سێ ساڵان بمێنێتەوە!.

# له ئۆردوگای "ڤیلنا"دا(١)

ڤێلیسیا کارایی

وا ساڵێکی تەواوە جوولەکەکان لەم ئۆردوگایەدا مۆڵدراون، کە ئەمڕۆکە تەنیا چەند هەزارێکی تێدا دەژین. سەدانیان سواری ئۆتۆمبیلەکان کردووە و بەزوویی ڕەوانەی (پۆنار) دەکرێن. پۆناریش واتە مەرگ و مردن. کێ زیندوو دەمێنێتەوە؟ کەسانێك کە پسوولەی چوونە دەرەوەیان هەیە و تەنیا ئەوانە دەتوانن لە مردن بپارێزرێن. تەنیا ئەم پسوولەی زەردی مۆڵەتی چوونە دەرەوەی هەیە و پیاوە نەخۆشەکەی نییەتی. ئەی دەبێت چی بکات؟! وەکو شێت بەشەقامە بێدەنگەکەدا هەرای دەکرد. گەرچی تا ڕادەیەك هەموو جوولەکەکان براون. بەڵام هەتا ئێستاکەش (لێژنەی کارهەڵسووڕانی جوولەکە) لەوێدا ماوە. ئەمیش ئاشنای لەوێدا هەیە و بەڵکو پسوولەیەکی چوونە دەرەوەی بدەنێ و چنگ بکەوێت. لەناکاو ئەفسەرێکی ئەڵمانی دەبینێت، کە ئەویش وا دەگاتە ناو کۆڵانەکە. ئایا لە ڕۆیشتن بەردەوام بێت یاخود بگەڕێتەوە؟ بەڵام تازە درەنگە و ئەڵمانییەکە هەر دێتە پێشترەوە. ئەژنۆکانی وشك و لە جووڵە کەوتن.

"ئەمە کێیە؟ تۆ یەزدان.. خۆ ئەوە –ئەنتۆن شمید–ە، دراوسێکەی لە –ڤیەننا–..." هەر خێراش لەشە ڕەپ و سمێڵە باریکەکەی ناسییەوە.

– هیتلەر بێوەی بێت..!

ئەو وەك هەردەم سووارەدە ئاسایی پۆشتە بوو. زۆر جاریش لێی دەبیست کە دەیوت: "خانمی –ئێس–، تۆ باشترین سترانبێژی ئۆپێرای –ڤیەننا–یت.." دوو جاریش گوڵی پێشکێش بەم کردبوو. بەڵام ئەمانە هەمووی لە ڕابردوو و پێشی جەنگدا بوون. ئەی ئێستەکە؟! ئایا کۆمەکی دەکات؟! خۆ ئەم جوولەکەیە؟! بیرۆکەکان بەمێشکیدا دەهاتن و

نەیدەکاری ببزوێت. ئا لەم ساتەدا کۆمەڵێکی کەم ژمارەی پیاوانی (ئێس ئێس) لە سووچی شەقامەکەوە دەرکەوتن. هەر لەو کاتەشدا ئەفسەرەکە خۆی بەسەریدا کێشا و شیڕاندی:

– پیسی نەفرەت لێ کراو، نابینیت کێ بێرەدا دەڕوات؟!

ئەمیش کەوتە سەر زەوی و نوزاندی:

– هیچم نەدی، چونکە ڕۆژەکە لە چاوەکانمدا شەوقی دایەوە..!

– دەی مەڕوانە ڕۆژ، چونکە ڕۆژ بۆ جوولەکە نییە!

پیاوەکانی ئێس ئێس لە دوورەوە ئەم دیمەنە دەبینن و دەدەنە پێکەنین. ″چاکت وت ئەنتۆن.. بیخەرە دەستییەوە!″ ئینجا درێژەش بەڕەوتەکەیان دەدەن. ئەفسەرەکە باوەشی پێدا کرد و بەرەو سووچی ماڵێکی ئەولاترەوەی برد. بێ ورتە و بەئاگاییەوە یارمەتی دا و لەسەر قاچەکانی وەستاندی، هەتا جلکەکانی ڕێك بکاتەوە. پاشان بەئەسپایی وتی:

– داوای لێبووردن دەکەم، خانمی –ئێس–. من تۆم خێرا ناسییەوە، بەڵام لەوە زیاتر چارەیەکی دیکەم نەبوو. خۆ تێ دەگەیت..؟!

دەیویست بگریت و یانیش پێبکەنێت، بەڵام نەیدەویست خولەکێك بەفیڕۆ بدات:

– جەنابی –شمید– تێ دەگەم. یارمەتیم بدە.. جوولەکە بەڕێکردن هەر بەردەوامە و پیاوەکەشم پسوولەی مۆڵەتی چوونە دەرەوەی نییە. دەتوانیت پسوولەیەکم بۆ پەیدا بکەیت؟!–تازە زۆر درەنگە. بەڵام مێردەکەت بێنە ئێرەکانە و منیش دەچم ئۆتۆمبیلەکەم دێنم. پاشان بزانین چی دەبێت.. دەی خێرا.. پاشان دە خولەك بەئۆتۆمبێلەکەیەوە گەڕایەوە. ئەو ساتەی کە –شمیت– خانمی ئێس و مێردەکەیی بەرەو ئۆتۆمبیلەکەی دەبرد، دوو جوولەکەی تری بەدی کرد کە لە ژێرخانێکەوە ملەقوتەیان دەکرد.

–ئێوەش وەرن..!

ئەوجا ئۆتۆمبێلەکە زۆر بەخێرایی بەکۆڵانەکەدا و بەرەو دەروازەی مۆڵگەکە ڕۆیشت. ئەو کاتەی لەبەر دەروازەکەدا وەستا، چوار پاسەوانەکە سەیریان دەکرد. ئەنتۆن شمید لە پەنجەرەکەوە هاواری لێکردن:

– هێی.. هەتا کەنگێ دەتانەوێت بەدیار ئەم جوولەکە پیسانەوە بمێننەوە؟! دەست هەڵگرن.. پایدۆز..؟

یەکێك لە پاسەوانەکان نێزیك بووەوە:

– هەموو کەسێك وەکو تۆ بەختی نییە.. بەم پلە بەرزەتەوە! شووشەیەك خواردنەوەت پێیە..؟

– بۆ تۆ هەمیشە هەیە، هانس..

دەستی بەگیرفانیدا کرد و شووشەیەکی دەرهانی. پاسەوانەکە وەریگرت و بەخۆشحاڵییەوە گەڕایەوە. ئەوجا ئەنتۆن بێ خۆشڵەژاندن بەدەروازەکەدا ڕابوورد. دوای نیو کاتژمێر لەبەر بینایەکی نزمدا وەستا. کەس لە حەوشەدا نەبوو. ئەنتن دەرگەکەی کردەوە و بانگی هەر چواریانی کرد کە خێرا بچنە ژوورەوە. بەڕاڕەوە تاریکەکەدا بەرەو دەرگایەك چوون. لەناکاو گوێیان لە دەنگ بوو کە بە(عیبری) دەپەیڤین. چوونە ژوورەوە. چەند جوولەکە لە ژێرخانەکە و لەسەر زەوییەکە دانیشتبوون. ئەنتۆن شمید بزر بوو، بەڵام پاش چەند خولەك بەنان و باسوورمەوە گەڕایەوە و ڕووی لە خانمی ئێس کرد:

– ئەمە بڕێك خواردنە. هەوڵیش دەدەم کە دوای بەڕێکردنەکە، پسوولەی چوونە دەرەوەتان بۆ پەیدا بکەم. وا چاکترە هەتا ئەو کاتە لە حەشارگەدا بمێننەوە. ترستان نەبێت و ئێرە ئەمینە!.

ئینجا چووە دەرەوە. لە دەرەوە دەنگە خۆشحاڵییەکەی دەبیسترا کە گۆرانی دەوت:

"ئێمە بەرەو جەنگ و سەرکەوتن دەچین!"

لە سووچێکدا جوولەکەیەکی پیر دانیشتبوو. نزم بەخانمی ئێسی وت:

– گوێ بگرە.. پارێزەرەکەمان هەموو ژیانی ئا بەوجۆرە، لە دوو زماندا دەژی. بەزمانێکی لە دەرەوە دەپەیڤێت و بەزمانەکەی دیش لە تەك ئێمەدا. یەزدان ئاگەداری بێت و کۆمەکی بکات. تۆ نازانیت ئەو وەکو ئەڵمانێك! چیمان بۆ دەکات!

لە نۆڤێمبەری ١٩٤٢دا، ئەنتۆن شمید دەگیرێت. دەدرێت بەدادگای بەرزی ئەڵمان و بەمردن، کوشتنی بەگوللەباران سزا دەدرێت. ئەو ئەڵمانییەی کە لە دوو زماندا دەژیا، لە گۆڕستانی سەربازە ئەڵمانییەکانی (ڤیلینا)دا نێژراوە.

---

(*) پایەتەختی وڵاتی (لیتاو)ە.

# ئەگەر شەو چاوەكانی تۆی هەبووایە

پێتەر هێنینگ

منداڵە کوڕەکە بەبەر ئۆتۆمبێلەکەیدا فرتەی کرد. هەروا بەو ساناییە. لە سەرەتاوە هەروەك تارماییەك، لە نێوانی درەختە چڕکانەوە دەرکەوت. کە هەر خێرایش بووە تەنێك و کەوتە بەر تیشکی گڵۆپەکانەوە. وا نهاکە زامدار و لەسەر کورسییەکەی دواوە کەوتووە و نرکەی لێوە دێت. ئەم دەشیزانی کە چۆن ئارەقەی ترس بەتەوێڵ و برۆکانیدا دێتە خوارەوە. ئەم بەهەموو توانایەوە پێی لە ئەستۆپەکە گیر کرد، لەگەڵ ئەوەشدا دەبوایە بیبینیایە کە چۆن لەشەکە بەبۆدییەکە کەوت و ڕمایە سەر زەوییەکە. بەهەردوو دەستەکانی و بەتوندی باوەشی بەسووکانەکەدا کرد و پاڕایەوە: ئەمە نابێت ڕاست بێت، نەء تکایە، نابێ ڕاستەقینە بێت! ئیدی بێ ئەوەی بەدەوری خۆیدا هەڵبڕوانێت، بەخێرایی کوڕەکەی هێنایە ناو ئۆتۆمبیلەکەوە و کەوتە لێخوڕین. جا لەبەرئەوەی کە ئەو نابەڵەدی ئەو شوێنە بوو، بۆیە ماوەیەك لە شەوەکەدا و بێ مەقسەدی دیار سەری لێ شێوا و دەسووڕایەوە. خورتەکە (ئاهـهـهـهـهـهـه)ی کرد و نالآندی. (گرابۆفسکی)ش هاواری لێ کرد: ″کوڕە من مۆڵەتی لێخوڕینم نییە، تێ دەگەیت..؟! بۆیە ناتوانین بچینە نەخۆشخانەیەك!″. چەند جار بەسووکانەکەیدا کێشا و سەرزەنشتی خۆی کرد؛ مرۆڤێك کە کێشەی بینینی هەیە، لە ئۆتۆمبێلێکی دانیشتووە و کوڕێکیشی کردووە بەژێرەوە. کوڕەکە هاواری کرد: ″لاقەکانم دێشن. هەی نەفرەت بێت، هەی. وە برسیشمە!″. گرابۆفسکی بەدەم لێخوڕینەوە بەجادە بێ ڕووناکییەکەدا و بێ مەبەستێکی دیار، وتی: ″باشە! تەنیا ئارامت بێت!″. ڕووناکی گڵۆپەکانی ئۆتۆمبێلەکە، کەوتە سەر ڕۆشنایی خواردنگەیەك لە تاریکییەکەدا. کە ئیدی بەدەستی ڕاستدا پێچی کردەوە. کە لە ئۆتۆمبێلەکە

دابـەزیـن، خـورتـەکە خۆی بـەگرابـۆفسکییـەوە گرتبـوو. بـەڵام ڕوخساری ئـازاری پێوە دەبینرا. گرابۆفسکی بەپیاوی پشت سەکۆکەی وت: ″دوو قـاوە. بـۆ هـاوڕێکـەشم سانـدویـچـێکـی تـەواوەتـی″. پیـاوەکە بـەشکـەوە لێیـانـی هـەڵڕوانی. پێستی ڕوخساری تورت و، دەتگۆ هـاکا ترەکی. چاوەکانیشی وەك دوو بـەردی تـەڕ دەبریسکانـەوە. پیاوی پشت سەکۆکەی، بـەرکۆشێکی پیسی بەبەرەوە بوو، بەڕاگرتنی سەرنجی لەسەر خورتەکە پرسی: ″ڕەش یـانیش بەشیر و شەکرەوە؟″. گرابۆفسکی وەڵامی دایەوە: ″ڕەش″. کابرای پشتی سەکۆکە، بەڕاگرتنی سەرنجی لەسەر لاوەکە وتی: ″بۆ ئەو گەنجەش سەندویچێکی بەگۆشتی پیشاو و پەنیر و لە نانی جۆدا. (مـایۆنێزە) و (زێنـفت) و تـەمـاتـەش. قـاشێك خـەیـار و هـەنـدێك (مـەعدەنـووس)یش بـەسەریـەوە؟″. گرابـۆفسکـی هـاواری لـێ کـرد: ″زۆر تـەواوە!″. لـەو دەمـەدا لاوەکە لەسەر کورسییەکی شینی نایلۆن دانیشتبوو. لە پانتۆڵە دڕاو و خوێناوییەکەوە لە ئەژنۆی خۆی هەڵدەڕوانی. قژە کورتەکەی بەهەموو لایەکدا بژ بووبووەوە. کە دەمی کردەوە ددانە بێ غەشەکانی دەردەکەوتن. ئـەو ساتـەی کـابـرای پشتـی سەکـۆکە سەرنجی لـەسەر لاوەکە ڕاگرتبـوو، گرابۆفسکی وتی: ″ئێمە تووشی کارەساتێکی بچکۆلەی ئۆتۆمبێل بووین. بـەڵام شتـێکـی وەهـا ڕووی نـەدا. ئـەو بـەکـەمـتـەرخـەمـیـیـەوە بـەبـەر ئۆتۆمبیلەکەمدا فرتەی کرد. بەڵام باشبوو شتی وەها نەقەوما″. کابرا ئـاوڕێکی دایەوە و وتی: ″دەی سا نازانم..″. پاش ماوەیەکی ئەملا و ئەولا، ڕوو بـەگەنجەکە وتـی: ″بـاشتر نییـە کە سانـوویـچـەکـەت لـە نـەخـۆشخـانـە بخۆیت؟″. ئەوجا بەماناوە قاپەکەی بەرەو ئەو درێژ کرد. گەنجەکە بەبێ هێزییەوە وەڵامی دایەوە: ″ناخوازم شتێك بخۆم. بەس شتێك بخۆمەوە.″ کابرای پشتی سەکۆکە بەماناوە وتی: ″ئەی چی لە ساندویچەکە بکەین؟ فـڕێیـدەم؟″ گـرابـۆفسکـی ڕوانـیـیـە لاوەکـەی کـە سەری بـەسەر ئـەژنـۆ زامدارەکەیدا شۆڕ کردبووەوە. ئەوجا بەلای کابرادا وەرگەڕایەوە و وتی: ″ئا بمدەرێ.. بۆ ئەو لاوەیش شتێك بۆ خواردنەوە″. کابرا ساندویچەکەی لە

نـاوەڕاسـتـدا كـرد بـەدوو بـەشەوە. گـرابـۆفسكـیش كـە مـەیـلـی لـە وەهـا ساندویچێك نەبوو، بەبێ مەیلییەوە گازێكی لە لەتە سێ سووچەكە گرت. پاشانیش قومی لە قاوەكە دا. كابرا وتی: "ها، ئاوەكە بۆ ئەو كوڕە گەنجە. دەشكـاتـە ٩,٥٠". لاوەكـەش هـێشتـا قـومـێكـی نـەخـواردبـووەوە، هـێشتـاكـە لێوانەكە لەسەر مێزەكە بوو. گرابۆفسكی پارەیەكی كاغەزی ١٠یی بۆ خستە سەر سەكۆكە و وتیشی: "تەواوە!". وردە وردە نكە نكی لاوەكە بووە ئـاخ و ئـۆف. كـابـرای پشتـی سەكـۆكـە وتـی: "ئـەو كـوڕە لاوە پـێویستـی بەیارمەتییە، وە بەخێراش!". لەگەڵ ئاخافتنیشدا دەستەكانی بەبەركۆشە چڵكنەكەی سڕی. بەدەم وەڵامەوە كە وتی: "نەء، نەء، هەموو شتێك تەواوە". كـاغـەزێكـی دەستـەسڕی گـرمـۆڵـەكـراویش خـزیـیـە نـاو كـووپـە قـاوە بەتاڵەكەیەوە. كابرای پشتی سەكۆكە، بەناوچەوانی گرژ و بیرەوە وتی: "وەهـا ئـەژنـۆیـەكـی هـەنجن بـوو. بـەتـەواو دەزانـن!؟". ئـەوجـا گـرابـۆفسكـی ژەنییە لاوەكە و وتیشی: "خۆت تەواویت، وا نییە؟ ئا دەی، بەو پیاوە بڵێ كە باشیت!". لێ كوڕەكە بێ لەوەی بڕوانێتە گرابۆفسكی، كەوتەوە هاتوهاوار: "ئەژنۆم. ئاخ لە ئەژنۆم. ئۆف". گرابۆفسكی چاویلكەكەی بۆ پشتەوە پاڵ پـێوە نـا و لـەتـە سـانـدویـچـەكـەی فڕێدایـە نـاو قـاپـەكـەوە. كـابـرای پشتـی سەكۆكە دەستەكانی لەبەر سنگیدا لێك ئاڵان و وتی: "ئەگەر من لەجیاتی تۆ بوومایە، بەخێرایی دەمبردە كن پزیشك". گرابۆفسكی وەڵامی دایەوە: "بەڵام ئێوە لەجیاتی من نین!" ئەوجا لە گەنجەكەشی خوڕی: "دەی با ڕێك كـەویـن!". لاوەكـە كـەوتـەوە ئـاخ و ئـۆف وتـیشی: "نـاتـوانـم". گـرابـۆفسكـی بـەنـەرمـییـەوە وتـی: "دەی وەرە. هـەتـا كـن ئـۆتـۆمـبـێلـەكـە". كـابـرای پشتـی سەكۆكە، لە كاتێكدا بیستەری تەلەفۆنی قەد دیوارەكەی بەدەستەوە بوو، وتی: "كەواتە من تەلەفۆن بۆ فریاگوزاری دەكەم". گرابۆفسكی پێی وت: "نـەخـێر شتـی وەهـا نـاكـەن. وە هـیـچ پـێوەندیـكیشی بـەتـۆوە نـیـیـە". كـابـرا وەڵامی دایەوە: "هێی هێی. بڕێك لەسەر خۆ هەڤاڵۆك. ئێرەكانە شوێنی مـنـە، خـۆ ڕوون و ئـاشكـرایـە! یـانـیش پـێت بـاشتـرە كـە تـەلـەفـۆنـی پـۆلـیس

بکەم؟!". هەر لەو کاتەشدا کوڕەکە کەوتە جووڵە. ئەوجا گرابۆفسکی بەئارامییەوە وتی: "ئەوەتا کە دەیبینن. بەبێ پزیشکیش کارەکەمان مەیسەر دەبێت. وەها نییە؟!". ئەوجا چووە ژێر باڵی کوڕەکەوە، هەتا بۆ هەڵسان هاریکاری بکات. کابرای پشتی سەکۆکە، هێشتاکە بیستەری تەلەفۆنەکەی هەر بەدەستەوە بوو کە وتی: "نازانم چی بڵێم". گرابۆفسکی وەڵامی دایەوە: "خۆ دەیبینن کە ئەم کوڕە، بەبێ پێویستی پزیشکیش دەکارێت بەرێوە بچێت. یانیش وەهای نابینن؟". لەم ساتەدا دوو زەلام دەرگایان کردەوە و هاتنە ژوورەوە. گرابۆفسکی هەناسەیەکی درێژی دایەوە. بەلای دوانەکەدا کوڕەکەی تێپەڕاند و لەبەر خۆشییەوە ورتاندی: "بێ مێشك!". کابرای پشتی سەکۆکە، لە ساتی خۆ ئامادەکردن بۆ هێرشدا، سەری خوار کردەوە وتی: "وتت چی؟، چاکم گوێ لێ بوو، چیتان وت!". ئەو کاتەی کە گرابۆفسکی هاوکاری گەنجەکەی دەکرد کە بچێتە ناو ئۆتۆمبێلەکەوە، بەڵام ئەو بەدەنگێکی کز و ئازاراوییەوە، وتی: "پێم وایە گوزەرانم تێکچووە و خراپە!". گرابۆفسکی لەگەڵ ئەوەی کە وتی: "ئاخ، ئەمەشی چووە سەر..." کاری بەمەکینەکە کرد و وتیشی: "بەڵام لە ئۆتۆمبیلەکەدا نەرشێیتەوە، گوێت لێیە؟!" گرابۆفسکی دەیویست کۆتایی بەم گوزەرانە بێنێت، بۆیە بەجەغدەوە وتی: "نهاکە دەچینە نەخۆشخانەیەك و دەتبەمە کن پزیشك". لاوەکەش وەڵامی دایەوە: "ئەی مەگەر نەتانوت کە لەبەر کێشەی مۆڵەتی لێخوڕینەکەتان نابێت؟ نا، تۆ ڕاوەستە، تۆ کە هەر مۆڵەتت نییە و شتی لەم جۆرە..". گرابۆفسکی هەمدیسان وتییەوە: "خەمناکات، نهاکە دەچینە نەخۆشخانەیەك" و ئیدی لەسەر جێگەکەی بێ هۆش بوو. دوو خولەك تێنەپەڕیبوو کە نەناسێك لە ڕۆخی شەقامەکەوە پەیدا بوو. گرابۆفسکی ئۆتۆمبێلەکەی ڕاگرت. ئافرەتەکەیش بەرەو ئۆتۆمبیلەکە چوو. دەرگاکەی کردەوە و وتی: "دەتوانن من لە تەك خۆتاندا بەرن؟". گرابۆفسکی وەڵامی دایەوە: "بەرەو کوێ؟". ئافرەتەکەش وتی: "گرنگ نییە بۆ کوێ!". گرابۆفسکی سەیری ئەوی دەکرد

لە ژێر بارانەکەدا. پاڵێکی بەچاویلکەکەی سەر لووتییەوە بۆ دواترەوە نا و وتی: "لە لایەن منەوە، دەتوانن. فەرموو سەرکەون." ئافرەتەکە جێی سەرنج بوو، چونکە لە جانتاکەی دەستیدا جلوبەرگی وەکو. سووچێکی فانیلەی و لایەك لە (مەمکگر).. دەبینرا. قژە درێژەکەی بژ و تاڵەکانی بەسەر شان و ڕوخساریدا پەرش و بڵاو بوون. پاش ئەوەی کە سەرکەوتبوو وتی: "لەوە دەترسام کە بۆم نەوەستن". گرابۆفسکی وەڵامی دایەوە: "خۆ لێ ناگەڕێم کە لە دەرەوە و ئا لە وەها کەشێکدا بمێننەوە!". ئافرەتەکە لەسەر کورسییەکە نائارام دەخزا و دەبزوا. وتی: "چۆن دەبارێت". دوای قەدەرێك وتی: "چ با و باهۆزێکە". پاش ماوەیەکی دی وتی: "دەبوایە ئێستاکە لە کن مێرد و منداڵەکانم بوومایە". گرابۆفسکی لە هەوڵدا بوو کە ئاگای لە خێراییەکەیەوە بێت، چونکە لەبەر خوڕیی بارانەکەی پشت شووشەکەوە، جار جارە جادەکەی باش نەدەدی. پاش قەدەرێك گرابۆفسکی وتی: "ئەی بۆچی لەوێکانەدا نین؟ مەبەستم لای خێزانەکەتانە؟". ئافرەتەکە هەمدیسان لەسەر کورسییەکە بەملا و بەولا دەخزا کە وتی: "لەبەر وە ئیدی تەحەمول نەدەکرا. نێوانمان ئیدی ڕێك نەبوو نەدەگونجا. دۆزەخ بوو". لەناکاو کەوتە پێکەنین. هێواش و ئارام. هەتا پێکەنینەکە بوو بەهەنسکدان. هەنسکدانێکی بڵند و بێ شەرم. بەدەم هەنسکەوە وتی: "هەتا ئێستاکەش باوەڕ ناکەم کە ئەوەم کردبێت" بەدەم گرتنی توندی سووکانەکەوە، کە با بەهێزەکە ئۆتۆمبیلەکەی دەبزواند، گرابۆفسکی وتی: "مەبەستت لە چییە؟". ئافرەتەکە وەڵامی دایەوە: "هیچی وەها نییە، براکەمە. بەڵێ براکەم". بەوەش خۆشحاڵ بوو کە لەپڕدا ئەو بیرەی بۆ هات. ئافرەتەکە وتی: "چییەتی؟". ئەوجا سەیری پێشەوەشی کردەوە. گرابۆفسکی وتی: "کەمێك زیادی خواردووەتەوە. لە ئاهەنگی ڕۆژی لە دایکبوونی بووین." ئافرەتەکە پرسی: "تەمەنی بوو بەچەند؟". گرابۆفسکی وەڵامی دایەوە: "هەژدە. ئەی منداڵەکانی تۆ تەمەنیان چەندە؟". ئافرەتەکە وتی: "حەوت و یازدە.." و کەوتە هەنسکدان.

گرابۆفسکی وتی: ″تکایە مەگرین″. ئۆتۆمبیلەکەی بردە قەراغی جادەکە و مۆتۆرەکەشی کوژاندەوە. ئەوەی بەلاوە پەسند و خۆش بوو کە لە ناو ئۆتۆمبیلەکەدا دابنیشێت، لە تەك ئەو ئافرەتەدا و لە هەمبەر کێشەکانییەوە بدوێن. ئەوجا کەوتەوە دوان: ″نابێت هەستێکی خۆ بەخراپ زانینتان هەبێت. چونکە وەها باشترە کە کۆتاییەك بەترس و نیگەرانییەوە، وەك لە ترس و نیگەرانییەکی بێ کوتایی″. ئافرەتەکە بەنیگەرانییەوە وتی: ″چۆن دەتوانن وەها شتێك بڵێن. خۆ ئێوە مێردەکەم هەر ناناسن″. گرابۆفسکی وەڵامی دایەوە: ″ڕاستە، وەهایە. بەڵام من لەوە تێ دەگەم، وەك منداڵێك، چۆن تەحەممولی شەڕ و دەمبۆڵەی بێ بڕانەوەی دایك و باب بکەیت″. ئافرەتەکە وتی: ″بەڕاستی وەهایە؟″. ئەوجا بەخێرایی و بەبزووتنێکی دەست فرمێسکەکانی سڕی.: ″بەڵێ، وەهایە″. لەو ساتەیشدا بارانـاو بەلێشاو بەشووشەکەی پێشەوەدا دەهاتە خوارەوە. ئافرەتەکە وتی: ″ئاخ، نازانم چیم لێ بەسەر هاتووە. بەڵام نەشمدەتوانی لەوەندە زیاتر ببینم کە چۆن ئەو لە هەموومان بەردەبوو″. گرابۆفسکی وتی: ″بڕیارێکی تەواوتان داوە. پێ دەچێت کە مێردەکەتان پەندی لێ وەربگرێت″. ئافرەتەکەی وتی: ″بەلاتانەوە وەهایە؟″. گرابۆفسکی وەڵامی دایەوە: ″یەقینم″. ئەوجا سەرگەرمیکردنی کونێکی بینین بوو، لە تەمی سەر جامەکەی ناوەوەدا. ئافرەتەکە وتی: ″ئەی ئێمە لە کوێین؟″. گرابۆفسکی سەرنجی دا کە پێ دەچێت لە جێیەکی وەك مەیدانی وەستانی ئۆتۆمبێل بن، کە هۆ لەوسەرییەوە تارمایی خواردنگەیەك لە ژێر لێڵی باراندا بێت. بۆیە کلیلەکەی دەرکێشا و وتی: ″دەتوانین لەوێکانەدا شتێك بخۆینەوە″. ئافرەتەکەش وەڵامی دایەوە: ″چی دەڵێن؟ ئا لەم ساتی شەوەدا؟″. گرابۆفسکیش وتی: ″بۆچی نا؟″. ئەوجا ڕوانییە ئافرەتەکەی کە خەریکی ڕێککردنەوەی چاویلکەکەی ئەم بوو. : ″بەڕاستیتانە؟″. گرابۆفسکی وتی: ″دەی فەرموو با بڕۆین. یانیش پێشنیارێکی باشترتان هەیە؟″. ئافرەتەکە وەڵامی دایەوە: ″نەخێر نیمە″. گرابۆفسکی وتی: ″چاوت لێیە؟″. ئەوجا

دەرگای لای خۆی کردەوە. ئافرەتەکە لە کاتی کردنەوەی دەرگاکەدا وتی: ″ئەی براکەتان؟″. گرابۆفسکی وەڵامی دایەوە: ″با بەخەوتن ئەلکوهولەکەی لە لەش دەرچێت″. کە سەرنجیشی دا، قسەکەی لە جێی خۆیدا بوو. سێ مەترێك لەوسەری مەیدانی گشتی ئۆتۆمبێلەوە خواردنگەیەك بوو. گرابۆفسکی وتی: ″ناشێت بڵێن کە هەست بەتاوانکارییەك دەکەن″. ئینجا پێکەنی. ئافرەتەکە وتی: ″یەك بەسفر، بەڵام بۆ تۆ″. ئینجا دابەزی. کتوپڕ شتێکی لێ کەوتە خوارەوە. هاواری لێوە هەڵسا: ″هەر ئەمەم کەم بوو″. خۆشی چۆماندەوە. گرابۆفسکی کە لە ئۆتۆمیلەکەوە بەڕاکردن دەهات وتی: ″وتی واز بێنە من دەیکەم″. ئەوجا خۆی بۆ شتە کەوتووەکانی سەر زەوییەکە نوشتاندەوە. کە خۆی هەڵساندەوە سەرنجی دا، وێنەی لە تەڕاییدا خوساوبوون. وێنەکانی بۆ ئافرەتەکە ڕاگرت و وتی: ″فەرموون″. ئافرەتەکەش بەخێرایی وێنەکانی لە دەست وەرگرت و خنینییە گیرفانی پاڵتۆکەیەوە. گرابۆفسکی وتی: ″وێنەی مێرد و منداڵەکانت، وا نییە؟″. ئافرەتەکەش وەڵامی دایەوە: ″هەر وەهایە بۆچی دزیت؟″. ئەوجا وتیشی: ″ئەرێ بەڕاستی بەم چاویلکە ڕەشەوە و لەم شەوەدا، شتێك دەبینن؟″. گرابۆفسکی وەڵامی دایەوە: ″لەوەش زۆرتر دەبینم کە جەنابتان بیری لێ دەکەنەوە!″. بەهەنگاوی خێراوە و لە ژێر بارانەکەدا، بەگۆڕەپانەکەدا بەرەو خواردنگەکە چوون. چوونە ناو خواردنگەکە و هەموو شتێکیان لە پشت خۆیانەوە بەجێ هێشت. هیچ نەبێت بۆ کاتێکی درێژ.

---

(*) چاویلکە هەیە کە بەشەو دەکرێتە چاو، بۆ بەرگری لە شەوق و ڕووناکی تیژی گڵۆپەکانی بەرانبەر. بەڵام بینەر بەڕوونی دەبینێت.

# قوونه قوونکەری خۆشەویست، تۆ لە کوێیت؟

هانس فالدا

جارێك لە جاران منداڵێك هەبوو کە ناوی (تۆماس) بوو. دایك و بابی بۆ یەکەمین جار و لە جێژنی سەری ساڵدا، سەگێکی تووکنیان لە قەیفەی ڕەش پێشکێش کرد. کە دوو گوێی قووت و دوو چاوی قاوەیی زیتەڵەی هەبوو. هەر وەکو تووتکەی سەگێك بەڵام لەسەر پێچکە. جا لەبەرئەوەی کە پێچکەکان هەموویان لە ڕێکی یەکتر و یەك میزانیان نەبوو، بۆیە بەرز و نزم دەبووەوە و هەڵبەز هەڵبەزی دەکرد. دەتوت وەك خۆی هەمیشەیی سەگانەی خۆی، بەخێرایی و بەدوای کەروێشکێکدا ڕادەکات. بۆیە باوکە سەگەکەی ناو نا قوونە قوونکەر. کە تۆماسیش گەورەتر بوو بەو ناوە ڕازی بوو. ئەو سەگەکەی زۆر خۆش دەویست و دەیویست هەمیشە لە کن خۆی بێت. تەنانەت نەیدەویست کە لە کاتی خەونیشدا بەتەنیای جێ بێڵێت. ئاگەداری ئەوەشی دەکرد کە دایك و بابی، نەك هەر لە کوڕەکەیان بەڵکو لە قوونە قوونکەریش شەوباش بکەن. دەی چونکە خۆشەویست بوو. ئیدی وا ڕوویدا کە ماڵەکەیان بۆ جێیەکی دوور بگواسترێتەوە. بەڵام لە ڕۆژانی گواستنەوەدا تۆماس لە کن (کونیا)ی پووره خۆشەویستەکەی دەمایەوە. بێ شك لە تەك ئەویشدا قوونە قوونکەر. دەنا چۆن تۆماس دەیتوانی لە کن پووری بنوێت؟ ئیدی پاش ماوەیەك دەبوایە پووره کونیا، لە تەك تۆماس و قوونە قوونکەردا، بەشەمەندەفەر بچووبایە بۆ جێی ماڵە نوێکە. لەوێکانەش، لەسەر سەکۆی وێستگەی شەمەندەفەر، بابی چاوەڕێی دەکردن. تۆماسی بچکۆلانە هێندە بەتاسەی بینینی باوکییەوە بوو کە شڵەژا بوو. سەری خستبووە نێوان لاقەکانی بابییەوە و لەوێوە دەیڕوانییە شەمەندەفەرەکەی کەوتەوە ڕۆیشتن. ئیدی هەرسێکیان دەست لە ناو

دەستی یەکتری، بەناو دارستانەکەدا، بەرەو ماڵەوە و کن دایە کەوتنە ڕێ. لەناکاو پوورە کونیا بۆ چرکە ساتێك و بەشڵەژاوییەوە، لە جێی خۆی وەستا: "وەی خودایە، قوونە قوونکەرم لە وێستگە لێ بەجێ ما!" باوکە هەر خێرا بەسەر ئاماژەیەکی کرد و وتی: "بێدەنگ، بێدەنگ!. هێندە سەرگەرمە کە ئەوی هەر وا بەو سانایییە لە بیر کرد" تۆماس جارێ هیچی نەدەوت. ئەو لەسەر لاقەکانی و لە نێوان ئەو دوو گەورەیەدا دەڕۆیشت و دەیڕوانییە دارە بەرزەکانی قنچکی تیژیان هەبوو. ڕێبوارێکیش بەسەگێکەوە بەوێدا تێپەڕی. ئیدی وا دایە لەسەر پلیکانەیەکی بەر ماڵەکەدا و وەستاوە و لە چاوەڕێکردندا، هەردوو پەلەکانی کردووەتەوە. بەدەرگایەکی گەورەدا چوونە باڵکۆنێکی بەرفراوانەوە. لەوێوە ئاوێك دیاربوو. پاپۆڕێکی بوخاری لە سووچێکی دارستانەکەوە، لە ناو ئاوەکەوە دەرکەوت. ئەوجا بەلەمێك و دانەیەکی دیش و زۆری تر. بووە ئێوارە و گچکەڵە دەبوایە بچێتە جێگەوە. چونکە ئەو ماندوو و لە باری ڕۆحیشەوە شڵەژاو بوو. بەڵام کاتێك دایکی ئەوی بۆ سەر جێگەکەی بەرز کردەوە، وتی: "قوونە قوونکەر!" بابیشی بەجەغدەوە وتی: "قوونە قوونکەر لە شەمەندەفەر دایە، تۆماس. قوونە قوونکەر سبەینێ دێت." ئەو بەسەرنجی پرسیارەوە لە باب و دایکی هەڵڕوانی و جارێ هیچی نەوت. بەڵام کە ڕووناکییەکە کوژێنرایەوە. کەوتەوە داواکردن: "قوونە قوونکەر!" دایکی بەجەغدەوە وتی: "تۆماس دەبێت بخەویت.." ئەوجا لە ڕووی دەرەوەش دەرگاکەی داخست. دایك و باب لە پشتی دەرگاکەوە وەستان. گوێیان گرتبوو و هەناسەیان لە خۆیان بڕیبوو. نە بۆڵە و نە گریان، بەڵکو بێ دەنگی. دایکە وتی: "ئارام دەبێتەوە. واش باشترە کە تۆ سبەینێ بچیتە وێستگە و سکاڵانامەیەکی بزربوون بدەیت." باوکەش وەڵامی دایەوە: "تەواوە. ئەگەر سوودێکی هەبێت باشە. شەمەندەفەرەکە دەچێت بۆ پۆڵۆنیا. وا دەزانیت کە ئەوان قوونە قوونکەرێکمان بۆ دەنێرنەوە؟!" ڕۆژی داهاتوو باوکە سکاڵانامەیەکی

بزربوونی دا. ئیدی ساتی سەرخەو شکاندنی پاش نیوەڕوان هات. بەڵام نەخێر، نەدەکرا سەرخەون بشکێنرێت:

″قوونە قوونکەر!″

″قوونە قوونکەر بەم نێزیکانە دێتەوە″

″بەڵام هەر ئێستاکە!″

″تۆماس دەبێت بخەوێت!″

ئیدی لە بریتی خەون، تووڕەبوون، بۆڵە، دڵدانەوە و گڕۆزی. ئێوارەش هەر هەمان جۆر. خانووە نوێکە، ئەو هەموو ئاوە، باخ و سەگەکەی ئەو ناوەش، پاپۆڕە بوخارییەکان، هەر هەموویان هیچ بوون. تەنیا قوونە قوونکەر، ئەی قوونە قوونکەری خۆشەویست تۆ لە کوێیت؟ قوونە قوونکەر. ئەو سەگە ڕەشە قوماشە بێ نرخە بووە پەڵەیەك هەوری ڕەش بەئاسمانەوە. کە دوای سێ ڕۆژان هەموو شتێکی شاردەوە و تاریك کرد! بۆیە باوکە بەدایکەکەی وت: ″بەیانی دەچمە بەرلین و قوونە قوونکەرێکی تر دەکڕم″. ″بەس پێ دەچێت کە وەها دانەیەکی دیت دەست کەوێت″. ″ئەی دەبێت ئەم گوزەرانە ئاوەها درێژەی هەبێت؟″. باوکەکە ڕۆیشت و خۆشبەختانیش، هەمان سەگی قەیفەی دۆزییەوە. هەر وەکو قوونە قوونکەر. ئەو گەلێك دوور سەفەری کرد و پارەیەکی باشی خەرج کرد. بەڵام: ئیدی ئەمشەو تۆماس باش و ئارام دەخەوێت. باوکە هێندە لەمەڕ پەیداکردنی ئەم سەگۆلکەیەوە خۆشحاڵ بوو، دەیخواست کردەوەیەکی باش و خێر بۆ هەموو دنیا بەئەنجام بگەیەنێت. لە ژووری شەمەندەفەرەکەدا منداڵێك هەبوو. هەڵبەت نەك وەك تۆماس، بەڵکو منداڵێکی پێست ئەسمەر و ڕوخسار زەرد. منداڵێکی گڕۆز و مەکراوی و دژوار. بەڵام منداڵێك بوو. دوو پیاوی دیش لەوێکانەدا دانیشتبوون. بەڵام بۆ ئەم هیچ گرفتێك نەبوو کە لەگەڵ ئەو منداڵەدا، چاوە چاو و گەمە بکات.

هەوڵیان دەدا کە منداڵەکە سەرگەرم بکەن و بەمەش یارمەتییەکی دایکی بدەن. بەڵام هیچ سوودێکی وەهای نەبوو. منداڵەکە هەر گڕۆز بوو. باوکە کارتۆنە بچکۆلە قاوەیییەکەی دەرهێنا. منداڵەکەش سەیری دەکرد. ئەو وردە وردە بەنی دەوری کارتۆنەکەی دەترازان و منداڵەکەش لێی دەڕوانی؛ دەبێت چی تێدا بێت؟! ئەو کاغەزەکەی بڕێك پان کردەوە و لێ گەڕا کەمێك ببینێت. کەمێکی دیش... ئەوجا باوکەکە وتی: "قوونە قوونکەر" منداڵەکەش بەخۆشییەوە وەڵامی دایەوە: "وەووەو.." دەکرا سەفەرێکی خۆش بێت. زەلامە زلەکەی لە سووچەکەدا دانیشتبوو، بابە گەورەی بوو. ئەو قوونە قوونکەری هەڵگرت و بەرەو خۆی کێشی کرد. قوونە قوونکەریش کەوتە هەڵبەز هەڵبەز. باوکەکە هەر خێرا کلکی گرت و بەرەو خۆی ڕایکێشایەوە. منداڵەکەش کەوتە گرینۆکی. بەڵام جار جارە پەڵە هەورێکی بەزەیی دڵی باوکەی دادەگرتەوە. بۆیە لە دایکەکەی پرسی: "ئێوە هەتا کوێ دەڕۆن؟!".

"ئێمە هەتا –بێنتشیدی نوێ– ئەی جەنابتان..؟!"

"ئاه.. من دەبێت زووتر دابەزم. منداڵەکەتان دەتوانێت هەتا ئەوێکانە، ئەو سەگەی لابێت". دایکەکە وتی: "ئەوەیان نازانم. ئەو ئەگەر شتێکی خۆش ویست، بەتەواوی خۆشی دەوێت"

باوکەش بەبیرەوە وەڵامی دایەوە: "وا جارێ ماوەیەك پێکەوە دەڕۆن!" ئەوجە سەگەکەشی خستە وەڕە وەڕ. باوکەکە کاغەز و بەنەکەی کۆ کردەوە و ئەوجا وتی:

"دەی نهاکە گوێ بگرە. قوونە قوونکەر دەیەوێت بخەوێت." منداڵەکە بەگرنگییەوە سەرنجی ڕاگرتبوو. بەڵام هەرکە سەگەکە خرایەوە ناو کاغەزەکەوە و دیار نەما، کەوتە گریان. بەپاڕانەوە و شکایەتەوە دەیوت: "قوونە قوونکەر". هەر هەمووان هەوڵیان لەگەڵی دەدا، بەڵام منداڵەکە

زۆرتـر دەگـريـا. بـۆيـە بـاوكـەكـە وتـی: ″خـۆ مـن پـێویستـم بـەوە نییـە كـە بەپێچراوەیی و لە پاكەتدا بیبەمەوە. بۆیە ئەو دەتوانێت كە ماوەیەكی تـریش پـێی بـێت..″ منداڵـەكە قوونـە قـوونكـەری خستـە بـاوەشی و كـەوتـە پـێكـەنین. ئـەی خـودایـە. دەی خـۆ منـداڵ هـەر منداڵـە... شەمـەندەفـەرەكـە هێواشی كردەوە و وەستا:

″دەی ئیتر قوونە قوونكەر بدەوە بەخاڵۆ..″

بەڵام منداڵەكە، سەگەكەی توند بەخۆیەوە نووساندبوو.

″دەتوانیت ژیر بیت و بیدەیتەوە..!″

″دادەبەزم..!″

″تۆ دەبێت دەستی لێ بەردەیت..!″

″تـكـایـە ئـەو –وەووەو–م بـدەرەوە، دەی تـكـا دەكـەم. مـنـیش كـوڕێكـی بچكۆلەم هەیە..″

″ئۆو.. دەتانەوێت دابەزن..؟ دەی تكایە خێراكەن..″

هـەر شت تـەڤ لـەهـەڤ. مـنـداڵـەكـەی بـەزەلـیـلـی دەگـریـا. بـلـیـتـبڕی شەمـەنـدەفـەریش تـووڕە بـووبـوو. دەسـتـێكـی دایـكـەكـەش بـەدەستـە گـرمـۆڵـەبووەكـەی منداڵـەكەوە بـوو. گریـانـەكـەش بـەرزتر بووەوە. ئیدی باوكەكە بەقوونە قوونكەرەوە لە دەرەوە وەستابوو. بیری كردەوە: ″ئەو ئـــەگـــەر شتـــێكـــی خـــۆش بـــوێت، ئـــیـــدی بـــەڕاستـــی خـــۆشی دەوێت..″ شەمەندەفەرەكە كەوتەوە ڕۆیشتن. باوكەش بەخێرایی دەرگاكەی كردەوە و سەگـەكـەی فـڕێدایـە نـاو شەمـەندەفـەرەكـەوە. شەمـەندەفـەرەكـە تـا دەهـات خێراتـر دەبـوو. دایك و منداڵـەكـەش لـەبـەر پـەنجـەرەكـەدا بـوون. منداڵـەكـە قـوونـە قـوونـكـەری بـەخـۆیـەوە گـرتـبـوو... پـیـاوەكـە بـەهـێواشی و بـەنـاو دارستانە تاریكەكەدا بەرەو ماڵ بووەوە. ئەو هیچ پەلەیەكی نەبوو. ئەو كاتێك دەگاتە ماڵەوە كە كوڕەكەی دەخەوێنرێت. ئەو بێ شك بەتاسەوە

داوای ″قوونە قوونکەر!″ دەکات. پیاوەکە هیچ لەوەی پەشیمان نەبوو. تەنیا کەمێك خەمبار بوو. هەر چۆنێك بێت، نارێکییەك لەم دنیایەدا هەیە. کەمایەسییەك هەیە!. دەیدەیت بەیەکێك و ئەوی تر دەگری! پیاوەکە دەرگاکەی لە پشتە سەری خۆیەوە داخست. بەڵام بێ شك (تۆم) وا چاوەڕێیە. پیاوەکە بەئاسپایی و بێدەنگ بەپلیکانەکاندا سەر کەوت. بەئاسپایی پاڵتۆکەی هەڵواسی و بەبێدەنگی سەرپێیەکانی لە پێ کرد. بەڵام خۆ دەبوایە دەرگای بکردایەتەوە.. وا کوڕە بچکۆلەکەی بەلای مێزۆلکەکەوە دانیشتووە و هەلیسە دەخوات. لەسەر مێزەکەش قوونە قوونکەر دانراوە! کاغەزێکی زۆر درێژیش بەملییەوە ئاوێزان کراوە. دایکەکە وتی:

″دەی بڕوانە.. پیاوەکە″

تێبینی فەرمانگەی وێستگەی زۆر بەسەر کاغەزەکەوە بوو. لەوانە ″سەگە ڕەشێکی بچکۆلانەی گاز گر..!!″ باوکەکەش بەنزمی نووسینەکەی خوێندەوە. جێی سەرسوڕمانە کە لەپڕێکدا دنیا چووەوە جێی خۆی.

# پشیلە سوورە

لویزە رینزەر

دەبێت هەمیشە بیر لەو شەیتانە سوورە، لەو پشیلەیە بکەمەوە. ئیدی نایشزانم ئەوەی کردم ڕاست بوو. لەوێوە دەستی پێ کرد، کە من لەسەر گردۆڵکە بەردەکەی تەنیشت حەشارگەی ساتی بۆمبارددومانکردندا، دانیشتبووم. تەپۆڵکە بەردەکە بەئەندازەی نیوەی ماڵەکەمان دەبوو. دانەیەکی بچووکتریش هەیە، کە ئێمە، من و دایکم، (پیتەر)ی برام و (لێنی) خوشکم، کە لە من بچووکترن، ئا لەوێکانەدا دەژین. وەسا، من لەسەر تەپۆڵکە بەردەکە دانیشتبووم. بەو ناوەشدا، گیا و گەزنە و گژوگیای تر ڕوابوون. من لەتێك نانم بەدەستەوەیە کە ڕەقە. بەڵام دایکم دەڵێت: نانی ڕەق لە نەرم بۆ تەندروستی باشترە. لە ڕاستیدا لەبەر ئەو هۆیە، کە دەبێت زۆرتر نانی ڕەق بجوویت، زووتریش و بەکەمتریش تێر دەبیت. وەلێ لە کن من وەها نییە. لەناکاو پارچەیەکم لێ بەر دەبێتەوە. ئەو ساتەی کە خۆم بۆ هەڵگرتنەوەی دادەنەوێنم، پەلی سوور لە ناو گەزنەکانەوە دەردەپەڕێت و پارچە نانەکە دەقۆزێتەوە. هێندە خێرا ڕووی دا کە تەنیا توانیم بەدەستەپاچەییەوە تێی بڕوانم. وا دەبینم کە پشیلەیەك لە ناو گەزنەکاندا خۆی گرموڵە کردووە. وەکو ڕێوی سوور و هەر تەواو لەڕ. دەڵێم: ″هەی بەڕەڵا نەفرەتی.″ و بەردێکیشی تێ دەگرم. خۆ من نەمدەویست بیپێکم، بەڵکو تەنیا بیترسێنم. دیارە دەبێت کە پێکابێتم. چونکە هەروەکو منداڵێك، هاوارێکی کرد. بەڵام زۆریش دوور نەکەوتەوە. بەزەییم پێیدا هاتەوە کە بەردەکەی بەرکەوت. هەرچیش ویستم لەو جێیەی بیهێنمە دەرەوە، سەری نەگرت. دەمدی کە چۆن پێستی ورگی بەخێرایی بەرز و نزم دەبووەوە و پەسا پەسا هەناسەی دەدایەوە. بەچاوە سەوزەکانییەوە و لە دوورەوە لە

منی دەڕوانی. بۆیە لێیم پرسی: ″چیت لێم دەویت؟!″ هەر شێتی بوو، چونکە خۆ ئەو مرۆڤ نییە هەتا بتوانێت لە تەکیدا بپەیڤێت. ئیدی لەویش و لە خۆیشم تووڕە و بێزار بووم. بۆیە ئیتر بێ ئەوەی سەیری ئەو بکەم، نانەکەم خوارد. کۆتایی پارچە نانە گەورەکەم بۆ هەڵدا و بەتووڕەیییەوە دوور کەوتمەوە. پیتەر و لێنی لەبەر باخەکەدا بوون و پاقلەی سەوزیان لێ دەکردەوە. کە دەیانخستە دەمیانەوە قرتەیەکی لێ دەهات. لێنی زۆر بەنزمی پرسی؛ کە ئایا پارچەیەك نانم پێیە؟ منیش وتم: ″خۆ تۆش پارچەیەکی وەك ئەوەی من گەورەت وەرگرت. ئەگەرچی تۆ تازە تەمەنت ٩ ساڵە و منیش ١٣. ئەگەرچی گەورەتر پێویستی بەزۆرترە.″ ئەویش لە وەڵامیدا تەنیا ″بەڵێ″یەکی وت، ئەوجا پیتەر وتی: ″چونکە ئەو نانەکەی خۆی بەپشیلەکە دا″. پرسیم: ″چ پشیلەیەك؟″ لێنیش وتی: ″ئاخ، هۆ لەوێکانەوە پشیلەیەك هات. پشیلەیەکی سوور لە شێوەی ڕێویەکی بچکۆلەدا. کە هەر زۆر لەڕ بوو. ئەو هەر تێی دەڕوانیم کە من چۆن نانەکەم دەخۆم...″ بەتووڕەییییەوە وتم: ″بێ مێشك. ئێمە کە خۆمان هیچمان بۆ خواردن نییە...″ بەڵام ئەو تەنیا شانەکانی بەرز کردەوە و بەخێرایی ڕوانییە پیتەر و درێژەی پێ دایەوە: ″ئەو کەللەیەکی سوورفڵی هەبوو. من لێم یەقینە کە پیتەریش نانەکەی خۆی داوەتێ.″ هەر بەڕاستی تورە بووم و بەپەستی ئەوانم بەجێ هێشت. کە گەیشتمە سەر شەقامەکە، ئۆتۆمبێلێکی درێژ و گەورەی ئەمریکی لەوێکانەدا وەستابوو. پێم وابێ –بیوك– بوو. لێخوڕەکەی بەئینگلیزی هەواڵی شارەوانی لێپرسیم. منیش کەمۆکەیەك زمانی ئینگلیزی دەزانم. وتم:(*)

and the next street then left and then

ئینجا، ڕاستەوڕاست بەئینگلیزی نەزانی، بۆیە بەئاماژەی دەست پیشانم دا
and behind the church is the market place whith the

ئیدی لێم تێ گەیشت. پێم وابوو کە بەئەمریکی تەواو دوابێتم. ئافرەتی ناو

ئۆتۆمبیلەکە چەند پارچە نانی سپی پێ دام. کە دەیانکەمەوە، پارچە باسورمەی ئەستووریان لە نێواندایە. ئیدی بەنانەکەوە بەرەو ماڵ هەڕام کرد. کە گەیشتمە چێشتخانەکە، خوشك و برا بچکۆلەکانم بەخێرایی، خەریکی شاردنەوەی شتێکن لە ژێر قەنەفەکەدا. بەڵام بەدیم کرد. چونکە لەسەر زەوییەکە پەڵەیەك شیرم بینی، بۆیە زانیم کە پشیلە سوورەکەیە. شیڕاندم بەسەریاندا: ″مەگەر شێت بوون. ئێمە کە لە ڕۆژێکدا تەنیا نیو لیتر شیری نیو چەورمان بۆ خۆمان هەیە و ئەویش بۆ چوار کەس.″ ئەوجا پشیلەکەم لە ژێر قەنەفەکە دەرکێشایە دەرەوە و لە پەنجەرەکەوە توورم دایە دەرەوە. هەردووکیان هیچیان نەوت. نانەکەم کرد بەچوار بەشەوە. بەشەکەی دایەم لە دۆڵابی چێشتخانەکە شاردەوە. بەترسەوە سەرنجیان دامێ و پرسیان: ″ئەوەت لە کوێ بوو؟″ وتم ″دزیومە″ و چوومە دەرەوە. دەمویست خێرا بنوارم کە خەڵووز لەسەر جادەکە نەکەوتووە، چونکە وا ئۆتۆمبێلێکی خەڵووزهەڵگر بەوێدا تێپەڕی. وا پشیلە سوورەکە لە بەرایی باخەکەدا دانیشتووە و لێم هەڵدەڕوانێت. بەقاچ تێمسرەواند وتم: ″بڕۆ و دوور کەوە″ بەڵام ئەو نەڕۆیشت، بەڵکو لمۆزە بچکۆلەکەی داچەقاند و میاوێکی کرد. ئەو وەکو پشیلەکانی دی نەیزیقاند، بەڵکو تەنیا میاوێکی کرد. بەچاوە سەوزەکانییەوە تێی دەڕوانیم. منیش بەپەستییەوە پارچەیەك لە نانە ئەمریکییەکەم بۆ فڕێدا. کە پاشان پەشیمانیش بوومەوە. کە گەیشتە سەر شەقامەکە، دوو کەسی گەورەتر لە منی لێ بوو، خەڵووزەکانیان هەڵگرتبووەوە. بۆیە منیش هەر وا بەلایاندا تێپەڕیم. یەك سەتڵی پڕ لە خەڵووزیان پێ بوو. منیش تفێکم بەسەردا کرد. ئەگەر بەرەوڕووبوونەوەی پشیلەکە نەبوایە، هەمووی هی من دەبوو. کە دەمانتوانی خواردنی ئێوارەی پێ لێ بنێین. بریسکاوی و جوان بوون. بەڵام لە پاشاندا، گەیشتم بەگارییەك بەپەتاتەی تازە پێگەیشتووەوە. خۆم پێدادا و هەندێکیان خلۆربوونەوە. هەندێك و هەندێکی تریش. پەتاتەکانم

خستە گیرفانەکەم و کاسکێتەکەمەوە. کە گاری لێخوڕەکە هەڵبڕوانی، منیش پێیم وت "ئێوە پەتاتەتان لێ بەردەبێتەوە.." و ئیدی بەخێرایی چوومەوە بۆ ماڵەوە. دایکم بەتەنیا لە ماڵەوە بوو، پشیلە سوورەکەش لەسەر کۆشی بوو. وتم: "ئۆووە غەزەبی ئاسمان. هەمدیسان ئەو حەرمزادەیە لێرەیە؟" دایکیشم وەڵامی دایەوە: "وەها شتێکی خراپ مەڵێ. ئەمە پشیلەیەکی بێ خاوەنە. کێ دەزانێت کە دەبێت زۆر لەمێژە شتێکی خواردبێت. سەیری کە چەندە لەڕە." منیش وتم: "ئێمەش لەڕین." دایکم وتی: "من تۆزێکم لە نانەکەی خۆم پێ دا" ئەوجا بەتووڕەییەوە سەرنجی دامێ. منیش لەگەڵ ئەوەی کە بیرم لە نانەکەمان و شیرەکەش کردەوە کە داومانەتێ، بەڵام هیچیشم نەوت. ئیدی پەتاتەکەمان کوڵاند و دایەش کەیفێی بوو. بەڵام نەشیپرسی کە لە کوێم بوو. پاشان دایە قاوەیەکی بەڕەشی خواردەوە و دەمانڕوانییە ئەو حەرامزادە سوورفڵەی، چۆن شیرەکەی لووش دەدا. لە کۆتاییدا لە پەنجەرەکەوە خۆی هەڵدا و بۆی دەرچوو. بەخێرایی پەنجەرەکەم داخست و هەناسەی ئارامیم دایەوە. سبەینێ زوو، دەمژمێری شەش خۆم بۆ سەوزە خستە ڕیزەکەوە کە دەمژمێری هەشت گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، خوشك و برا بچکۆلەکانم بۆ ناشتا لەسەر مێزەکە دانیشتبوون. لە نێوانی هەردووکیاندا ئەو حەرامزادەیەش هەڵتووتابوو و لە نانە نەرم بووەوەکەی ناو ژێر کووپەکەی لێنی خوارد. پاشی نیو کاتژمێر دایەش گەڕایەوە، کە لە پێنج و نیوی بەیانییەوە لە کن قەساب و لە سەرەدا بوو. کە پشیلەکە خۆی بۆ هەڵدا، دایەش هەروەکو بەڕێك کەوت وا بێت، نەك من وا تێ بگەم، لێ دەگەڕێت کە پارچەیەك باسوورمە بکەوێتە خوارەوە. باسوورمەیەکی لە جۆری باش، کە ئێمەش دەمانتوانی لە نانەکانمانی هەڵبسووین. خۆ دایە دەبوایە ئەوەی بزانیبایە. ڕق و قینەکەم قووت دەدەم و دەری نابرم، کاسکێتەکەم هەڵدەگرم و دەچمە دەرەوە. پایسکیلە کۆنەکەم لە ژێرخانەکە دەردێنم و بەرەو دەرێی شار

دەهــاژووم. لــەوێکــانــەدا گـۆمـاوێك هــەیـە کـە مـاسی تـێدایـە. مـن قـوولابـی ماسیگرتنم پێ نییە، بەڵکو پارچەیەکی ئاسنی درێژە کە دوو سەری تیژی پێوەیە. ئەو سەرە تیژانەی لە ئاوەکە ڕۆ دەدەم کە ئەگەر ماسی بەرکەوێت. زۆر جاران بەختم هەبووە و ئەمجارەش هەروەها. هێشتاکە نەبووەتە کاتژمێری دە کە دوو دانەی باشم پێیە و بەشی نیوەڕۆژەکەمان دەکات. بەزوویی دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە و ماسییەکان لەسەر مێزی چێشتخانەکە دادەنـێم. بـەخـێرایـی دەچـمـە ژێـرخـانـەکە و بـۆ لای دایکم کـە ڕۆژی جل شتنێتی، هەتا ئاگەداری بکەمەوە. ئەویش هەر خێرا لە تەکمدا دێتە سەرەوە. بەڵام لەوێکانەدا تەنیا ماسییەکی لێ ماوە، ئەویش هەر خێرا لە تەکمدا دێتە سەرەوە، بەڵام لەوێکانەدا تەنیا ماسییەکی لێ ماوە، ئەویش بـچـکـۆلـەکـەیـان. لـە بـەردەمـی پـەنجـەرەکـەدا شـەیـتـانـە سوور دانـیشتـووە و سەرگـەرمـی خـواردنـی کـۆتـایـی پـارچـەیـە. ڕقـم هـەڵدەستێت و پـارچـەیـەك داری تێ دەگرم، کە دەشی پێکم. بەدیوی دەرەوەدا کەوتە خوارەوە و گوێم لێ بوو، هەروەك گوونییەك کەوت و تەپەی هات. لەگەڵیدا دەڵێم: "ئاوەها.. ئیدی بەسیەتی..". بەڵام دایکم زللەیەکم تێ دەسرەوێنێت. کە شەقەی دێت. لــەگــەڵ ئــەوەی کــە لــە تــووڕەیـیدا ڕەنـگـی سپـی هــەڵـگـەڕاوە، بــەسەرمـدا دەقیژێنێت: "ئەمە ئەشکەنجەدانی ئاژەڵانە". من نهاکە تەمەنم ١٣ ساڵانە، کە بێ شك وا بۆ ٥ ساڵان دەچێت زللەم وەبەر نەکەوتووە. منیش لە دوورکەوتنەوە زیاتر چاری دیکەم نەبوو. نیوەڕۆ سەلاتەی ماسییەکەمان، زۆربەی پەتاتە بوو. بەهەرحاڵ، ئەوا ئەو سوورفڵی حەرامزادەیان لە کۆڵ بووەوە. بەڵام خوشك و براکەم بەناو باخەکەدا دەگەڕان و بانگیان لە پشیلەکە دەکرد. دایکیشم کە بەچاوی ڕەخنەوە لە منی هەڵدەڕوانی، هەموو ئێوارەیـەکیش، قـاپۆلکـەیـەك شیری لـەبـەر دەرگـاکـەدا دادەنـا. بۆیە منیش ناچار بووم کە هەموو کون و قوژبنێك لە دووی بگەڕێم. ئەگەری ئەوە هەبوو کە بەنەخۆشی لە جێیەك بێت و یانیش مردبێت. بەڵام پاش سێ

ڕۆژان حەرامزادە پەیدا بووەوە. لاقی زامدار و دەشەلی. لاقی ڕاستیشی بوو. هی تێسرەواندنەکەی من بوو. دایکم بۆی بەست و شتێکیشی بۆ خواردن پێ دا. ئیدی لەو ڕۆژەوە هەموو ڕۆژێك دەهات. ئیدی هیچ ژەمێکی خواردنی بەبێ ئەو نەبوو، کەسیشمان هیچمان لێ نەدەشاردەوە. هەرکە دەتویست شتێك بخۆیت، دەمودەست قووت بووەوە و سەرنجی لەسەر ڕادەگرت. ئیدی بەمنیشەوە کە لێی توورە بووم، ئەوەی هەمان بوایە دەماندایە. هێدی هێدی قەڵەو دەبوو. پێم وابوو کە پشیلەیەکی ڕندیشە. زستانی ساڵی ٤٦ لەسەر ٤٧ هات. کە بەڕاستی هیچی وامان بۆ خواردن نەبوو. بۆ چەندین هەفتەیش دەچوو کە گرامێکیش گۆشتمان نەبوو لە پەتاتەی لە سەرما بەستراو زیاتر. جلەکانیش لەبەرماندا شەق و شڕ بووبوون. جارێکیش لێنی لە برساندا، نانێکی لە نانەواخانەیەك دزی. بەس ئەمە تەنیا من دەیزانم. سەرەتای مانگی دوو بوو کە بەدایکمم وت: ″ئیدی ساتی سەربڕینی ئاژەڵەماڵییەکەمان هاتووە..″ لە کاتێکدا بەتووڕەییەوە لێی ڕوانیم پرسی: ″چ ئاژەڵێك؟″ وەڵامی دایەوە: ″نەخێر، شەرم ناکەم. ئێمە ئەوەمان بەخواردنی خۆمان هێناوەتە سەرحاڵ. وەکو فەرخەیەك (بەچکە بەراز) قەڵەوە و گەنجیشە، دەی کەواتە؟″ لێنی خوشکم کەوتە گریان و پێتەریش لە ژێر مێزەکەوە، پێلەقەیەکی تێ سرەواندم. دایکیشم بەنیگەرانییەوە وتی: ″لەو باوەڕەیدا نەبووم کە تۆ وەها دڵێکی خراپت هەبێ.″ پشیلەکە لەسەر (چێشتلێنەر)ەکە دانیشتبوو و خەوتبوو. هەر بەڕاستی خڕ بووبووەوە. هێندەیش قەڵەو بووبوو کە زۆر بەدەگمەن دەچووە دەرەوە بۆ ڕاوکردن. کە لە مانگی دووشدا، تەنانەت پەتاتەشمان بۆ خواردن نەما، ئیدی نەمانزانی چی بخۆین. ڕۆژێکیان وەکو شێتێك، ڕووم تێ کرد و پێم وت: ″گوێ بگرە، خۆ دەبینیت کە هیچمان بۆ خواردن نییە.. وەهای نابینیت..؟″ ئەوجا دۆڵابی بەتاڵی پەتاتە و نانەکەم پیشان دا و پێم وت: ″بڕۆ و دوورکەوە. خۆ دەبینیت لە کن مە چ گوزەرانێکە..″ بەڵام

ئەو تەنیا زەق هەڵیڕوانی و خۆی بەودیودا وەرچەرخاند. منیش لە داخاندا کەوتمە گریان و لە تووڕەییدا بەسەر مێزەکەمدا دەکێشا. بەڵام بەلای ئەوەوە هیچ گرنگ نەبوو. بۆیە منیش پەلامارم دایە و خستمە بن هەنگڵم. دەرەوە کەمێك تاریك بووبوو و خوشك و براکەشم لەگەڵ دایکمدا چووبوونە دەرەوە. هەتا کەلەرم بدۆزنەوە و بڕننەوە. ئەم ئاژەڵی ماڵییە هێندە تەمبەڵ بووبوو کە لێ گەڕا هەتا هەڵبگیرێت. بەرەو ڕووبارەکە چووم. لەناکاو کابرایەکم لێ پەیدابوو کە لێمی پرسی؛ گەرەکمە ئەم پشیلەیە بفرۆشم. خۆشحاڵ بووم و وتم بەڵێ. بەڵام ئەو تەنیا پێکەنی و دوور کەوتەوە. ئیدی گەیشتمە سەر ڕووبارەکە. دەشت و دەر زوق و تەم و ساردیش. پشیلەکە تەواو خۆی بەمنەوە نووساندبوو، منیش دەستم بەسەردا دەهێنا. دڵنەواییم دەکرد و لە تەکیدا دەپەیڤیم: ″ناتوانم ئەوە ببینم کە خوشك و براکانم برسی بن و تۆش قەڵەو. هەر بەڕاستی ناتوانم وەها دیمەنێك ببینم″ ئیدی لەناکاو قیژەیەکم بەسەردا کرد، هەردوو پەلی دواوەیم گرت و ڕامکێشا بەقەد دارێکدا. بەڵام ئەو تەنیا هاوارێکی کرد و نەمرد. ئەوجا کێشام بەپارچەیەك سەهۆڵدا. بەڵام تەنیا کەللەی زامدار بوو. خوێن فیچقەی کردە دەرەوە و پەلە خوێنی تۆخ لەسەر بەفرەکە دروست بوون. ئیدی وەکو منداڵێك دەیزریکاند. حەزم دەکرد واز بێنم، بەڵام باشتر بوو، کۆتایی بەکارەکەم بێنم. من یەکبینە دەمکێشا بەپارچە سەهۆڵەکەدا و ئەویش قیژە و هاواری بوو. خەڵکی دەڵێن کە پشیلە حەوت ڕۆحی هەیە، بەڵام وا دیارە ئەمە زۆرتری هەیە. لە تەك هەر تێسرەوانێکدا هاواری لێ بەرز دەبووەوە ئیدی منیش ناچارمام کە بکەومە هاوار هاوار. بەو سەرمایەش شەلاڵی ئارەقە بووم. کە تۆپی، فڕێدایە ڕووبارەکە و دەستەکانم بەبەفر شت. کە جارێکی دی ئاوڕم لێ دایەوە، لە نێوان پارچە سەهۆڵەکاندا سەرەو خوار دەبووەوە. منیش خۆم بەتەمومژەکەدا کرد. ئەگەرچی زۆرم سەرما بوو و ڕچەم کردبوو، بەڵام نەمدەویست بۆ ماڵەوە

بگەڕێمەوە. بڕێك بەناو شاردا سووڕامەوە و پاشان گەڕامەوە. دایکم لێمی پرسی: ″ئەوە چیتە، وەکو پەنیر سپی هەڵگەڕاویت؟ ئەی ئەم خوێنە چییە بەچاکەتەکەوە؟!″ وتم: ″خوێنی لووتم بەر بووبوو″. ئیدی سەیری نەکردمەوە. چووە چێشتخانەکە و چایەکی نەعنای بۆ کردم. لەناکاو حاڵم تێکچوو و دەرپەڕیمە دەرەوە. ئیدی چوومە جێگەوە. دایکم هات و زۆر بەئارامی وتی: ″لێت تێ دەگەم. بەڵام هەرگیز بیری لێ مەکەوە″ پاشان تا نیوەی شەوەکە گوێ لێ بوو کە پیتەر و لێنی، سەریان خستبووە ژێر سەرینەکە و دەگریان.

نەهاکەیش نازانم کە بەڕاستی کارێکی باش بوو، ئەم حەرامزادەیە سوورفڵەم کوشت؟ باشە خۆ لە ڕاستیشدا ئاژەڵێکی ئاوەها، هێندەش ناخوات.

---

(*) شەقامی داهاتوو، پاشان چەپ و پاشان... ئەوجا پشتی کەنیسەکە مەیدانی -بازاڕە - کە شارەوانی لەوێکانەیە.

# "زبڵ" ئەفەندی

عوسمان ئینگن

کەسێك لە ئێوە (سلێمان ئەفەندی) دەناسێت؟! نەء؟! ئەوسای من هاتمە ئەڵمانیا، ئەویش لە هەمان شەقامدا دەژیا. جا بۆ ئەوەی خۆی لە بەهەڵە تێگەیشتن ببوێردرێت، ئەو بەهیچ جۆرێك پێوەندی خزمایەتی و دۆستایەتی لەگەڵ (کارای کوڕی نارامسین)دا نییە. ئەفەندیبوونیش؛ بەواتای کەسایەتییەکی تەواو بیت. بۆیە کە (سلێمان ئەفەندیش) کەسایەتییەکی تەواوە. ئەو ئەگەرچی قەڵەو و بەساڵدا چووە بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئەو بابایەکی کەسایەتییە. بۆ قەڵەوبوون؛ بێ ئەوەی کە خۆشم بمەوێت، ئەوا توانیومە ببم.. پیربوونیش هەر وەها. بەڵام لە بارەی کەسایەتییەوە ئەوە شتێکی گرانە. خۆ ئەگەر ئەو خانمی (مایەر دێریك)ەی ئەوبەرمان نەبایە، ئەوا منیش هێندە گوێم بەکەسایەتی نەدەدا. ئەگەرچیش کە ئەو خانمە شۆخە تەنانەت سەرنجێکیشم ناداتێ. تەنانەت دێڵە سەگەکەشی کە ناوی (تینا)یە، گرنگیم پێ نادات. کەچی لەسەر شەقام و بەکاتژمێر لە تەك (سلێمان ئەفەندی)دا دەپەیڤێت.

"ڕۆژێکی خۆشت بۆ دەخوازم، بەڕێز خانمی مایەر دیریك.. منی بەوەفا، سلێمان ئەفەندی.. ئەمڕۆ.. – دەڕوانێتە ساڵنامەکەی – کە ڕۆژی پێنجشەممە و ١٢ – ١١,,.. و – دەشڕوانێتە کاتژمێرەکەی – وا حەڤدە و چارەکە... لە کانگەی دڵەوە سڵاوتان لێ دەکەم..." خانمی مایەر دیریکیش، زۆرە خەندەیەك دەکات و دەبۆڵێنێت: "ئۆوو.. خودایە.. هەمدیسان مێشك بەرەکەیە..!". "خانمی مایەر دیریکی خۆشەویست.. ئەو تکە بارانەی دەتکێنە سەر لەشم، دەمخەنە سیمفۆنیای بەهارەوە. بۆیە دەبمە ڕۆمانتیکێك..." "بەڵام منیش سەرتاپام تەڕ دەبێت.. عارەبانەکەت ڕاکێشە.

هەی پیاو..!" هەمیشە شکم لەوەی هەبووە کە هەرگیز نەتوانم ئا بەو جۆرە، لە تەك خانمی مایەر دیریکدا بپەیڤم. بۆیە کەوتبوومە سەر ئەو بیرەی، یان خۆم بخەمە ئاوەوە و بەئەشکەنجەوە بمرم یانیش خۆ ژەهرخواردوو بکەم. بەڵام یەهوو.. بیری خۆ ڕزگارکردن بەمێشکمدا هات. خۆ مرۆڤ دەتوانێت لە کن فێرکەری تایبەتی، فێری (کەسایەتی) ببێت!

بەڵێ، لای سلێمان ئەفەندی.. دەنا لە کن کێ..؟ بۆیە ئێوارەیەکی کە قاوەخانە تورکییەکەی بەجێ دەهێشت، بەگیرم هانی:

– سلێمان ئەفەندی خۆشەویست، گەرەکمە حەتمەن بزانم کە چۆن توانیوتانە ئاوەها ببنە کەسایەتییەك؟! بەتایبەتیش بەلای خانمی مایەر دیریکدا؟! خۆ ئەگەر دەشڵێن کە پێوەندی بەورگزلییەوە هەیە.. فەرموو ئەوەتا منیش هەمە. یانیش وا بزانن کە پێوەندی بەوەوە هەیە، بەساڵداچوو دیار بیت.. فەرموو بڕوانە ڕوخسارم.. کەچی لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، من وەکو تۆ کەسایەتی نیم...

– باشە عوسمان، دەمەوێت پێتی بڵێم.. دەزانیت (کەلوپەلی فڕێدراو) چییە؟!

– هەی لە منت گەڕێم، جەنابی سلێمان ئەفەندی، ئاشکرایە کە دەزانم. ئا لەم دواییانەدا قەنەفەکەم لە ناو شتگەلی سەر شەقامەکەمان هەڵگرتەوە.. پێنج کەس لەسەری دادەنیشین...

– ئا ئەوە گەورەترین هەڵەیە.. عوسمان. مرۆڤ نابێت کەلوپەل لەسەر شتی فڕێدراوی شەقامەکەی خۆیان هەڵبگرێتەوە و هەرگیز دەستیان بۆ بەرێت. تەنانەت کە بەیانی زوویش دەچیتە سەر کار، سەرنجیشیان مەدەرێ. چونکە لە ئەڵمانیادا وەها ڕەسم و عادەتە! کە کەلوپەلی گرانبەها بەکار بێنێت و هەر خێرا و تا زوویشە تووڕیان بدەیتە سەر شەقامی.. بۆ ئەوەی کەلوپەلی نوێ بکڕێت!. بەڵام ئەگەر تۆ وەکو گسکدەرێك، کاتژمێرەکان بەگەڕەکەکاندا و بەنێو کەلوپەلی فڕێدراودا خول بخۆیت،

ئـیدی چـۆن دەتـوانـیت ببیتـە کـەسایـەتـییـەك؟! دەبێت تـەنیا بـەنـاو ئـەو کەلوپەلە فڕێدراوانەدا ملۆمۆش بکەیت کە زۆر دوور لە جێگەی ژیانت فڕێدراون. ئەو جێیەی کە یەقین دراوسێیەك نەتبینێت. منیش بەنێو زبڵی سەر جادەی ئەو گەڕەکانەدا خول دەخۆم، کەسێك لەوێکانەدا نامناسێت...

– چـی..؟! جـەنـابت..؟! بـەڕێز سلـێمـان ئـەفـەندیش چـاو لـە کـەلـوپـەلـی فڕێدراو دەگێڕێت..؟!

– بەڵێ.. بەڵێ.. ئەی وا دەزانیت چۆنی بەسەر دەبەم و چۆن دەتوانم هەر دوو مانگ جارێك، ١٢ جلشۆر، ١٧ ساردکەر، ٧ تەلەفزیۆن و ٣ تاقمی ژووری نووستن فڕێ بدەم..؟!

– بـەڵـێ، مـنـیش هـەر جـار ئـەوە لـە خـۆم دەپـرسم؛ کـە چـۆنـە وا لای جەنابتان، زوو زوو ئامێری ئەلیکترۆنی خراپ دەبن. ئایا خانوویەکی شێدارتان هەیە؟!

– ئۆوو خودایە. عوسمان تۆ تێ ناگەیت. ئەگەر هێندە ساویلکە بیت، هەرگیز ناتوانیت کە لەم ئەڵمانیایەدا ببیتە کەسایەتییەك. کوڕە من ئەو هەموو کەلوپەل و ئامێرانە، لە تەك هەردوو کوڕەکەمدا و لە گەڕەکەکانی تر کۆ دەکەمەوە. هەر جارێك زبڵ و شتی فڕێدراو لەسەر شەقامەکان هـەبن، ئـەوا ئێمـەش ئـەو هـەمـوو کـەلـوپـەلانـە لـە پـەنجـەرەکـەمـانـەوە، فڕێ دەدەینە سەر شەقام. ئیدی دراوسێکانیش وا دەزانن کە هەموویانم بەکار هـێنـاوە. بـەڵام لـە ڕاستـیدا تـەلـەفـزیـۆنـەکـەی خـۆم ١٧ ساڵان کـۆنـە... جلشۆریشم هەر نییە.. کە لە بریتی جلشۆر دوو کچم هەن...!

– بۆیە لە کاتی کەلوپەل فڕێداندا، بەر ماڵەکەتان دەڵێیت کۆگای کاڵا فرۆشتنە..!

– زۆر تەواوە! هەر ئەوەش هۆکەیە، بۆچی خانمی مایەر حەز دەکات لەگەڵ مندا قسان بکات...

– جا کەواتە ئەوە بۆ منیش هێندە بەگران ناگەڕێت. خۆ منیش دوو کوڕم هەن و (فۆرت)ێکی گواستنەوەش... ئۆو جەنابی سلێمان ئەفەندی، لە کانگەی دڵمەوە سوپاست دەکەم بۆ ئەم ئامۆژگارییەت. هیوادارم دەست بۆ هەر چییەك ببەیت، یەزدان بۆت بکات بەزێڕ!.. بەتایبەتیش، هاوپێوەندی بەخانمی (خانمی دیریك)ەوە.

لە ناخەوە هەست دەکەم کە (تینا)ی سەگەکەی خانمی مایەر لە باوەشمدایە! ئیدی وا ئێوارەکانم بەو جۆرە بەسەر دەبەم. لە تەك هەردوو کوڕەکانمدا و لە گەڕەکە دووردەستەکان، بەنێو کەلوپەلە فڕێدراوەکاندا گڕ دەخۆین و دەگەڕێین. جار جارەش تووشی سلێمان ئەفەندی و کوڕەکەی دێم، بەڵام وەها دەنوێنم کە گوایە بەدیم نەکردوون. وا خەریکە ژێرخان و گەراج و سەربان و ژووری نووستنەکەشمان پڕ دەبێت. وا هەفتەیەکیشە ناتوانین خۆمان بشۆین، چونکە ئامێری چێشتلێنەری لێ دانراوا و پڕە. لە ئاکامدا ئەو ڕۆژە گەیشت کە هیوادار بووم بگەمە پلە و پایەی کەسایەتی و عوسمان ئەفەندیەتی!! لە کاتی کەلوپەل فڕێدانە دەرەوەدا، کچە بچکۆلەکەم لەو سەرەڕێیەدا ڕاوەستاوە و چاودێری ماڵی عوسمان ئەفەندی دەکات! پەسا پەسا هەواڵ دەگەیەنێت کە ئەوان لە کوێی کارەکەدان. وا ئێمە نۆ ساردکەر و یازدە تەلەفزیۆن و شەش جلشۆرمان لە پەنجەرەکەوە فڕێدایە دەرەوە، کەچی کچەکەم بەڕاکردن هات و وتی:

– بابە.. بابە.. وا ئەوان پازدە ساردکەر و حەڤدە تەلەفزیۆن و دووازدە جلشۆریان فڕێدایە سەر شەقام..

بۆ ماوەیەك ڕوانیمە کوڕەکانم و بیرم کردەوە "یانی ئەو هەموو کار و ماندووبوونەی هەفتەی ڕابردوو بەفیڕۆ چوو؟! باشە ئەو بۆچی ئەم بیرەی بەمن دا؟! یانیش هەر بۆ ئەوە بوو کە لە ڕابردوو زیاتر، بەسەر مندا زاڵ و سەرکەوتوو بێت؟!.." لە هەمان کاتیشدا چاوڕاو –جاسووس–ی

نەیارەکەم، لەو دەرەوە دەبینم. کوڕە بچکۆلەکەی عوسمان ئەفەندییە کە خۆی مات داوە! جافری کوڕە بچکۆلەکەیەتی کە بەڕاستی پەستم دەکات. بەڵام لەوەی خاترجەمم کە ئێمە لە فڕێدانی درێژخایەندا، کەلوپەلی یەدەك و زیادەمان زۆرە. پاشی دەمژمێرێك خەجیجی کچم بەهەواڵێکەوە گەڕایەوە و وتی:

– وا بەرەی ناحەز، ٢٧ تەلەفزیۆن، ٣٣ ساردکەر و ٢٤ جلشۆریان فڕێدایە سەر شەقام...

دەی وا ئێمەش دەیانگەینێ. چونکە وا ئێمەش ٣١ تەلەفزیۆن، ٣٥ ساردکەر و ٢٨ جلشۆرمان لەسەر شەقامە.! ئەوە بێجگە لە شتە گچکەکانی وەك ٥١ تۆست، ٧٨ قژ وشککەرەوە، ٦٧ گیسکی کارەبایی و ٦٦ سیدی.. ئەگەرچی هێشتاکەش ژووری نووستنەکەمان بەتەواو نیوە بەتاڵ نەبووە.. بەڵام وا بەرەو سەرکەوتن دەچین! چەکی بەکار و باشیشم ئەوە بوو کە لە بریتی ٢٨هەم جلشۆر، کورسییەکی زۆر کۆن و ئەنتیکم فڕێ دا. چونکە بیستبووم ئەگەر خانمی مایەر دیریکس، بەلای وەها ئەنتیکێکدا تێپەڕێت و ببینێت، بێ حاڵ دەبێت. بەڵێ.. ئاوەها.. ئێستاکە ناتوانێت هەر وا بەئاسانی تێپەڕێت و بێ ئەوەی سەرنجێکی کەلوپەلە فڕێدراوەکانم نەدات! ئیدی بۆی ئاشکرا دەبێت کە چ کەسێکی بەتەواوی خاوەن کەسایەتی لە شەقامەکەیدا دەژی! ئەوەشی کە سەرسووڕماوم دەکات، زۆربەی ئەوانەی کە ویڵی شتە کۆنەکانمن لەبەر ماڵەکەمدا، ئەڵمانن نەك بێگانە!. بۆ خۆ ڕاهاتنیش لێ دەگەڕێم کە لە لایەن هاوسەرەکەمەوە (عوسمان ئەفەندی)م پێ بوترێت. هەتا خوو بەو نازناوە نوێیەی بگرم. ئەو ساتەی کە ٤٩هەم جلشۆرمان لە پەنجەرەکەوە فڕێدایە دەرەوە، گوێم لە زرمەیەك و پاشانیش قیژەی خانمی (مایەر دیرك)ەوە بوو. ئا بڕوانە کە مرۆڤ چۆن دەتوانێت کە خۆشحاڵی خۆی لە هەمبەر کورسییەکی کۆنەدا دەرببڕێت و هاواریش بکات؟! یان ئەو لە تاو ئازاردا دەقیژێنێت...؟!! ئیدی وا لەو ساتەوە من لە

بەندیخانەم و خانمی مایەریش لە گۆڕستان! ئایا ئەو نەیدەتوانی کە پاش کاتژمێرێکی دی، ئەو کورسییە هەڵبگرێتەوە؟! ئاشکراشە کە لە بەندیخانەدا نابمە کەسایەتی، بەڵام بەهەر کەسێکیش دەگەم دەڵێم: لە کەلوپەل فڕێدانی پێشوودا، ٥٧ تەلەفزیۆن، ٦٨ ساردکەر و ٤٩ جلشۆرم فڕێداوەتە سەر شەقام. ئەوە بێجگە لە شتە گچکەکانی چاوپۆشیم لێ کردوون. با ئەوەش بڵێم؛ من لە سلێمان ئەفەندیم زۆرتر فڕێ داوە. هێندەم فڕێ دا هەتا وەبەر خانمی مایەر دیریکیش کەوت. لێ ئەوەشی کە زۆر نیگەران و تووڕەم دەکات ئەوەیە؛ جەنابی سلێمان ئەفەندی، سەگەکەی خانمی (مایەر دیریك)ی گرتووەتە خۆی!.

# "کەرکەدەن"ی ڕووت

میخائیل ئێندە

جارێك لە جاران كەركەدەنێك هەبوو، كە ناوی (نۆربێرتە مل ئەستوور) بوو. لە نێوەندی دووردەستی ئەفریقا، لە نێو پێ دەشتێكدا دەژیا و زۆریش دڕدۆنگ بوو. ئیدی خۆ ئاشكرایە كەركەدەنەكان هەموو هەر وەهان. بەڵام لە كن (نۆربێرت) مەسەلەكە زیاتری درابووە دەم. دەیخواست خۆی پێ ڕازی بكات و بێژێت: "هەڵبەتە مرۆڤ باشییەك لەوەدا دەبینێت، لە هەر كەسێكدا دوژمنێك ببینێت. كە ئیدی چاوەڕێی ڕووداوی كتوپڕی نابێت. هەر بۆیە ئەوەشی كە من تەنیا باوەڕم پێی بێت، خۆمم. ئەویش فەلسەفەی خۆمە.." بەوەشی دەنازی كە فەلسەفەی تایبەتی خۆی هەبوو. بۆیە لەم ڕووەوە باوەڕی بەكەسی دیكە نەبوو. بەو پێیەی كە دیارە (نوربێرتە مل ئەستوور)، لە ڕووی ڕۆحییەوە هێندە ئارەزوو خواست نەبوو. جا لە ڕووی بەدەنیشەوە نەدەكرا هێرش بكرێتە سەری و زەفەری پێ ببرێت. چونكە ئەو لە لای ڕاست و چەپەوە. لە پاش و لە پێشەوە، پێستە ئەستووری سپەر ئاسای هەبوو. وەكو چەكیش تەنیا بۆ ئەوە بەس نەبوو، وەكو هاوەڵەكانی تری، قۆچێكی بەسەر لووتەوە هەبێت، بەڵكو ئەو دووانی هەبوو. دانەیەك لە پێشە و سەری لووتی. قۆچێكیش لە دواترەوە و وەكو یەدەك. ئێ، نەكا گەورەكە بەش نەكات. هەردووكیشیان وەكو شمشێری تورك، نووكدار و تیژ بوون. ئەو دەیوت: "ئەوە شتێكی باشە كە مرۆ، بۆ خراپترین ڕووداو هەردەم ئامادە بێت." بۆیە ئەگەر زرمە زرم بەو ناوەدا بڕۆیشتایە، هەموو خۆیان لێ لادەدا. ئاژەڵە بچكۆلەكان لێی دەترسان و گەورەكانیش لە ژێریاندا، خۆیان لە بەرەوڕووبوونەوەی دەپاراست. تەنانەت فیلەكانیش لێی دوور دەكەوتنەوە. چونكە (نۆربێرت) دڕدۆنگ و قینی لە دڵ دەگرت.

بەبچووکترین شت دەیکردە شەڕ. ڕۆژ بەڕۆژیش کردەوەی خراپتر دەبوو. هەتا وای لێ هات کە ئاژەڵەکانی دی، بەچوونە سەر گۆلاوەکە بۆ تینوویەتی شکاندن، گیانیان دەکەوتە مەترسییەوە. بێچووە ئاژەڵەکانی نەیاندەتوانی لەوێکانەدا، یاری و یانیش مەلە بکەن. بەڵێ، تەنانەت باڵندەش بوی نەبوو بخوێنێت. کە ئیدی نۆربێرتە مل ئەستوور خێرا و بەتووڕەیی دەهات. دەیبۆڵاند و هەموو شتێکی دەشێلا. دەیقیڕاند کە گوایە هێرش کراوەتە سەری. بۆیە هەمووان لەسەر ئەوە یەکگرتوو بوون کە ئیدی وەها نابێت. بۆ ئەم مەبەستەش ئاژەڵەکان بانگەوازی کۆنفرانسێکیان هەڵدا. هەتا ئامۆژگارییەکان بخرێنە بەر ڕاوێژەوە و دەتوانن چی بکەن. هەر کەسێکیش بەڵێنی دا کە هەڵسوکەوتی ئاشتیخوازانە بێت. چونکە تێیاندا هەبوو کە دۆستایەتییان پێکەوە نەبوو. لە ئێوارەی بڕیاردراودا چەندین کیلۆمەتر دوورتر و لە دۆڵێکدا کۆبوونەوە. هەتا بەئارامی و هێمنی و دوور لە نۆربێرتە مل ئەستوور بپەیڤن. (ڕیچارد دەنگگڕ)ی شێر، کە دەبا بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە بوایە. چووە سەر تاشە بەردێك. نەعرەتەیەکی کرد و بەسەر کۆمەڵەکەیدا خوڕی کە بێدەنگ بن. خێرایش بێدەنگی دروست بوو. جا لەبەرئەوەی حەزی لە درێژدادڕی نەدەکرد، بۆیە بەکورتی و بێ چەند و چوون وتی:

– هەمووان دەزانن کە دۆزەکە چییە، کێ پێشنیارێکی هەیە؟!

(بێرتۆڵد بۆرستیك)ی بەرازۆلکە زیقەی لێ هەڵسا:

– من!

–دەی قسە بکە!

بەرازۆلکە وتی:

– مەسەلەکە هەر زۆر ئاسانە. هەموو یەك دەگرین و خۆمان بەسەر کەرکەدەندا دەدەین. بەتەکانێك و هەر وەکو شلکێنە لاری دەکەینەوە.

پـاشان دەیـنـێژیـن و کـە ئـیـدی ئـارامـی بـەرقـەرار دەبێت. فـیـلـەژنێکی بەساڵاچوو، هـەروەك شەیپوور لێ بدات دەنگی لێوە هـات:

– ببوورە ئـازیزەکەم.. ببوورە.. بەڵام ئەم نەخشەیە ئـاستێکی گەلێك نزم و لەگەڵ ئەوەشدا بێ بەزەییيانـەی هـەیە! بەهـەمووان دژی یـەکێك..!

ئەوجا ئـەو خانمەی کە نـاوی (ئـەیدای خـەرتووم نـاسك) بوو، گوێیـەکانی لەراندەوە و وتی:

– مـن بـەنـاوی مـافـەکـانی ئـاژەڵانـەوە، دژی پـێشنیـارەکـەی جـەنـابی (بـورسـتـیك) دەوەسـتـمـەوە. پـێشنـیـارەکـەی دوور لـە داب و دەسـتـوورە و ئـاستیشی نزمە..

بەرازۆلکە بەتوورەیی وتی:

– هۆوو.. نۆربێرتە مل ئـەستوور خۆی ئـاستی نزمە. بۆیە مرۆڤ دەبێت بەهـەمـان ئـاستی خۆی مـامـەڵەی لە تەکدا بکات.

خانمی خـەرتووم نـاسك بە گرانبەهـاییيەوە، وەڵامـی دایەوە:

– هـێنـدەش قـووڵ و نـزم نـامـەوێت ڕۆ بـچـم. تـۆ.. جـەنـابـی بـۆرسـتـیك ئـاستتـان نییە! بێجگە لەوەش، نۆربێرتە مل ئـەستوور لێ ناگەڕێت هـەر وا بـەئـاسانی و وەکو جـەنـابـتـان دەیـفـەرمـوون؛ هـەروەك شلکێنـەیـەك لاری بـکـەنـەوە. بـەڵـکـو پـارێزگـاری لـە خـۆی دەکـات و پـێش لـە لارکردنـەوەی، چەندین لەو بەڕێزانەی ئەوێکانە لار دەکاتەوە و یـانیش بەر قۆچیان دەدات..

(بێرتۆلد بورستیك) بەخورتـەوە وتی:

– نـا.. ئێ دەبێت حیسابی قوربـانیدانیش بکرێت..

ئەیدای خـەرتووم نـاسك وەڵامی دایەوە:

– کێ دەیەوێت کە لـە قوربـانییەکان بێت، بێتە پێشترەوە!

کەس نەهاتە پێشەوە. تەنانەت بێرتۆلد بورستیك خۆیشی. ئەوجا خانمی فیل، سەیری پڕ لە مانای ڕاوەشاند و لە ″نا.. فەرموو..″ زیاتر، هیچی تری نەوت. شێرەکە نەڕاندی:

– پێشنیارەکەی بێرتۆلد بورستیك بەرپەرچ درایەوە. فەرموون یەکێکی تر.

پیرە (لەقلەق)ێك هاتە پێشەوە، کە سەرە بێ تووکەکەی بەهۆی زۆر بیرکردنەوەوە، رووتابووەوە. ئەو ناوی پرۆفیسۆر (ئیۆسیبس قورکونکەر) بوو. لەقلەق بەرەقی بەرەو هەمووان نوشتایەوە و کەوتە قسە:

– بەڕێزانی ئامادەبووان، دۆستانی خۆشەویست! ئحەم! بەباوەڕی تەواوی من، ئەم گرفتەی کە خراوەتە بەر دەست تەنیا بەشێوەیەکی –پاتۆمیلانسانی!– چارەسەر دەکرێت.. ئحەم. هەروەکو چۆن لە بەرهەمە ناودارە جیهانییەکەمدا لەمەڕ –کاتاکلیستیش–، ئەسیفۆپلاپیس، دیبرۆفیلەر، سکلێپۆتۆمیسەوە نووسیومە...

ئاخ و ئۆف کۆبوونەوەکەی داگرتەوە. چونکە هەر کامیان دەیانزانی کە پرۆفیسۆر (قورقونکەر)، زۆر درێژ و زۆریش ناڕوون دەپەیڤێت. ناڕوونییەکەی نەك هەر لەبەر لەشە ئاڵۆشگرتوو و خۆ خوراندنەکەیەتی، بەڵکو لەبەر دەستەواژە و زاراوە زۆر زانستییەکانیەوەیەتی. دوای لە دەستچوونی ماوەیەکی بەنرخ، درێژەی پێ دایەوە:

– من کورتی دەکەمەوە. لەمەڕ نۆربێرتە مل ئەستوورەوە، ئەوە تایبەتمەندییەکی – ئۆریبۆلاند.. پسیمۆلاسیۆنی.. کاورێفاتۆمالیستیشی.. کۆمۆنیکاسیۆنی.. سیمپۆرتۆرمێرد، یان تەنانەت دەکرێت ببێتە ئێکسپرۆسپیناتی قازیش...

خۆی نوشتاندەوە و لە چاوەڕێی چەپڵە بوو، بەڵام لێ نەدرا. (ڕیچارد دەنگگڕ)ی شێر وتی:

– زۆر گرنگە.. پرۆفیسۆری خۆشەویست...

ئەوجا بۆ پێشگرتن لە باوێشکەکەی، چەمۆڵەی نایە سەر لمۆزەکانی و کەوتەوە قسە:

– .. هەر زۆر گرنگە. بەڵام دەکرێت بەوشەی سادە پێمانی بفەرموویت، دەبێت چی بکەین..؟!

– هەر وەسا.. ئحەم.. خۆی لە خۆیدا دژوارە..

ئەمەی بەقرتە قرتەوە وت. ئەوجا بەنینۆکە تیژەکانی، سەرە ساف و بێ تووکەکەیی خوراند و کەوتەوە قسە:

– من وای بەباش دەزانم.. ئحەم، هەر وا ڕەشۆکییانە، ئحەم.. کە هەروا بەسادەیی لە تەك کەرکەدەندا قسە بکرێت.. کە.. ئحەم.. بەمیهرەبانییەوە بۆی شی بکرێتەوە کە لە ڕاستیدا ئەو چەندە خۆی بەبەدبەخت دەزانێت.. لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئاوایە.. بۆیە ئەوایە..

کەمتیار بەتووڕەیی و ددانە جیڕەوە وتی:

– دەی فەرموون خۆتان تاقی بکەنەوە..!

پرۆفیسۆریش بەئاوازێکی تۆڵە ئەستاندنەوە وەڵامی دایەوە:

– من ژیانم تەنیا بۆ پشکنین تەرخانە.. ئحەم. بۆیە بەکردارکردنی شتەکان، بۆ کەسانی دی جێ دێڵم..

چونکە ئەم پێشنیارەش بەرپەرچدرایەوە، پرۆفیسۆر قورقونکەر، بەنیگەرانییەوە باڵەکانی لێك نا و هەر لە جێگەی خۆی و لەسەر پەلە باریکەکانی وەستایەوە. دەڵەکێك خۆی بۆ قسەکردن ئامادە کرد. کە لە لایەن زۆربەی ئەندامانی خێزانەکەیەوە، بەهەرقلەشەل ناو دەبرا.

– چی دەبێت ئەگەر ئێمە چاڵێکمان وەکو تەڵە و تەپکە بۆ هەڵبکەندایە؟ کە ئیدی کەرکەدەن دەکەوێتە ناوی. ئەوجا هەتا ڕەش هەڵدەگەڕێت و

یانیش خۆی چاك دەكات، دەبێت تێیدا بمێنێتەوە.

شێرەكە همێكی كرد و پرسی:

– دەتانەوێت لە كوێدا چاڵە تەڵەیە هەڵبكەنن؟

هەرقلەشەل بەگرنگییەوە تفی لە پەلەكانی دا و زیقەی لێ هەڵسایەوە:

– بێگومان لەو جێیەی كە جەنابی هەموو ڕۆژێك پیاسەی تێدا دەكات. ئەو كە ئاژەڵێكی یەك خوویییە، هەمیشە هەمان ڕێگە دەگرێتە بەر.

ڕیچارد دەنگگڕی شێر پرسی:

–ئەی چەندەتان پێ دەچێت، هەتا ئەم چاڵەی كەركەدەنی پێدا دەچێت، هەڵدەكەنن؟!

هەرقلەشەل بەكورتی لە مێشكیدا حیساباتەكەی كرد و ئەوجا وەڵامی دایەوە:

–هەر وا دە ڕۆژێك، یانیش زیاتر..

هەمدیسان كەمتیار بەگاڵتەكردن و لاقرتێوە پێكەنی. ئەوجا هاواری كرد:

– ئەوجا لەو كاتانەدا نۆربێرتیش ئاشتیخوازانە، لە پاڵتاندا دەوەستێت و سەیرتان دەكات؟! ئەو بەر شۆقتان دەدات و تەختی زەویتان دەكات. هەر وەهایش دەكات. ئەو هێندە گەمژە نییە بكەوێتە چاڵە تەڵەكەتانەوە.

ڕیچارد دەنگگڕی شێر، پێكەنینێكی گرژی كرد و بەپەلێكی ئاماژەیەكی كرد. كە ئیدی هەرقلەشەل، بێدەنگ خۆی كێشایەوە. زۆر پێشنیاری تر لە لایەن ئاژەڵەكانەوە كران. بەڵام بەلێكۆڵینەوەی تەواویان وەهای دەردەخست، كە لە ڕاستیدا هیچیان بۆ بەكرداركردن نەدەبوون. هەر بۆیەش بێدەنگییەكی بێ دەسەڵاتانە، باڵی بەسەر كۆبوونەوەكەدا كێشا. وا (دۆلۆریس)ی ئاسكی هەمیشە وریا هاتە پێشەوە. بەچاوە فرمێسك تێدا

قەتیس ماوەکانییەوە، ڕوانییە ئەم و ئەو و وتی:

– کەواتە هەر یەك چارەمان بۆ دەمێنێتەوە. هەر کەسە و حەوت شتی خۆی هەڵدەگرێت و دەگەڕێین بۆ جێیەکی تووڕە بوو. سەرنجێکی وا گرژ و سووتێنەری دایە (دۆلۆریس)، کە ئەویش هەستی بەبێ هێزی خۆی کرد. ئەوجا وتی:

– نەفرەت بێت.. شتی وەها نابێت..!

تازە قسەکەی تەواو کردبوو کە لە دوورەوە گرمە گرم بیسترا. هەردەمیش مشەمش و پرمەپرم و زرمە کوتەکەی نێزیکتر دەبووەوە. هەر دەتوت ئەرز هەژەیەك، کۆبوونەوەکەی گرتەوە. ئیدی نۆربێرتە مل ئەستوور دەرکەوت کە بەقینەوە بۆڵاندی:

– هەی دەستەی ڕێگران و لە پاشەملە دەستەوەشێن. ئەوا بەسەرتاندا هاتم. ئای، ئێوە تا چ ڕادەیەك من بەگەمژە دەزانن؟! لەو باوەڕەدان کە هەستی پێ ناکەم، وا ئێوە لە پشتی سەرمەوە دژی من هێرش ڕێك دەخەن؟! بەڵام دەبێت زووتر بڵاوەی لێ بکەن. ئێستاکە دەبێت بۆ هەمیشە پیشانتان بدەم، کە من دەرکردن چ مانایەکی هەیە...

سوپاس بۆ خودا کە نۆربێرت، کارێکی وەهای بەئەنجام نەگەیاند. چونکە هەرکە گەڕایەوە دۆڵەکە، تەنیا یەك ئاژەڵیشی لێ نەبوو. تەنانەت شێر و فیلەکانیش بەخێرایی ئەو ناوەیان کۆکردبووەوە و گواستبوویانەوە. ئیدی کەرکەدەنیش دەبوایە بەوەندە ڕازی بێت و واز بێنێت، کە هەندێك دار خورما وەکو دەنکە شقارتە بەسەر یەکدا بشکێنێتەوە و تووڕەیییەکەی ئارام بکاتەوە.

ئیددی بەکەیفسازی و لە مانگەشەوەکەدا، ڕێی بەرەو ماڵەوەی گرتە بەر. بەدەم ڕێگەشەوە و ڕوو لە هەر لایەکی زۆنگاوەکە دەی بۆڵاند:

– وەی بەحاڵی ئەوەی کە جارێکی دی، لەم ناوەدا خۆی دەربخاتەوە.

سەبرم تەواو بوو. ئیدی بیگرم دەیکەمە قیمە.. ئیتر هەر کەسێك بێت.. ئێوەی نابوێر و ڕێگرانی پاشەملە...

ئەوانەی کە گوێیان لەو وشە و هەڕەشانەوە بوو، بەپێویستیان نەدەزانی زۆر لە ماناکانی بکۆڵنەوە. چونکە شکیان لەوەی نەبوو کە کەرکەدەن، هەڕەشەکانی بەکردار دەکات. هەموو شتێکیشی لێ چاوەڕێ دەکرا تەنیا لێبووردن و ڕێك کەوتن نەبێت. زۆر لە ئاژەڵەکان، بەتایبەتی ئاسك و کەم تواناکان، بیریان لێ کردەوە کە دیارە (دۆلۆرین)ی ئاسك ڕاستی دەکرد. هەر هەمان شەویش لە تەك خێزانەکەیاندا، بۆ جێیەکی دی کۆچیان کرد. هەتا لە هەڕەشەکانی نۆربێرتە مل ئەستوور بەدوور بن. ئەمەش وەها بڵاو بووەوە کە ئاژەڵەکانی تریش چوونە لایان. ئیدی هەتا زۆرتر ئاژەڵ دەڕۆیشتن، ترسی ئەوانەی کە مابوونەوە زیادەتر دەبوو. پاشانیش (ڕێچارد دەنگگڕ)ی شێریش دەریبڕی کە ئەو ناتوانێت بەتەنیا دژایەتی کەرکەدەن بکات. بۆیە ئەویش لە تەك هاوسەر و سێ بەچکەکەیدا، ملی ڕێگەی کۆچی گرتە بەر. وا ئیدی بەدرێژ و پانی، کەسێك نەمایەوە لە نۆربێرتە مل ئەستوور زیاتر. نەء، کەسێکی تریش مابووەوە، ئەوەی کە دەکرا بەسەلامەت دەربچێت. ئەویش لەبەرئەوەی، یەکەم: زۆر بچکۆلە بوو. هێندە بچکۆلە بوو کە حیسابی بۆ نەدەکرا. دووەم: ئەو پیشەیەکی وەهای هەبوو کە سوودبەخش بوو. ئەگەرچی ئەوانی دیش کارەکەیان بەباش بەڵام بەقیزەوەنیش دەزانی. ئەویش (کارلۆکەی نینۆك قوڵفاوی) بوو. ئەو باڵندەیەکی بچکۆلە، دەم شڕ و دەنووکێکی سووری هەبوو. بەوەی دەژیا کە بەسەر پشتی کەڵەگا و ئەسپی نیللی و فیلەکاندا دەسووڕایەوە. ئەو وردە مێش و مەگەزانەی بە دەنووك هەڵدەگرتەوە کە بەسەر پشتیانەوە لکابوون. ئیدی ئەو لەوێکانەدا مایەوە و ترسیشی لە نۆربێرتە مل ئەستوور نەبوو. چونکە ئەویش هێندە بچکۆڵە بوو کە بۆ گرتن بەدەستەوە نەدەهات، هەتا کەرکەدەن بیەوێت زەفەری پێ بەرێت. لەوەش تووڕە بوو کە نۆربێرت، ئەو

هەموو مشتەرییەی بەدوورخستنەوەدا. بۆیە بیری لە نەخشەیەك كردەوە كە بەچ جۆرێك كەركەدەن لە كۆڵی خۆی بكاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش بۆ كن ئەو هەڵفڕی و لەسەر قۆچە گەورەكەی سەری لووتی هەڵنیشتەوە. دەندووكی تێ ژەنی و وتی:

– نا.. مرۆڤ بەسەركەوتوویی هەست بەچی دەكات؟!

نۆربێرت بەتووڕەیی خێسەیەكی لێ كرد و بۆڵاندی:

– لاچۆ لەوێدا.. من شایانی ڕێز لێ گرتنم. دەی لە بەرچاوانم بزر بە.. بەڵام بەخێرایی..

كارلۆكەیش وتی:

– دەی بڵێ.. بڵێ.. ئیدی وا بوویتە تەنیا دەسەڵاتداری بێ سنوور.. نۆربێرتۆلكە. بەڕاستی سەركەوتنێكی ڕاستەقینە و گەورەت بەدەست هانی. بەڵام ئایا هەست بەكەموكورتییەك ناكەیت..؟!

نۆربێرت بۆڵاندی:

– ئەوەی من بیزانم نییە..!

– بەڵێ.. لە شتێكت كەمە. ئەو شتەی كە هەر سەركەوتوو و دەسەڵاتدارێك دەبێت هەیبێت. پەیكەرێك...

– چییەك..؟!

كارلۆكە وتی:

– دەزانیت كە ئەگەر سەركەوتوو، یان دەسەڵاتدارێك پەیكەری نەبێت، ئەوە سەركەوتوو و یانیش دەسەڵاتدارێكی تەواو نییە..؟! هەر بۆیە كە لە هەموو جێیەكی دنیادا، بۆ كەسێكی بەنرخ، كە تۆش یەكێكیت لەوان، پەیكەر دروست دەكرێت. بۆیە پێویستە جەنابیشت بیكەیت.

نۆربێرت بەگەمژەییەوە و وەكو چۆن هەمیشە دەكەوێتە بیرەوە، لەبەر خۆی هەڵڕوانی. كە بێ شك ئەم باڵندەیە ڕاست دەكات. ئەو، نۆربێرتە مل

ئەستوور، سەرکەوتوو و دەسەڵاتدار بوو. بێجگە لەوانەش کەسایەتییەکی ناودارە. بۆیە دەیخواست پەیکەرێکی هەبێت. پاش ماوەیەك پرسی:

– مرۆڤ شتێکی وەهای لە کوێ بوو؟!

کارلۆکەیش فووی کردە خۆی و وتی:

– لەم حاڵەتەی تۆدا دژوارە. چونکە بەداخەوە کەسێك نەماوە هەتا پەیکەرێکت بۆ دروست بکات. بۆیە دەبێت خۆت بیکەیت.

– کەواتە چۆن چۆنی..؟!

– یەکەم؛ بۆ ئەوەی بببینرێت کە ئەمە چ پەیکەرێکە، پێویستە لە خۆت بچێت. پاشانیش، ئایا دەتوانیت خۆت لە بەرد دابتاشیت..؟!

– نەخێر، ناتوانم..

– کەواتە بەداخەوەم، کە ناکرێت پەیکەرت هەبێت..

بەڵام نۆربێرت بەتووڕەیییەوە مڕاندی:

– بەڵام دەمەوێت کە دانەیەکم هەبێت.. بیرێکی لێ بکەرەوە..

– کارلۆکەیش وا خۆی پیشان دا کە گوایە لە بیرکردنەوەدایە. بەسەر و گوێلاك و پشتی نۆربێرتدا، لە هاتوچۆدا بوو. تا لە ئاکامدا وتی:

– کەواتە چارەسەرێکی ئەگەری هەیە، بەڵام لەوەی دەترسێم کە بۆ جەنابتان دژوار بێت.

نۆربێرت بەبێ حەوسەڵەیییەوە پڕماندی:

– هیچ شتێك بۆ من دژوار نییە.. دەی بڵێ..

– تۆ دەبێت، خۆت ببیتە پەیکەری خۆت..

نۆربێرت "ئەها"یەکی کرد و خێراش سەرنجی لە بەردەمی خۆیدا گرت. پێویستی بەماوەیەك بوو، هەتا لە پێشنیارەکەی کارلۆکە تێ بگات. لە ئاکامیشدا بەدڵی بوو. زەوقی هاتەوە بەر و وتی:

– کەواتە من دەبێت چی بکەم؟!

– تۆ دەبێت سەربکەویتە بان تەختە بەردێك، هەتا لە دوورەوە ببینرێیت. دەشبێت وەها بەئارامی بوەستیت کە گوایە لە پۆڵا دروست کراویت. تێ دەگەیت..؟!

نۆربێرت وتی: ″ئاشکرایە..″ و ئیدی کەوتە ڕێ. هەر لەو نێزیکانە تاشە بەردێك هەبوو. نۆربێرت پێیدا هەڵگەڕا و قیافەی گرت. کارلۆکەیش لە هەموو لاکانەوە سەرنجی دەدا و هاواری دەکرد:

– قاچی چەپت برێك بەرزتر بکەرەوە. ئاوەها.. زۆر باشە.. دەی نهاکەش سەرت کەمێك بڵندتر بکەرەوە. چونکە تۆ دەبێت سەرکەوتوو و بەشانازییەوە، لە دوور بڕوانیت...

نۆربێرت بڵماندی:

– بەڵام من دوور کوێرم..! (لە دەرەوە هیچ نابینم!)

– تۆ هەر وا لە ئاسۆ بڕوانە. جیا لەوەش مەسەلەیەك نییە، چونکە خۆ ناکرێت پەیکەرێك ببینێت بەڵکو ببینرێت.. ئاوەها هەر زۆر چاکە. زۆر گرنگ و سەرنجڕاکێش دیاریت. دەی بوەستە و ئیتر مەبزوێ!

بەرەو نۆربێرت هەڵفڕییەوە. بەسەر قۆچە گەورەکەیەوە هەڵنیشتەوە و وتی:

– ئێستاکە ئەو شتانەت هەمووی هەن کە دەسەڵاتدارێك دەبێت هەیبن. تەنانەت پەیکەرێکی ڕاستەقینەش! بەڵام چ پەیکەرێك؟ کە هەموو کەسێك ئیرەییت پێ دەبەن. هەموو توخمێکی بۆ ئێرە هاتوو، بەسەرسوورمانەوە لێت دەڕوانن و بەترس و چپەوە ناوت دێنن. کە نۆربێرتە مل ئەستوور، شتێکی ناسروشتییە. ئەوساش چ خۆت بڕووخێنرێیت یاخود پەیکەرەکەت.. ئەوە هەمان شتە..!

کەرکەدەن کە ئیدی نەدەبوا ببزوێت، چاوەکانی بەرەو کارلۆکە گێڕا و

بێ ئەوەی لێوەکانی ببزوێنێت، لە ژێر لێوەوە وتی:

– ئەمە یانی چی ..؟

کارلۆکەیش بەزەوقەوە جیکاندی:

– ئێ وەهایە.. ئەگەری ئەوەش هەیە کە دەسەڵاتدار بڕووخێنرێت. بۆ نموونە بەهۆی شۆڕشێکەوە. ئەوسای کە دەسەڵاتدارێك ڕووخێنرا، بێ شك پەیکەرەکەشی دەڕووخێنرێت. بەڵام ئەوەشی پەیکەری دەسەڵاتدارێك بڕووخێنێت کە هێشتا کە خۆی نەڕووخێنراوە، ئەوا سروشتییە کە بکەرەکە دەخرێتە بەندیخانە و یانیش لە سێدارە دەدرێت. یاخود هەر خێرا هەڵدێت...

– ئا توخوا ڕاوەستە. چۆن چۆنی...؟!!

کارلۆکەیش هەروا بەسانایی وتی:

– ئاخ.. هیچ خەمیشی لێ مەخۆ.. قەڵەویلکە. کێ دەیەوێت تۆ و یانیش پەیکەرەکەت بڕووخێنێت... کە هەردووکیشیان هەر یەکن . مەگەر تەنیا خۆت خۆت بڕووخێنیت..!

نۆربێرت بەدڕدۆنگییەوە پرسی:

- بۆ ..؟ بۆچی مەگەر خۆم..؟!

– بۆ نموونە، ئەگەر تۆ لێرەکانە بێیتە خوارەوە، ئەوا پەیکەرەکەت ڕووخاند. ئیدی یان دەسەڵاتدار دەبیت یانیش نا. ئەگەر تۆش هەروەك دەسەڵاتدارێك خۆتت ڕووخاند، ئەوا دەبێت کە خۆت لە سێدارە بدەیت. چونکە لە کودەتادا ئەمە ئاساییە. تۆ ئەگەر تەنیا پەیکەرەکەشت ڕووخاند، ئەوا هەر دەبێت خۆت لە سێدارە بدەیت. چونکە تۆ خۆت دەسەڵاتدارەکەیت. یاخود بەر لەوەی کە خۆت دەستگیر بکەیت، دەبێت هەڵبێیت. خۆ ئەمەش هەر تەواو ڕوونە .. وا نییە ..؟!

نۆربێرت بۆڵاندی:

– نەفرەت بێت. ئاوها بەدژوارم دەزانی..

– ئێ هەر وەسایە. هەر بۆیەش کەسایەتییە گرنگەکان پەیکەریان بۆ دەکرێت. بەڵام خۆ تۆ کاتت هەر زۆر زۆرە هەتا لە سەررا و بەوردی، بیر لە هەموو شتێك بکەیتەوە. بێ وەی بژیت قەڵەویلکە.. ئیدی منیش وڵاتێکی تر بۆ خۆم دەدۆزمەوە. ئەو جێیەی کە شایەد دەتوانم پیشەکەم لە تەك مشتەری زۆردا بەکار بێنم. چونکە بەداخەوە، بەتەنیا تۆ تێر نابم..

ئیدی باڵندەکە فڕی و جیکە جیکەکەی، هەروەك پێکەنینێکی گاڵتەجاڕی، ئەو دەڤەرەی پڕ کردەوە. وا ئیدی نۆربێرتە مل ئەستوور، هەر وەك پەیکەرێکی خۆی ڕەپ ڕاوەستاوە و ناوێرێت ببزوێت. ئێوارە سوورەکان، مانگەشەوەکان، زەردەپەڕەکانی بەیانیان و نیوەڕۆ گەرمەکان تێپەڕین. کەچی هێشتاکەش نۆربێرتە مل ئەستوور، هەر وەکو لە پۆڵا داڕێژرابێت وەستابوو. ئەگەرچی دوور کوێریش بوو بەڵام بەشانازییەوە لە ئاسۆی دواڕۆژی هەڵدەڕوانی. زۆر بەوەی کەیفساز بوو کە پەیکەرێکی هەبوو. هەر بۆیەش گەلێك ڕۆژ و شەوان و بەو جۆرەی کە وەستا بوو، لەبەر خۆیەوە ورتەی دەهات.

چونکە کەسێك لەوێکانەدا نەبوو، تا بەسەر سوورمانەوە لێی هەڵبڕوانێت، بۆیە دەیویست کە خۆی بڕوانێتە خۆی. بێ شك ئاشکرایە کە جێی سەرنجە. ئیدی هێدی هێدیش مەیلی خواردنی دەکرایەوە. مەیلێکی زۆریش .. تەنانەت مەیلێکی تەحەمول نەکراو. بۆیە بیری کردەوە:

" چی دەبێت ئەگەر بەخێرایی دابەزمە خوارەوە و قەپێك گیا بخۆم..؟ خۆ کەسێك نامبینێت.." نەخێر. هەر لەو ساتەشدا لە خۆی هەڵسڵەمییەوە. چونکە ئەو مانایەی دەبەخشی کە ئەو پەیکەرەکەی خۆی دەڕووخێنێت. یان لەوەش خراپتر، ئەو خۆی وەکو دەسەڵاتدارێك دەڕووخێنێت. ئەی چۆن چۆنی بوو..؟ کەوتەوە بیرەوە. خۆرنشینە سوورەکان، مانگەشەوەکان،

گزنگەکانی بەرەبەیان و نیوەڕۆ گەرمەکان، هاتن و تێپەڕین، بەڵام ئەو هێشتا ڕاوەستابوو و بیری خۆی شەن و کەو دەکرد. ئەگەر بڕۆیشتایەتە خوارەوە، ئەوا خۆی دەڕووخاند. جا چاوا و چ بەجۆرێکی دی. ئەگەریش پەیکەرەکەی خۆی بڕووخاندایە، ئەوسا دەبێت وەك دەسەڵاتدارێك، خۆی بـگـرێت و لـە سێدارە بـدات. یـان دەبـوایـە، بـێ ئـەوەی کـە خـۆی وەك دەسەڵاتدارێك پێی بزانیبایە.. لە دەست خۆی هەڵبهاتبایە. بەڵام ئەمەش نـەدەبـوو. چـونکـە ئـەگـەر خـۆی وەکو دەسەڵاتـدارێك بـڕووخـانـدبـایـە، ئـەوا دەبێت وەکو گێرەشێوێنێك، خۆی لە دەست خۆی هەڵبهاتبایە. دەنا دەبێت خۆی بگرێت و پاشان لە سێدارەی بدات. بەڵام ئایا دەیتووانەکە بێ ئەوەی خۆی هەستی پێ بکات، هەڵبێت..؟ ئەویش نەدەبوو. بۆیە بێ ئەوەی کە خۆی ببزوێنێت، دەبایە بمایەتەوە. دەنا بەهەر بارێکدا بێت، بەدبەختییەك ڕوو دەدات. بـەڵام لـەبـەرئـەوەی کـە بـەرگرتـن لـە خـەمـی مـەیـلـی خـواردن، نەگەیشتە ئاکامێك، کەوتە دوودڵی لە خۆی. چونکە لە ئەنجامدا دەبووە ترسناکترین دوژمنی خۆی. ئەی بۆچ هەتا ئێستاکە ئەوە نازانێت؟! بۆیە بڕیاری دا کە بەشێوەیەکی توندوتۆڵ، خۆی بخاتە ژێر چاودێرییەوە و ئەگەر بۆ چرکەیەکیش بووە، لە خۆی غافڵ نەبێت. تەنانەت لە خەویشدا. ها.. دەیویست لە دەستی خۆی ڕزگاری بێت..؟! مرۆڤ دەیتوانی ئەوەش بڵێت کە نۆربێرتە مل ئەستوور لە هەندێك خوودا جێی پێڕازیبوون بوو. بەڵام تەنیا لە چارەسەری هاوبەشدا نەء. بۆیەش نەیدەتوانی کە بەر لە چـاودێریکردنـەکـەی خۆی بگرێت. ئیدی بـەدرێژی کـاتیش، لـەڕ و لـەڕتر دەبوو. هەتا وای لێ هات کە هێدی هێدی لە پێستە زۆر ئەستوورەکەیدا و بەئەشکەنجەوە پووکایەوە. تاریکە شەوێك هەورەکان لە ئاسماندا یەکیان گـرت و چـاوەڕێی هـەورە بـرووسکـە و لـێزمـە بـاران دەکرا. نۆربـێرتـە مل ئەستووریش، وەها لەڕ و بچکۆلە و ماندوو و بێ هێز بوو، کە ئیدی خۆی بۆ ڕاگیر نەدەکرا. بۆیە بازێکی دایە خوارەوە. جا چونکە ئەو بەپێست وەکو

بەرازۆلکەیەك، نەرم و شل و ڕووتەڵە بوو، بۆیە کەوتنە خوارەوەکەش ئازاری پێ گەیاند. بەڵام هێشتاش بەویش هەر خۆشحاڵ بوو. چونکە خۆ پەیکەرەکەی نەڕووخاوە و بەڵام دەشتوانێت بخوات. لەبەر خۆوە وتی:

" بەڵام بەداخەوە کە زۆر تاریکە. دەنا دەمتوانی خۆم بەو بەرزاییەوە ببینم کە چۆنم..."

لەو کاتەدا هەورە برووسکەیەك چەخماخەی دا و بۆ چاوتروکاندنێك، ئەو ناوەی ڕووناك کردەوە. نۆربێرت بەسەر تاشە بەردەکەی سەرووییەوە شتێکی بەدی دەکرد، کە هەرگیز نەیدیبوو. بەداخەوە کە لە پێ دەشتەکانی ئەفریقادا ئاوێنە نییە.. بۆیە ئەو لەم ساتەدا توانی، خراپترین دوژمنی خۆی ببینێت، هەر بۆیەش هاواری لە فریادڕەسێك کرد. لە ترساندا لە یادیشی چووەوە کە برسی و ماندووە. بۆیە هەتا پەلە بەهێزەکانی توانای هەڵگرتنی ئەویان هەبوو، تێی تەقاند و هەڕای کرد، هەر بەو ڕووتییەوە، بەناو پێدەشت و دارستانەکاندا غاری دا. هەروەکو ئاژەڵەکانی دی، ئەویش لە ڕاکردن نەدەکەوت. ئەویش دەیخواست بۆ جێیەك بچێت، هەتا دوور لە خۆی، لە ئامان و ئەمینیدا بژی. ئەی باشە، کێ دەزانێت.. چی لێ هات؟! مەگەر ئەوەی هەیە هەتا نهاکەش، هەر بەناو دارستانەکاندا هەڕا دەکات. یانیش پێ دەچێت لەو بەینەدا، ئەو وڵاتەی دۆزیبێتەوە کە لە دووی دەگەڕا. هەتا ژیانێکی نوێ دەست پێ بکاتەوە. ژیانێکی نوێی بێ پێستەکەی. ئەوەی ئەگەر جارێك بەکەرکەدەنێکی ڕووت گەیشت، دەتوانێت پرسیاری لێ بکات. ئەوەیش بگوترێت، کە بەپێی زەمانە، ئاژەڵەکانی دی گەڕانەوە جێگەکەی خۆیان. ئەگەرچی زانیشیان کە پەیکەرەکە تەنیا قەپاغێکی بەتاڵە بەڵام نەشیانڕووخاند. بەڵکو بۆ پەند و ئامۆژگاری وەرگرتنی ئاژەڵەکانی تر، هەر وا هێشتیانەوە.

## سەرچاوەکان


١- ئەفریقییەك لە كۆڵن (خۆ ئامادەكردن بۆ زەماوەند ـ Vorberitungen١٩٧٥ zur Hochzeit)

٢- خەمی موللەری كارمەند.

٣- نوح.

٤- تاسە بەڕەش سەفەر دەكا.

٥- لە نێوان خەون و شتراسەنباندا.

٦- پێست ئەستوور- هەر پێنجیان یان لە (تاسە بەڕەش سەفەر دەكات، ساڵی ١٩٨٨ (DieSehnsucht fahrt schwarz. 1988 )

دەستگای پەڕتووكی بەرباخەڵ

٧- نەء، سپاس.

٨- عەلی شتێرن.

٩- ڕوخساری ونبوو.

١٠- نامۆیەك لە نامۆییدا.

١١- ئۆردوگای ڤێلنا ـ هەر پێنجیان لە: (ژیان لە دوو زماندا ساڵی ١٩٨٨ (In zwei Sprachen leben)

١٢- ئەگەر شەو چاوەكانی تۆی هەبوایە (پاشكۆی وێژەیی ڕۆژنامەی (فرانكفۆرتە ئەلگماین. ژمارە ٢٧٤، ٢٠٠٥، ١١، ٢٥)

١٣- قوونە قوونكەر:(گەورە چیرۆكنووسانی سەدەی بیستەم. ساڵی ١٩٩١، هامبۆرك -ئەڵمانیا).

١٤- پشیلە: (ئەنتۆلۆگی؛ جوانترین چیرۆكەكانی ئەڵمانی سەدەی بیستەم، ١٩٥٦، دەستگای كیپنهاوەر ـ ویچ).

١٥- زبڵ ئەفەندی: (زبڵ ئەفەندی)، عوسمان ئەنگین ساڵی ١٩٩٢.

١٦- كەركەدەنی ڕووت (بەداخەوە سەرچاوەكە بزرە!).

# ناوەڕۆك

ئەفریقییەك لە كۆڵن ...........................................................
خەمی موللەری كارمەند ...........................................................
نوح ...........................................................
تاسە بەڕەش سەفەر دەكا ...........................................................
لە نێوان خەون و شتراسەنباندا ...........................................................
پێست ئەستوور ...........................................................
نەء، سپاس ...........................................................
عەلی شتێرن ...........................................................
ڕوخساری ونبوو ...........................................................
نامۆیەك لە نامۆییدا ...........................................................
ئۆردوگای ڤێلنا ...........................................................
ئەگەر شەو چاوەكانی تۆی هەبوایە ...........................................................
قوونە قوونكەر ...........................................................
پشیلە ...........................................................
زبڵ ئەفەندی ...........................................................
كەركەدەنی ڕووت ...........................................................